

# مستەفا بارزانی
# ویژدان و دادپەروەری

سەڵاح بەدرەدین:

**لە ساڵی ١٩٧٢ یاسر عەرەفات پێی گوتم مستەفا بارزانی ڕابەرێکی گەورەیە بەڵام نزیك و دوور ستەمی لێ دەکەن**

# گوڵان

اڵی بیست و نۆیەم (١٣٥٧)- (١٣)ی ئاداری ٢٠٢٣




# بەستنی کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لە دایکبوونی بارزانی

٥٨

ژمارەیەکی زۆری ڕۆشنبیر و نووسەران پێشنیاریان کرد کە ساڵی ١٩٩٣ و لە یادی نەوەد ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیدا کۆنگرەیەکی زانستی و ئەکادیمی لەسەر ژیان و خەبات و تێکۆشانی بارزانی ببەسترێت. پێشنیارێکی باش و لەجێی خۆیدا بوو. کۆنگرەکە لە ماوەی ١٤ هەتا ١٧ی ئەیلوولی ١٩٩٣دا لە سەڵاحەدین (هاوینەهەواری پیرمام) بەسترا. لە کۆنگرەکەدا ژمارەیەکی زۆر توێژینەوە لەسەر خەبات و ژیان و تێکۆشانی بارزانی پێشکەش کران و گفتوگۆیەکی ورد و زانستی لەسەر بابەتەکان کرا.

ساڵی ١٩٩٧ بابەت و توێژینەوەکانی کۆنگرە لە کتێبێکی کامڵدا بە سەرپەرشتیی مومتاز حەیدەری و نەژاد عەزیز سورمێ چاپ و بڵاوکرایەوە. بە پێویستی دەزانم لێرەدا بە سوپاس و ڕێزەوە ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی لێژنەی سەرپەرشتیی کۆنگرە بکەم کە لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو: (عەزیز محەمەد، موحسین دزەیی، فەلەکەدین کاکەیی، مومتاز حەیدەری، حەمە کەریم هەورامی، مەجید ئاسنگەر، مامۆستا عوسمان، دکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ، دکتۆر خەلیل ئیسماعیل، ڕەمزی شەعبان).

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی کۆڕۆمانی (بووژانەوەی ژیلەمۆ) لە نووسینی ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس (سەلام عەبدوڵڵا) بە بەرگێکی قەبارە گەورەی (٦٠٥) لاپەڕە، گەیشتە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەران. (بووژانەوەی ژیلەمۆ) بریتییە لە چوار ڕۆمان بە ناوەکانی (هەیئە) و(سێگۆشەی سنوور) و(کاروانی چەك) و (زیندانی گەڤەر) کە باسی زیندانە ترسناك و نهێنییەکانی عێراق و گرتووخانە پۆخڵەکانی نێو تورکیا و ژیانی سەختی پێشمەرگایەتیی سالانی (١٩٧٧-١٩٧٩)ی خودی نووسەر دەکات کە هەر یەکێکیان بەشێکی دانەبڕاوە لەم کۆڕۆمانە.

مامۆستا سەلام عەبدوڵڵا لە هەر یەکێك لەم ڕۆمانانە کە پێشتر چاپکراون و خوێنەران چاویان پێیان ڕۆشن بووەتەوە، ڕۆمانی (هەیئە) لە ساڵی ٢٠٠٣ چاپکراوە کە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی و فارسی، ڕۆمانی (سێگۆشەی سنوور) لە ساڵی ٢٠١٥، ڕۆمانی (زیندانی گەڤەر) لە ساڵی ١٩٩٧ چاپکراوە، هەمان ئەو ڕۆمانە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە.

ڕۆماننووس (سەلام عەبدوڵڵا) توانیویەتی بەو شێوەیە ڕووداوەکان بە دروستی و دوور لە زێدەڕۆیی بخاتە بەردەست خوێنەرانییەوە، ئەو موعاناتی مرۆڤی ستەملێکراوی دەستی بەعس و ئێش و ئازارو ئەشکەنجەی نێو زیندانە تاریك و تاکەکەسییەکان دەخاتە ڕوو، جگە لەمەش نووسەر ئاوڕێکی دروستی لە ژیان و خەباتی پێشمەرگایەتی داوەتەوە، چ لەدەرەوە یان لەناو شار، هەموو ئەو ئەرك و سەختییانەی ڕووبەڕوویان بووەتەوە، شان بەشانی هەڤاڵەکانی دیکەی ڕاستەوخۆ دارِشتووە، بۆیە هەموو بەسەرهات و ڕووداوەکان زنجیرەیەکی لێك دانەبڕاون، خوێنەر کە سەیری یەك بە یەك ڕۆمانەکانی نێو ئەم کتێبە دەکات، هەست بە ڕاستگۆیی و واقیعێکی تاڵ و سەختی ئەو ماوەیەی خەباتی مرۆڤی کورد دەکات لەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاوە.

شێوازی نووسین و گێڕانەوەی قۆناغەکانی ئەو کۆڕۆمانە تۆمارێکی دیکەی ڕووداوەکان پێك دەهێنن، زمانێکی سادەو پاراوی کوردی کە هەموو خوێنەرێك بێ ئاڵۆزی و بێزاری حەز دەکات ئاوێتەی بێت.

دەستخۆشی لە نووسەرو ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس مامۆستا سەلام عەبدوڵڵا دەکەین و بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

# چاپکراوی نوێ




(کەرکوک لەژێر تارمایی ململانێ ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا!) ناونیشانی بەرگی یەکەمی کتێبێکی نووسەر (مستەفا قایتەوەنی)یە، کە بە (٤١٦)لاپەڕەی قەبارە گەورە چاپ کراوە.

ئەم کتێبە ئاماژە بۆ سەردەمی حوکمڕانیی کورد دەکات لە کەرکووك لە ماوەی نێوان سالآنی(٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٧) ئایا لەو سەردەمەدا کورد کە خۆی لەو شارە حوکمڕان و کاربەدەست بووە چی کردووە؟ کتێبەکە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، لەلایەکی دیکەوە خودی ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ دەستەبەرکردنی سەرچاوەیەك بۆ توێژینەوە لەم بوارەدا، جگە لەوەی کە نووسەرەکەی بەشدار و ئاگاداری بەشێك لە ڕووداوەکانی کەرکووك بووە لەم ماوەیەی کە ئاماژەی پێ کراوە، هاوکات لە چەند وێستگەیەکی ئەرکی جیاوازدا وەك ڕۆژنامەنووسێك و کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەماهەنگیکاری نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەردوو پارێزگای کەرکووك و سەڵاحەدین.

نووسەر بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبەکە قسەی لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتی و بەرپرس لە ڕووداوەکاندا لەسەر ئاستی کەرکووك کردووە، لەوانە دیبلۆماتکار و ڕۆژنامەوان و کەسانی ئیداری و حزبی، هەروەها ئاماژە بۆ چیرۆکی ژیانی خۆی و خانەوادەکەی دەکات لە قوربانی و تێکۆشان بۆ وڵات، خستنەڕووی پاشخانێکی خێزانی خزمەت بە کتێبەکە دەکات و بەرچاوڕوونییەك پێشکەش بە خوێنەر دەکات، هاوکات سەرنجی خوێنەر بۆ چەند ڕووداوێکی تراژیدیی ناخهەژێن ڕادەکێشێت، کە بەسەر خەڵکی قەیتەوەن و گوندە ئەنفالکراوەکانی گەرمیاندا هاتووە.

لە دەروازەکانی دواتری ئەم کتێبەدا خوێنەر زیاتر ئاشنای ڕووداوە سیاسی و ئەمنییەکان دەبێت، دیسان لەم بوارەدا باسی ڕۆڵی فەرماندە مەیدانییەکان و کونسوڵ و دیبلۆماتکارانی ئەمریکا و بەریتانیا لە کەرکووك دەکات. دەستخۆشی لە نووسەر مستەفا قایتەوەنی دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە بەهیوای بەرهەمی ئایندە.

# چاپکراوی نوێ




بەرگی پێنجەمی کتێبی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) لە نووسینی نەجمەدین عەزیز سمایل بە بەرگێکی ناوازەو بە (٥١٦) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە، ئەم کتێبە بریتییە لە بیبلۆگرافیایەك کە ناوو ژیاننامەو چالاکییەکانی (٦٩) نووسەرو شاعیرو ڕۆشنبیرو هونەرمەندو ڕۆژنامەنووسی تێدایە، نووسەر زۆر کارامەو لێزانانە توانیویەتی بە شێوەیەکی ئەدەبی و داڕشتنێکی کوردییانە پەی بەم ئەرکە ببات و شان بداتە بەر ئەرکی قورسی نووسین و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە.

نووسەری ئەم کتێبە زۆر بە وردی ئاماژەی بە ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئەم پۆلە ڕۆشنبیرە(بەهەموو پسپۆری و کەسایەتییەکانەوە) کردووە، ئەو لە هەندەرانەوە ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە و بە سوود وەرگرتن لە خودی کەسایەتییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری و وێنەو ئەرشیفەکان، یانیش پشتبەستن بە کوردیپیدیا و پەیجی خۆیان ئەم بەرهەمەی پێشکەش بە خوێنەران کردووە.

نەجمەدین عەزیز سمایل سالأنێکە تێکەڵ بە بواری ئەدەب و نووسین و کاری میدیایی بووە، دەکرێ بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە ببنە سەرچاوەیەکی زانستی و ئەدەبی بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ ئەوەی بە ژیاننامەو بەرهەمەکانی ئەو پۆلە ڕۆشنبیرە ئاشنا بن.

ئەم جارە نووسەری کتێبەکە (نەجمەدین عەزیز سمایل) کە خۆی لە هەندەرانەوە هاتبووەوە، لە ڕێوڕەسمی ناساندن و دابەشکردنی کتێبەکە ئامادەبوو کە لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو (یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر)بەڕێوە چوو، باسی لە بیرۆکە و قۆناغەکانی ئەو زنجیرە بەرگانەی کتێبەکە کرد و ئاماژەی بەوەش کرد کە بەرگی شەشەمی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان) ئامادەکاریی بۆ دەکرێت و لە ئاییندەیەکی نزیکدا ڕەوانەی چاپ دەکرێت و دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران کە ژمارەیەکی زۆری دیکەی ڕۆشنبیران لەخۆ دەگرێت.

پێشەکی ئەم کتێبە لەلایەن نووسەرو ڕۆژنامەنووسی دێرین (مومتاز حەیدەری) یەوە نووسراوە و هاوکارمان (بەهادین جەلال مستەفا) ئەرکی هەڵەچن و پێداچوونەوەی زمان و (عوسمان پیرداود)یش کاری دیزاینی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرتووە و لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر چاپکراوە، لە چاوەڕوانی بەشی شەشەمداین.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**سالح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**


**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

## مەلا ئیسلام ئیبراهیم :



**مەلا مستەفا بارزانی زۆر عادیل و نیشتمانپەروەر بوو، بۆیە زانا و مەلا و مامۆستایانی ئایینی لە دەوری بوون و گوێڕایەڵی بوون**

## دکتۆر محەمەد شەریف :



**ئیسلامی سیاسی لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا سیاسەتی تێکەڵ بە ئایین کردووە و زیانی بە پیرۆزییەکانی گەیاندووە**

## مەیسەر ئەهێلی :




**سەرۆک بارزانی لەسەر رێبازی بارزانیی باوک گرنگییەکی زۆر بە لاوان دەدات**

## هۆژدار مستەفا :



**پێشنیارەکەی بانکی فیدراڵیی ئەمریکا بۆ دامەزراندنی سەکۆی ئەلەکترۆنی و مامەڵەکردن بە سیستمی سویفت چارەسەرە بۆ جێگیریی بەهای دینار**

**زیا شابا :**



**حکومەتی هەرێم کاری بەرچاوی بۆ برەودان بە پێکەوەژیان کردووە**

تاڤگە عومەر ڕەشید :

**پێویستە پاڵپشتییەکی یاسایی بەهێز بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزی هەبێت**



ئالین:

**لەڕۆژی لەدایکبوونیدا سرودی (بارزانی مێری مێرخاس) بڵاو دەکەمەوە**



**هۆکاری هەستکردنی بە گەرمبوونی پێیەکان**



**هواوی کاتژمێرێکی زیرەکی نوێ بەرهەم دێنێ**



ساڤیا محەمەد :

**لەگەڵ یانە تازەکەم ئاسوودەم و چاوەڕێی ئەنجامی باشیان لێ دەکرێت**





# له یادی لەدایکبوونی مستەفا بارزانی ڕابەری نەتەوە

(١٩٠٣/٣/١٤) - (١٩٧٩/٣/١)

# مەلا مستەفا بارزانی رابەرێکی گەورە بوو، ستەمیان لێ کرد
## یاسر عەرەفات



سەلاح بەدرەدین
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

سەرەتا دەبێت کە گەواهیدانی سەرۆکی کۆچکردوو یاسر عەرەفات بەرانبەر بە مستەفا بارزانی ڕوون بکرێتەوە، کە من لە ساڵی ١٩٧٢ دوای ئەوەی یەکەم جار بوو پێی ئاشنا بووم لە بەیرووت ئەو قسەیەم لێی بیست، کە ماڵئاواییم لێ کرد ڕایگرتم و گوتی: من دەڵێم: ئایا تۆ بە دیداری مەلا مستەفا بارزانی گەیشتوویت؟ وەڵامم دایەوە بەڵێ، پاشان بەردەوام بوو: ئایا دەکرێت لە کۆبوونەوەکانی داهاتووماندا بە وردی سەرنجەکانت لەبارەی بارزانی بۆم بخەیتە ڕوو؟ بۆیە بە خۆشحاڵییەوە وەڵامم دایەوە. ئەو دیدارانەی من لەگەڵ عەرەفات سێ جار لەسەر یەك دووبارە دەبووەوە و تەوەری سەرەکییش مستەفا بارزانی بوو، لە دوایین کۆبوونەوەشدا لەسەر بابەتەکەمان، هەستم کرد قەناعەتی بە هەموو ئەو شتانە هەیە کە من بۆم باس دەکرد، دواتر نامەیەکی (کوردێکی ناسراوی عێراقی)ی پیشان دام، کە تیایدا بە توندی هێرشی کردبووە سەر کەسایەتیی بارزانی، بە دڵسۆزی بۆ زایۆنیزم و ئیسرائیل و دوژمنایەتیکردنی عەرەب تۆمەتباری کردبوو، ڕووی لە من کرد و وتی: «ئەگەر من لە جێگە و پێگەی ئەو بوومایە و لە بەردەم ئەو ستەمەی کە گەلەکەم بە دەست ڕژێم و فەرمانڕەواکانی ناوچەکە دەناڵێنێت، یەکسەر پەنام بۆ ئیسرائیل دەبرد، ئەو پیاوێکی گەورە بوو، نزیك و دوور ستەمیان لێی کرد».

**مستەفا بارزانی هەر لە منداڵییەوە لە سایەی بنەماڵەیەکدا ژیاوە کە بە کوردایەتیی گۆش کرابوو، لە سایەی شێخ عەبدولسەلام بارزانیدا گەورە بووە**

### ● گەڕانەوە بۆ نیشتمان، قەدەری بەردەوامیی شۆڕش

مستەفا بارزانی هەر لە منداڵییەوە لە سایەی بنەماڵەیەکدا ژیاوە کە بە کوردایەتیی گۆش کرابوو، لە سایەی شێخ عەبدولسەلام بارزانیدا گەورە بووە، کە بە لێهاتوویی توانی نێوان فاکتەرەکانی هاوسەنگی ڕابگرێت، بەو پێیەی بەرپرس بوو لە ئەرکی شێخایەتیی بارزان بەرانبەر بە هاوسەنگیی نێوان کاروباری ئایین و دنیادا، هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو دانیشتووان بە بێ جیاوازی لە نێوان موسڵمان و کریستیان و جوو لە لایەك و، لە نێوان ئەرکە فراوانەکانی بەرانبەر بە گەلەکەی لەلایەکی دیکەوە، هەر وەك ڕۆژهەڵاتناسێك ئەمەی دووپات کردووەتەوە، هەروەها لەگەڵ ئەو قەشە ئینگلیزییەی کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا سەردانی بارزانییان کردووە.

بە ویستێکی ئیقلیمی و سازانێکی نێودەوڵەتی، بە زۆرەملێ لەگەڵ سەدان پێشمەرگە کوردستانی عێراقی بەجێهێشت، بەڵام

**سیمبولیزمی شۆڕشی نیشتمانی- نەتەوەیی- دیموکراسیی ئەیلوول لە دروشمە سەرەکییەکەی (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) پەرییەوە بۆ گوزارشتکردن لە تۆڵەکردنەوە بۆ شکستەکانی ڕابردووی کوردستانی عێراق**

بۆ پشتیوانیکردن لە برایانی خۆی ڕووی لە کوردستانی ئێران کرد و، پشتیوانی لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦کرد، وەك یەکەم دەرکەوتنی سەربەخۆیی بەشێك لە خاکی مێژوویی نیشتمان، کە ئەمەش زۆری نەخایاند، دواجار خۆی و هاوڕێکانی گەیشتنە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو، دوای نزیکەی یازدە ساڵ و هەڵگیرسانی شۆڕشی تەمموز، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٥٩دا، گەڕایەوە نیشتمان و زۆریشی نەخایاند شۆڕشی ئەیلوولی لە ساڵی ١٩٦١ ڕاگەیاند، ئەمەش دوای ئەوەی حوکمڕانان لە پرەنسیپەکانی شۆڕش لایان دا.

**مستەفا بارزانی شێوازێکی نوێی لە خەباتدا لە هەردوو لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانیدا داڕشت لە ڕووی سەرکردایەتیکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی و دیموکراسییانەی خەڵکی کوردستانی عێراق**

گومانی تێدا نییە کە سیمبولیزمی شۆڕشی نیشتمانی- نەتەوەیی- دیموکراسیی ئەیلوول لە دروشمە سەرەکییەکەی (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) پەڕییەوە بۆ گوزارشتکردن لە تۆڵەکردنەوە بۆ شکستەکانی ڕابردووی کوردستانی عێراق، پاکتاوکردنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، وازهێنان و پشتێکردنی یەکێتیی سۆڤیەت، بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پاشان هەوڵێك بۆ دووبارە چەسپاندنی ڕۆحی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگەی کوردستانی عێراقدا کە ماوەیەکی زۆر بوو لە بێبەشی و زەلیلیدا دەژیا.

لە هەمان کاتدا و ناڕاستەوخۆ،شۆڕش زیادکردنی دۆزی شۆڕشگێڕانە بوو بۆ زیندووکردنەوەی هیوای نیشتمانپەروەرانی کورد لە نێو کوردستاندا، هەروەها بۆ دووبارە بەجۆشهێنانەوەی هیممەت دوای چەقبەستنێکی درێژخایەن کە دەیان ساڵی خایاند، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بوونی کورد بە گوێی جیهاندا بدات، ئەو گەلەی کە پەراوێز خرابوو، لەو کاتەوەی ڕۆژئاوای کۆلۆنیالیزم فەرامۆشی کردبوو، لە سایکس پیکۆ و لۆزان و لە هەموو بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هەروەها لە ڕیزبەندیی گەلان و نەتەوەکان لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین پشتگوێیان خستبوو.

**مستەفا بارزانی و ڕێبازەکەی موڵکی هەموو کوردە لەهەر شوێنێك بن، دەتوانن سوود لە ئەزموونی تێکۆشانی ئەو سەرکردەیە وەربگرن**

مستەفا بارزانی شێوازێکی نوێی لە خەباتدا لە هەردوو لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانیدا داڕشت لە ڕووی سەرکردایەتیکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی و دیموکراسییانەی خەڵکی کوردستانی عێراق و، لە پرۆژە سیاسییەکەیدا و لە دواقۆناغی ژیانیدا، هەروەها لە بەرنامەی بەرجەستەکراوی حزبەکەی و هاوکات لە ئامانجەکانی شۆڕشی ئەیلوول کە هەر خۆی سەرکردایەتیی دەکرد، وەك چۆن بنەما و پرەنسیپەکانی بەرجەستە کرد، کە تەنیا لە پیادەکردنیان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانی عێراقدا پیادە نەدەکران، تەنانەت لە ئەزموونی بەشەکانی دیکەشدا گونجاو و بەسوود بوون، هەرچەندە ئەوان پێوەیان پابەند نەبوون، گومانیشی تێدا نییە کە هەندێك لەم پرەنسیپانە دوای تێپەڕبوونی دەیان ساڵ هێشتا کاریگەرن، وەك: پابەندبوون بە خاڵە جێگیرەکانی وەك پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین، لێبووردەیی و خۆڕاگری بەرانبەر ناخۆشییەکان، وەلاوەنانی توندوتیژی و تیرۆر و شەڕی خۆبەخۆیی، پاڵپشتیی ئافرەت و سەرجەم ستەملێکراوان، دادنان بە بەرانبەری جیاواز، پارێزگاریکردن لە پەیوەندیی دۆستایەتی و پێکەوەژیان لەگەڵ عەرەب و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاییەکان، هەروەها گرتنەبەری چارەسەری ئاشتییانەی دیموکراسی بۆ دۆزی کورد، لەپاڵ بڵاونەکردنەوەی دروشمی موزایەدەی سیاسی، یان بەکارهێنانی ناوی خۆی بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی، مستەفا بارزانی و ڕێبازەکەی موڵکی هەموو کوردە لەهەر شوێنێك بن، دەتوانن سوود لە ئەزموونی تێکۆشانی ئەو سەرکردەیە وەربگرن.

## • تایبەتمەندییەکانی ئەزموونی بارزانی

لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا بەتایبەتی، کەسایەتی و سیمبول و سەرکردەی زۆر دەرکەوتن، کە ڕۆڵی کاریگەریان لە نێو بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلانی ناوچەکەدا هەبوو، بەشێکیشیان هاوسەردەم بوون لەگەڵ ئەزموونی خەباتی بارزانیدا. بەڵام زۆربەیان لە واقیعی دەوڵەتە سەربەخۆکانەوە دەستیان پێ کردووە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە یەکگرتوویی گەلاندا و بەدیهێنانی ئەرکەکانی گەشەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، یان سوودیان لە پاڵپشتیی براکانیان وەرگرتووە.

بەڵام بارزانی خەباتی شۆڕشگێڕیی ڕزگاریخوازی لەپێناو ئازادیدا بەرجەستە کرد، هەروەها بۆ پتەوکردنی ژێرخانی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان لە هەموولایەکەوە بە پشتبەخۆبەستن، هەروەها قوربانیدان و نەبوونی هاوپەیمانێکی جێگیری نێودەوڵەتی و مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ لایەنی ئیقلیمیی ناڕاستگۆ و تەنانەت ستەمکار، تەنیا بارزانی لەپێناو گەلەکەی لەخۆبردوو بوو، ڕەزامەندی نە لە سۆڤییەتی ڕۆژهەڵات و نە لە ئەمریکای ڕۆژئاوا وەرگرت، یەکەمیان بە نزیك لە ڕۆژئاوای دادەنا، ئەوەی دووەمیش بە مەلای سوور ناوی دەبرد.

## • تیۆری ڕۆڵی (هەرێم – بنکە) لە ئەزموونی بارزانیدا

وەك پێشتر باسمان کرد، بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانیی تەنیا وەك مەرجەعییەتێکی فیکریی سیاسی بوو، هەروەها ئامانجەکانی شۆڕشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتیی بارزانی وەك بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی گۆڕانکاریی جێبەجێکار بوو لەسەر جوگرافیای کوردستان، پێچەوانەی هەندێ حزبی کوردی لەو سەردەمە و دواتریش، کە بانگەشەی (یەکێتی و ڕزگارکردنی کوردستانی مەزنی مێژوویی) یان دەکرد، دواتر شکستیان هێنا، لەبەر هۆی بابەتی و خودی پاشەکشەیان کرد، ئەمەش گرەوی ڕاستەقینەی کوردی ناوچەکە بوو لە دەرەوەی عێراق، لەسەر سەرکەوتنی ئەزموونی بارزانی کە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی لە یەکەم چرکەوە بۆ دابین کرابوو، هەروەها چاکترین پاڵپشتی لەپێناو داڕشتنی بناغەیەکی پتەو، نموونەیەکی ڕەسەن و دروست بوو، لەگەڵ هاندانێکی بەهێز، وەك دەستپێکێکی بەردەوامبوونی خەباتی کورد لەپێناو ئازادی و مافی چارەی خۆنووسیندا، لەبەر ئەم هۆیە نیشتمانپەروەرانی کورد لە هەموو شوێنێکدا، هەڵوێستێکی دڵسۆزانەی پتەویان بۆ ئەم ئەزموونە سەرکەوتووە دووپات کردەوە، بگرە هەر لەوەتەی شۆڕشی ئەیلوولەوە تا دوای چەسپاندنی فیدراڵی، بەڵام دوژمنانی کورد و مافی چارەی خۆنووسین لە ناوەوە و دەرەوەدا، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان بۆ لێدانی ئەم ئەزموونە گرتووەتە بەر.

**ئامانجەکانی شۆڕشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتیی بارزانی وەک بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی گۆڕانکاریی جێبەجێکار بوو لەسەر جوگرافیای کوردستان**

لەم سۆنگەیەوە لەبیرمە کاتێك یەکەم جار بە دیداری بارزانیی نەمر گەیشتم لە حوزەیرانی ١٩٦٧ لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی عێراق، کاتێك هەندێ پرسیارم کرد لە بارەی مەسەلەی یەکخستنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و دامەزراندنی ناوەندێکی سەرکردایەتی، وەڵامەکەی ڕوون بوو، مستەفا بارزانی گوتی: «ئێمە مەحکوومی ویستی جوگرافیا و واقیعی دابەشکردن و دەوڵەتانی زلهێزین لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، کە پشتگیریی دۆزەکەمان ناکەن، بۆیە هەر بەشێك قەدەر و هەلومەرجی خۆی هەیە، لەسەر کوردیش پێویستە یەکیان خۆش بوێت، یارمەتیی یەکدی بدەن، کاتێك پێویست بوو بەپیر بانگەوازەکەوە هاتین لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئێستاش ئەرکی کوردە لە هەموو شوێنێك یارمەتیی شۆڕشی ئەیلوول بدەن لە کوردستانی عێراق».

ئێستاش لەم قۆناغەدا، کورد لە دەرەوەی عێراق شانازی بە سەرکەوتنی ئەزموونی مستەفا بارزانی دەکەن لە چەسپاندنی بناغەیەکی پتەودا، لەگەڵ هەستکردن بەوەی کە بە زۆرینەی حزبی و مەدەنی و تاکەکەسی، لە پێشکەشکردنی پاڵپشتیی ماددی و مانەوی و مرۆیی و میدیایی و کەلتووری لە ماوەی شەش دەیەی دواییدا بۆ پاراستنی ئەم ئەزموونە بەشداریشیان کردووە، هیواداریشن کە براکانیان لە سایەی فیدراڵی و بنیادنانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی دیموکراسی کە ئێستا هەن، هاوکات توانا و داهاتی خێروبێری سرووشتیی کوردستان، درێغی ناکەن لە پێشکەشکردنی پاڵپشتیی سیاسی لەپێناو بیادنانەوەی بزووتنەوەی کوردی سووریا و یەکخستنی لە ڕێی کۆنگرەی گشتیی کوردی سووریا، دوای ئەوەی لەلایەن ملهوڕیی حزبەکان هەر دوو لای جەمسەرەکە هەرەسی هێناوە، بەتایبەتی گرووپەکانی پەکەکە بە هەموو ناوەکانیانەوە کە لە (برای پاڵپشتەوە) گۆڕان بۆ داردەستی کاولکاری و دابەشکاری.

**مستەفا بارزانی گوتی: «ئێمە مەحکوومی ویستی جوگرافیا و واقیعی دابەشکردن و دەوڵەتانی زلهێزین لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، کە پشتگیریی دۆزەکەمان ناکەن، بۆیە هەر بەشێک قەدەر و هەلومەرجی خۆی هەیە**

# مستەفا بارزانی هێمای بەیەکەوەژیان لە کوردستاندا

مەلا مستەفا بارزانی، ڕابەری زیاتر لە نیو سەدەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، جگە لەوەی لە قۆناغێکی مێژوویی و چارەنووسسازدا، خەباتی دژی داگیرکەرانی کوردستان دەست پێ کرد، هەموو ژیانی خۆی بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان تەرخان کرد، میراتێکی گەورە و پڕ لە شانازی لە هەموو بوارەکاندا بۆجێهێشتین، لەپاڵ خەباتی نیشتمانیدا، مەلا مستەفا بارزانی خەباتێکی مرۆیی و ئاشتیخوازانەشی ئەنجام دا، بێ جیاوازیی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، هەمووانی کۆکردەوە و پارێزگاری لێ دەکردن، لەپێناو یەکتر قبووڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە، بۆ ئاوەدانکردنی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤدۆستانە، کە تێیدا کەرامەتی مرۆڤ پارێزراو بێت.

**ئەزموونی ساڵانی تەمەنی پڕ شانازیی جەنابی بارزانی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە پێکەوەژیانی ئاشتییانە و یەکتر قبووڵکردن و لێبووردەیی لە پرەنسیپە نەگۆڕەکانی کەلتووری ڕێبازی بارزان بووە، بەو پێیەی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەهید (شێخ عەبدولسەلام بارزانی)**

ئەزموونی ساڵانی تەمەنی پڕ شانازیی جەنابی بارزانی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە پێکەوەژیانی ئاشتییانە و یەکتر قبووڵکردن و لێبووردەیی لە پرەنسیپە نەگۆڕەکانی کەلتووری ڕێبازی بارزان بووە، بەو پێیەی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەهید (شێخ عەبدولسەلام بارزانی) کە ڕۆڵی گرنگی هەبووە، لە داکۆکیکردن لە مافی پێکهاتەکان، ئەگەر تەنیا گوندی (بارزان) بە نموونە وەربگرین، ئەم ڕاستییەمان بۆ بە دیار دەکەوێت، کە تاکە شوێن بووە لە کوردستان، شوێنی خواپەرستی و باوەڕدارانی چەندین ئایین بە بێ جیاوازی بووە و لە ئەرك ومافدا یەکسان بوون و هەستیان بە هیچ جیاوازییەك نەدەکرد. لەدوای شەهید بوونی شێخیش لەسەرهەمان ڕێچکەی ئەو (شێخ ئەحمەد بارزانی) بەردەوامی بەو بنەما هزرییانەی دا، بە جۆرێك کردیە کردەیی تا بووە بەشێکی گرنگ لە فەرهەنگ و کەلتووری خەڵکی بارزان، چونکە بێ جیاوازی داکۆکی کردووە لە مافی هەموو پێکهاتەکان، تەنانەت لەم پێناوەدا قوربانیی گەورەی بەخشیوە. بێگومان ئەم بنەما هزرییانە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر تێڕوانینی بارزانیی نەمر، بۆیەش وەك پابەندبوونێك بەو ڕێبازە بەردەوامی پێ دا، بە جورێك وای کردووە بە شێوازی کرداری ڕەنگ بداتەوە، ئەوەتا کاتێك ئەندرانیك پاشای ئەرمەنەکان نامەیەك بۆ شێخ ئەحمەد بارزانی دەنێرێت و، داوای بەهانا هاتنی لێ دەکات، چونکە ستەم لە ئەرمەنەکان دەکرێت، شێخ ئەحمەد مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ چەند پێشمەرگە دەنرێت بۆ ئەوەی داکۆکی لە ئەرمەنەکان بکات، سەرۆك مسعود بارزانی ئەم ڕووداوەی گێڕاوەتەوە کاتێك جەنابی مستەفا بارزانی لە ئەمریکا دەبێت بۆ سەردانیکردنی پزیشك بۆ هەندێك کاری تایبەتیان دەچنە سۆپەرماکێتێك، پیاو و ئافرەتێك دەچنە لایان پرسیاری جەنابی مستەفا بارزانی دەکەن، کاتێك دڵنیا دەبن ئەوە جەنابیانە، ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ دەکەن و پێی دەڵێن ئێمە ئەرمەنین نەوەی (ئەندرانیکین)، کاتی خۆی

**مستەفا بارزانی لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا، هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبێکی، بێ جیاوازی لەژێر یەک ئالا و یەک سەرکردایەتیدا کۆکردنەوە**



**وەیسی سەعید وەیسی**

بڕیاردەری لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

باپیرمان زۆر باسی پیاوچاکی و مەردایەتیی ئێوەی بۆ کردووین، کە چۆن بەرگریتان لە ئەرمەنەکان کردووە و ڕزگارتان کردوون، بۆیە ڕاستەوخۆ تۆمان ناسییەوە و دەمانەوێت لە دڵەوە سوپاست بکەین.

مستەفا بارزانی لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا، هەموو نەتەوە و ئایین و مەزهەبێکی، بێ جیاوازی لە ژێر یەك ئالا و یەك سەرکردایەتیدا کۆکردنەوە، بەردەوام بەرگری لە مافەکانیان دەکرد، ئەمەش وای کرد بە یەکەوە ژیان لە دروشمەوە ببێتە کردار، موسڵمانێك و کریستیانێك و ئێزدییەك لە یەك سەنگەردا کۆببنەوە و پێکەوە خوێن ببەخشن لە پێناوی ئازادیی کوردستان، کە شەهیدان (هورمز ملك چەکو، حاجی خدرخرمە، مەحموود ئێزدی، ئادەم قەیسەر، مارگرێت، ئەلیاس یۆنان گلیانە و میخائیل بنیامین شاهین) دیارترین نموونەی ئەم ڕاستییەن، جگە لەوەی چەند پاسەوانێکی تایبەتی خۆیشی تەنها لە ئایینێك نەبوون.

مستەفا بارزانی لە ڕێککەوتنامەی (١١) ی ئاداری ١٩٧٠ مافی پێکهاتەکانی چەسپاند، لەگەڵ ئەوەی بەپێی یاسای ئەو کاتی عێراق ڕێگا پێ نەدراو بوو، جگە لە موسڵمان هیچ باوەڕدارێکی دی ببێتە (قایمقام)، بەلام پێداگری و سووربوونی مستەفا بارزانی وای کرد، ڕەحمەتی (فرەنسۆ هەریری) کە بە ئایین کریستیان بوو، بکرێتە یەکەمین قایمقامی قەزای چۆمان، هەروەها لە دروستکردنی شوێنی خواپەرستی بۆ باوەڕدارانی ئایینەکان جیاوازی نەدەکرد لەنێوان هیچ ئایین و ئایینزا جیاوازەکان و هاوکاریی هەمووانی دەکرد.

ئەم ڕێگە و ڕێبازە ڕاستەی مستەفا بارزانی بۆ کوردستانیانی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مرۆڤ و پێکەوەژیان نەخشەڕێژی کرد، ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی وەك هێمای لێبوردەیی و بەیەکەوە ژیان لە کوردستاندا بەردەوامی بەم بنەمایانە دەدات، هەمیشە ڕێزگرتن لە فرە ئایینی و فرە نەتەوەیی ستراتیژیەتی کارکردنی بووە، ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتەکان، بە جۆرێك هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە کردووە، کە پێویستە سەرجەم پێکهاتەکان ئازادانە ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و، مافەکانیان جێگیر و پارێزراو بێت، بۆیەش لە سایەی سیاسەتی حەکیمانەی بەڕێزیان سەرەڕای بوونی جیاوازی لە ئایین و نەتەوە، کەچی کوردستان بووەتە لانەی بەیەکەوە ژیانی ئاشتییانەی سەرجەم ئایین و نەتەوە و ئایینزاکان، ئەمەش جوانییەکی زیاتری بەخشیوەتە کوردستان و بووەتە فاکتەری سەرەکیی بەردەوامیی ژیان لە نێوان پێکهاتەکان، بە دڵنیاییەوە ئەمەش وای کردووە، مستەفا بارزانی وەك ڕێبەرێك بۆ هەتا هەتایە ناوی بە زیندوویی لە هزری کوردستانیان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە بمێنێتەوە، بێگومان گەورەترین سەروەتی نەبڕاوەیە.

**مستەفا بارزانی لە ڕێککەوتنامەی (١١)ی ئاداری١٩٧٠ مافی پێکهاتەکانی چەسپاند، لەگەڵ ئەوەی بەپێی یاسای ئەو کاتی عێراق ڕێگا پێ نەدراو بوو، جگە لە موسڵمان هیچ باوەڕدارێکی دی ببێتە (قایمقام)، بەلام پێداگری و سووربوونی مستەفا بارزانی وای کرد، ڕەحمەتی (فرەنسۆ هەریری) کە بە ئایین کریستیان بوو، بکرێتە یەکەمین قایمقامی قەزای چۆمان**

**ئەم ڕێگە و ڕێبازە ڕاستەی مستەفا بارزانی بۆ کوردستانیانی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مرۆڤ و پێکەوەژیان نەخشەڕێژی کرد، ئێستا سەرۆك مسعود بارزانی وەك هێمای لێبوردەیی و بەیەکەوە ژیان لە کوردستاندا بەردەوامی بەم بنەمایانە دەدات**



## یادێک بۆ ساڵیادی لەدایکبوونی

# مستەفای بارزانی جیا لە سیاسەت و بەرخودان زانایەکی بە توانا و زانستدۆستی سەردەمی خۆی بووە



**د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا***

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**پێش باس:** مەلا مستەفای بارزانی، جیا لە سیاسەت و بەرخۆدان، زانا و مەلایەکی بەتوانا و زانستدۆستی سەردەمی خۆی بووە، هەرچەندە گێژەڵووکەی ڕۆژگار نەیهێشتووە بە تەواوەتی لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاو بدات، بەڵام هەرگیز لێیشی دوورەپەرێز نەبووە، تەنانەت دوای ئاوارەبوونیشی بۆ سلێمانی، لە حوجرەکانی ئەو شارەدا درێژەی بە خوێندنی ئایینی داوە.

مەلا مستەفا، وەك نەریتی ڕەسەنی بنەماڵەکەی. هەمیشە دۆستایەتی مەلایان و زانایانی ئایینی پێ خۆش بووە، پەیوەندییە لەمێژینەکانی لەگەڵ هەموو مەلا دیارەکانی کوردستاندا شایەتی ئەم قسەیەمانە، بۆیە پەیوەندییەکانی ئەو لەگەڵ مەلاکانی سلێمانی، تا پەیوەندی لەگەڵ (مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز)، تا باشترین مەلاکانی هەڵەبجە و پاشان (مەلا ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا) لە هەورامان، و(مەلا محەمەدی دەڵگەیی) لە ناوچەی پشدەر و بتوێن، (مامۆستا مەلا محەمەدی ڕەئیس) لە ناوچەی گەلاڵەی شینکایەتی، تا بنەماڵەی (گرتکییەکان)، و دەیان بنەماڵەی دیکەی ئایینی و سەدان مەلای دیکەی دیاری وڵاتی کوردەواری. شایەتی ئەو قسەیەمانە، بۆیە هەردەم پەیوەندییەکی زۆر دۆستانە و پتەوی لەگەڵ ئەو چینەدا هەبووە، کە بە ڕاستی ئەم بابەتە بە تەنیا خۆی پێویستی بە پەرتووکێکی شیکاری و کارناسانەی ئەم بوارە هەیە.

**وانەوتنەوەی مامۆستای چڕۆستانی بە مەلا مستەفای بارزانی:**

دوای ئەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵی (١٩٣٥ز) لە زێدی خۆی لەسەر شۆڕش و کوردایەتی دوور دەخرێتەوە بۆ شاری سلێمانی، بیر لەوە دەکاتەوە کە درێژە بە خوێندنی ئایینی بدات، بۆیە دەچێتە مزگەوتی شێخ سەلام کە لەو کاتەدا (مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چڕۆستانی) مەلا و وانەبێژی دەبێت و لە خزمەتیدا دەست دەکات بە خوێندن و تەنانەت کە مامۆستا چڕۆستانی دەچێتە خانەقای مەولانا، ئەویش لەگەڵی دەڕوات، هەرچەندە بارزانی لەژێر چاودێرییەکی وردی دەسەڵاتدا دەبێت، بەڵام مامۆستای چڕۆستانی زۆر بوێرانە گوێ بەوە نادات و وەری دەگرێت و وانەی پێ دەڵێتەوە، و لە خزمەتی ئەودا سەرجەمی پرۆگرامی ئەو کاتەی حوجرە بە پەرتووکی (شەرح عەقائید)یشەوە، دەخوێنێت.


(عەللامە مامۆستا نووری فارس حەمەخان) کە خۆیشی قوتابی مامۆستای چڕۆستانی بووە، لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ئای دنیا! زۆر جار من و مەلا غەفووری کانی سپیکەیی کە لە خزمەت مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چڕۆستانیدا دەرسمان دەخوێند، مامۆستا ئاماژەی بۆ هۆدەیەك لە هۆدە زۆرەکانی خانەقا دەکرد، سەیرێکی ئەملاوئەولای خۆی دەکرد و کە دەیزانی کەسی نائەمین لە دەوروبەرمان نییە، دیفەرموو: فەقێ غەفوور! فەقێ نووری! وەك چۆن ئێستا لەم هۆدەیەدا دەرس بە ئێوە دەڵێم، ڕۆژێ لە ڕۆژانیش ئا لەو هۆدەیەدا دەرسم بە (مەلا مستەفای بارزانی) گوتووە، کە ئێستا لە ڕووسیایە و قاچاخە!!

لە دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە سۆڤیەت و هەروەها بە بۆنەی بەیاننامەی یانزەی ئازارەوە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چڕۆستانی سەردانی مەلا مستەفای کردووە و ئەویش ئەوەی شیاو بێت بۆ پێشوازی مامۆستا لە لایەن قوتابی خۆیەوە لە ئاستانەی مامۆستای چڕۆستانیدا پێشکەشی کردووە و شکۆ و ڕێزێکی بێ پایانی بۆ قەرار داوە.

شیاوی باسە مەلا مستەفای بارزانی هەر لە شاری سلێمانی لە لای مەلا مستەفای سەفوەت پەرتووکی شەرحی موختەسەری خوێندووە، و لە لای (مامۆستا شێخ نووری شێخ باباعەلی) یش، چەند پەڕاوێکی خوێندووە و لە دوا ماددەدا

**دوای ئەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵی (١٩٣٥ز) لە زێدی خۆی لەسەر شۆڕش و کوردایەتی دوور دەخرێتەوە بۆ شاری سلێمانی، بیر لەوە دەکاتەوە کە درێژە بە خوێندنی ئایینی بدات**

**مەلا مستەفای بارزانی هەر لە شاری سلێمانی لە لای مەلا مستەفای سەفوەت پەرتووکی شەرحی موختەسەری خوێندووە، و لە لای (مامۆستا شێخ نووری شێخ باباعەلی)یش، چەند پەڕاوێکی خوێندووە**



## مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چرۆستانی
## مامۆستای وانە ئاینییەکانی مستەفا بارزانی

بووە، وەك زانایانی ئەو کاتەی شاری سلێمانی جەختی لەسەر دەکەنەوە، ناسناوی (مەلا) بۆ مەلا مستەفای بارزانی لە شاری سلێمانی بۆی دانراوە، ولە سەروبەندی ئەوەدا بوون بە کەمتر لەساڵێکی خوێندن ئاهەنگی ئیجازەی مەلایەتی بۆ ساز بدەن، کە ئەو کاتە باو بووە، بەڵام حکومەت دۆخەکەی زیاتر لەسەر توند دەکاتەوە، ناچار لە ساڵی (١٩٤٣)دا، بە هاوکاری (شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی حەفید) لە ڕێی شارباژێڕەوە شاری سلێمانی جێدەهێڵێت.

هەر لەم پەیوەندییەدا (مامۆستا شێخ موحسینی موفتی)، لە پەرتووکی (بیارە، قەسری عاریفان و ئەزهەری کوردستان)دا،ل٢٠٧، ئاماژەی بەوە داوە کە حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی بۆ یەکەمجار لە حوجرەی (مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای چرۆستانی)دا، و لە خانەقای مەولانا خالید لە شاری سلێمانی چاوی بە مەلا مستەفای بارزانی کەوتووە و، لە خاکیبوون و هەڵسوکەوتی مەلا مستەفا سەرسام بووە، کە خۆی هەڵساوەتەوە و گسکی حوجرەکەی داوە! ئیتر لێرەوە پەیوەندییان دەستی پێ کردووە و تا کۆتایی ژیانی هەردووکیان بەردەوام بووە.

هەر لەوێدا باس لەوە دەکات کە حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین هەموو جارێك بە محەببەتەوە باسی خانەوادەی مەرحووم شێخ عەبدولسەلامی یەکەمی بارزانی دەکرد، کە ئەوانیش لە مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوە تەریقەتیان وەرگرتووە، ئەو پەیوەندییە بەردەوام بووە تا سەردەمی مەلا مستەفای بارزانی و دواتریش سەرۆك مەسعود بارزانی بەردەوام لە پەیوەندیدا بووە لە گەڵ شێخی سیراجەدین و چەندین نامە لە نێوانیاندا گۆڕدراوەتەوە، کە شێخ سیراجەدین بە دەقی (بۆ برازای خۆم ...) نامەکانی دەست پێ کردووە و سەرۆك مەسعود بارزانی بە دەقی (بۆ جەنابی مامی بەڕێزم ...) دەروازەی قسە و باسی کردووەتەوە، واتە: یەکتریان بە مام و برازا هەژمار کردووە، وەك لە چەندین نامەدا ئەم دەستەواژانە دووبارە بوونەتەوە، کە لە پەڕتووکی ناوبراودا بڵاو کراونەتەوە.

ئەم پەیوەندییەش زۆر لەمێژینەیە و مامۆستا مەلا عەبدولسەلام محەممەد نەبی بێتواتەیی کە هاوڕێی مەلا مستەفا بووە بۆ کۆچی لەمێژینەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەگێڕێتەوە و

دەڵێت: کە گەیشتینە شاری بوخارا، مەلا مستەفا داوای کرد کە پێکەوە بچینە زیارەتی (حەزرەتی شاهی نەقشبەند)، واتە دامەزرێنەری تەریقەتی نەقشبەندی!

(ماموستا مەلا عەبدوڵڵای چرۆستانی): ناوی (عەبدوڵڵای کوڕی ماموستا مەلا عەبدولرەحیمی میراودەلی چرۆستانی، کوڕی مەلا عومەری کوڕی مەلا شەریفی کوڕی شێخ ئیبراهیمی کوڕی شێخ محەممەد ئاغای کوڕی ئەمیر عەبدوڵڵای کوڕی پیر خدری شاهۆ)یە، و بە ناسناوی (چرۆستانی) ناسراوە، ماموستا لە ساڵی (١٨٩٧ز) لە گوندی (ئابلاخ)ـی نزیک شاری سلێمانی، لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر و ناسراوی ناوچەکە لەدایک بووە.

هەموو قۆناغەکانی خوێندنی ئەو سەردەمەی بڕیوە، دواجاریش لە شاری سلێمانی و لە خزمەت عەللامە (ماموستا شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی) دا، مۆڵەتی مەلایەتی (ئیجازەی عیلمی) وەرگرتووە، لەو ڕۆژە بە دواوە تا کۆتایی تەمەنی سەرقاڵی خزمەتکردنی ئایین و نیشتمانەکەی بووە، لە مزگەوتدا ڕێنموونی خەڵکی و لە حوجرەیشدا وانەبێژی کردووە، لە تەمەنی خۆیدا وانەی بە سەدان زانای ئەم وڵاتە گوتووەتەوە، کە ژمارەیەکی زۆریان لە مەلا و سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانن، لەوانە: عەللامە ماموستا مەلا عەبدولرەحمانی کۆڵ، ماموستا مەلا فایەقی ئەڵمانیی – شارەزووری، مەلای شۆڕشگێڕ ماموستا مەلا عەبدولرەحمانی سیفەتاڵەیی (مەلا ئاوارە) و ماموستا مەلا سەیید ڕەشید حسێنی، مەلا مستەفای بارزانی، ماموستا قانیعی شاعیر، ماموستا مەلا شێخ ئەحمەدی مەردووخی، ماموستا مەلا محەممەدی ڕەئیس، شێخ محەممەدی خەتیب، مەلا سەعیدی زمناکۆیی، ماموستا مەلا ئەحمەدی ئەحمەدئاوا و دەیانی دی.

ماموستای (چرۆستانی) دوای تەمەنێکی پڕ بەرەکەت لە خزمەتی دین و ژینی گەلەکەی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە، لە بەرواری (١٦ / ٦ / ١٩٨٨) لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا، لە گەڕەکی (دەرگەزێن) کۆچی دوایی دەکات، دواتر لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا و لە ڕۆژێکی باراناوی و خوڕەمدا لە گردی (شێخ عەوڵا)ـی سەیوان، لە شاری سلێمانی بەخاک دەسپێردرێت. شایەنی باسە (حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی) بەشداری پرسەی ماموستای کردووە.

**وەک زانایانی ئەو کاتەی شاری سلێمانی جەختی لەسەر دەکەنەوە، ناسناوی (مەلا) بۆ مەلا مستەفای بارزانی لە شاری سلێمانی بۆی دانراوە**

**حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین هەموو جارێک بە محەببەتەوە باسی خانەوادەی مەرحووم شێخ عەبدولسەلامی یەکەمی بارزانی دەکرد**

**ژێدەرەکان:**


(١). عُلَماءُنا فِي خِدمَةِ العِلْمِ وَ الدين، دانانی: ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ل٢٢٨، چاپی یەکەم، (بەغدا - ١٩٨٣).

(٢). مێژووی زانایانی کورد، نووسینی: ماموستا مەلا تاهیری بەحرکەیی، چاپی دووەم- ٢٠١٦، بەرگی دووەم، لاپەڕە (١٧٥ - ١٧٧).

(٣). پەرتووکی (بیارە، قەصری عاریفان و ئەزهەری کوردستان) نووسینی: ماموستا شێخ موحسینی موفتی، (چاپی یەکەم – ٢٠١٧)، لاپەڕە (٢٠٧).

(٤). گەوهەری حەقیقەت، ژیاننامەی حەزرەتی شێخ محەممەد عوسمان سیراجەدینی نەقشبەندی، نووسینی: ماموستا شێخ موحسین موفتی، بەرگی سێیەم، ل٣٧٢-٣٧٣، چاپی یەکەم، هەولێر (٢٠١١).

(٥). پوختەیەک لە ژیاننامەی موفتی و زانای گەورە ماموستا مەلا عەبدوڵڵا چرۆستانی، ئامادەکردنی: هەردی سابیر، چاپی یەکەم – ٢٠١٦.

(٦). نەقشبەند و نەقشبەندییەکان، پوختەیەک لە مێژووی شێخانی نەقشبەندیی هەورامان و زانا و پیاوچاکان و مەلا و شاعیرانی موخلیس و هەوادارییان، نووسینی: د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد- ئەحمەدئاوا، یەکەم چاپ (٢٠١٨)

(٧). کەڵەیم نامە، سەرجەمی نووسینەکانی (کەڵەیم)ـی، شاعیر، نووسراوی: ماموستا مەلا شێخ ئەحمەدی ئەحمەدئاوا، چاپخانە: چاپخانەی گەنج – سلێمانی، (١٤٣٢ – ٢٠١١) .

(٨). زنجیرە دیدارێك لەگەڵ (عەللامە ماموستا نووری فارس حەمەخان).


---


* د. عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد

لەدایکبووی (١٩٨٢)، ئەحمەدئاوا، هەورامان – باشووری کوردستان.

ماستەر لە قورئانناسی – زانکۆی سلێمانی، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە توێژینەوەی ئەندێشە میانەڕەوانەکانی (دکتۆر مستەفا زەڵمی).

دکتۆرای لە قورئانناسی – زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە، تێزی دکتۆراکەی توێژینەوەی بیروڕا و ئەندێشە ئایینییە کوردەوارییەکانی (دکتۆر مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیانی مەهابادی)یە.

خاوەنی (٣٥) بەرهەمی چاپکراوە لەپسۆڕییەکەی خۆیدا.



زیا شابا قەشەی شاری کۆیە بۆ گوڵان:

# حکومەتی هەرێم کاری بەرچاوی بۆ برەودان بە پێکەوەژیان کردووە

**پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزا جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی سەرکەوتوو و سەرنجڕاکێشە و مایەی ستایشکردنە، لە هەمان کاتدا پێویستە کار بۆ پتەوترکردن و قووڵکردنەوەی زیاتری بکرێت، بە چەشنێك کە ماف و ئەرکی سەرجەم پێکهاتەکان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا ڕەنگ بدەنەوە و بەرجەستە ببن، ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری سەرەکیی دیدارێکی گوڵان لەگەڵ قەشە زیا شابا قەشەی شاری کۆیە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان بووەتە جێگەی شانازیی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان و، هەموو جیهانیش بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەم پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان چۆن سەیری ئەم پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، مێژوورییەکی دوور و دێرینی هەیە و گەشەی کردووە و چووەتە قۆناغێك، کە سەرنجی جیهانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە و مایەی شانازییە، چاوەڕوانییەکەش ئەوەیە کە ئەو پێکەوەژیانەی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەوپێش بچێت، چونکە سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان پێکەوە لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی زوڵم و ستەم بوونەتەوە و هەر پێکەوەش خەبات و تێکۆشانیان کردووە کە حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی یاسای لێ هاتووەتەدی، ئەمەش وا دەکات پەیوەندیمان باش و پتەوتر بکەین بۆ سەرخستنی ئەو بارودۆخە سەقامگیرەی لە کوردستان هاتووەتەدی، بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دوارۆژێکی پرشنگدارتر.

*** ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەپێدان و پشتگیرکردنی تەواوی ئەو پێکەوەژیانەیە و، هەر لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی هەولێری کرد، ئەمەش ڕووداوێکی گەورە بوو لەسەر ئاستی جیهان، ئایا ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیان لە کوردستان چییە؟**

- قەداسەتی پاپای ڤاتیکان سەردانی هەموو عێراقی کرد و لە سەرەتادا چووە بەغدا و پاشان سەردانی چەندین شوێنی جیاجیای کرد، کە یەکێك لەو شوێنانە ئور بوو، کە شوێنی لەدایکبوونی ئەبوونا (ئیبراهیم)ـە، سەردانی سیستانی لە نەجەف و چەندین کەنیسەشی لە بەغدا کرد، هۆکاری سەردانەکەشی بۆ هەولێری پایتەختی کوردستان لەبەر چەند خاڵێك بوو، یەکەم: بەشی زۆری مەسیحییەکان لە نزیك شاری هەولێر لە شارۆچکەی عەنکاوە و دەوروبەری وەك شەقڵاوە و کۆیە نیشتەجێن، هەروەها بە هۆی ئەو پڕۆژەی ڕێگەوبانانەی لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە

**سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان پێکەوە لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی زوڵم و ستەم بوونەتەوە و هەر پێکەوەش خەبات و تێکۆشانیان کردووە کە حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی یاسای لێ هاتووەتەدی**

**سەرنجی هەموو وڵاتانی دونیا کە لەسەر پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان هەبوو، وای کرد پاپا لەو سەردانەیدا بە چاوی خۆی و لە نزیکەوە بیبینێت**

دروست کراون، ئەوا زۆربەی مەسیحییەکانی شوێن و شارەکانی دیکە دەیانتوانی بێن بۆ بینینی پاپا و بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی قەداسەتەکە. دووەم: بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێری پایتەختی هەرێم بەتایبەت کە لە سایەی حکومەتی کوردستان و سەروەریی یاسادا سەقامگیری و ئاسایش و هێمنی تێدا بەرقەرارە، ئەو سەقامگیرییەش زیاتر بەرنامەکەی قەداسەتی پاپای مسۆگەر کرد. سێیەم: سەرنجی هەموو وڵاتانی دونیا کە لەسەر پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان هەبوو، وای کرد پاپا لەو سەردانەیدا بە چاوی خۆی و لە نزیکەوە ببینێت، هەر ئەمەش بوو کە لە دوای گەڕانەوەی، قەداسەتی پاپا بە نامە سوپاسی حکومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستانی کرد، بۆ ئەو پێشوازییە گەرمەی لێی کرا و ئەو پێکەوەژیانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە و بەرجەستە بووە، هاوکات بۆ زیاتر قووڵبوونە و گەشەکردنی ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، پێویستە پەیوەندییەکانمان قووڵتر و بەهێزتر بکرێت و پەیوەندیی نێوان تاکەکانی پێکهاتەکان زیاتر و لەیەك نزیکتر بکرێت و، بۆ چارەسەری کێشەکان پەیوەندی و گفتوگۆی تێروتەسەل و هێمنانە لە نزیکەوە لەگەڵ یەکتر ئەنجام بدەین، نابێت لە شوێنی کار و بەڕێوەبردندا بە هیچ جۆرێك جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکاندا بەدی بکرێت و دەبێت لە ئەرك و مافدا وەك یەك بن، کە بێگومان دەبینین لەم کابینەیەی حکومەتدا و بەپێی ئەو بەرنامەی لە سەرەتای دەستبەکاربوونەوە خراوەتەوە ڕوو، بە واقیعی تەرجەمە کراوە، بۆ نموونە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە وەك شوێن و چەترێکە بۆ کاروبار و گرنگیدان بەبێ جیاوازی بە هەموو پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکان، واتە کابینەی نۆیەم کاری بۆ گەشەکردن و زیاتر برەودان بە پێکەوەژیان کردووە و دەیەوێت هەموو خزمەتگوزارییەکانی بە بێ جیاوازی و بە سەرکەوتوویی پێشکەش بە هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان بکات، کە لە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزای جیاواز پێك هاتووە. هاوکات وەك لە نزیکەوە من ئاگادارم خزمەتگوزاری و پێشکەشکردنی داواکارییەکانی ئایین و ئایینزاکان زۆر بە باشی بەڕێوە دەچێت و هیچ جیاوازییەکیش لەنێوان خزمەتکردنی پێکهاتەکاندا بەدی ناکرێت و هەر هەمووی لە خێر و سامانی ئەو هەرێمەدا بە بێ جیاوازی بەشدارین و، هەر پێکهاتەیەك هەق و مافی خۆی پێ دەدرێت، کە ئەمەش سەروەرییەکی زۆر گەورە و گرنگە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە پێکهاتەکانی دەکات، بە بێ جیاوازی.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە و، بە ئاستێك بێت کە خۆیان پێی ڕازی بن، ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان دەتانەوێت مافەکانتان لە دەستووری کوردستاندا دیاری بکرێت؟**

- ئێمە بە یەکترییەوە جوانین، ئەگەر لایەنێك لە ئەرك و مافدا نەبێت (کە ئەمەش لە دەستوور دیاری دەکرێت) ئەوە بۆشایی دروست دەکات و ئەو لایەنە زۆرینە بێت یان کەمینە بێت، ئەو جیاوازی و بۆشاییە هەستی پێ دەکرێت و کاریگەریی خراپی لەسەر دروست دەکات، هەر بۆیە ئێمە (واتە هەموو پێهکاتەکان) لە هەرێمی کوردستان تەواوکاری یەکترین و، ئەو گۆڕانکارییەی ئێستا لە هەرێم هاتووەتە ئاراوە بەرەو لایەنی باشی، بۆ ئەوەیە مافی هەموو کەس و لایەنێك پارێزراو بێت، دەستووریش کارنامە و ڕێگەنیشاندەرێکە لەو پەڕی باڵا و لووتکەی وڵاتدا، بۆیە هەمیشە جەخت لەوە دەکرێتەوە (بەتایبەتی لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی) کە مافی هەموو پێکهاتەکان لە ڕێگەی نوێنەرانی خۆیان لە دەستووردا بنووسرێت و جێگیر بکرێت. لەلایەکی دیکەوە هەندێك بڕیار هەیە لە بەغدا دەردەچێت، ئەوە ئێمە ناتوانین پابەندی بین و جێبەجێ بکەین، چونکە هەر شوێنێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لەو بارەشەوە ئێمە لە هەرێمین، دەبێت ئەو بڕیارانەی لێرە دەردەچێت، بۆ هەموو خەڵکەکەی بێت و بە دەنگی هەمووشمان پەسند بکرێت، تاوەکو هەموو لایەکمان وەك یەك لە ئەرك و مافەکاندا بەشدار بین.

**نابێت لە شوێنی کار و بەڕێوەبردندا بە هیچ جۆرێک جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکاندا بەدی بکرێت و دەبێت لە ئەرک و مافدا وەک یەک بن**

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە وەک شوێن و چەترێکە بۆ کاروبار و گرنگیدان بەبێ جیاوازی بە هەموو پێکهاتە ئایینی و ئایینزاکان**

**خزمەتگوزاری و پێشکەشکردنی داواکارییەکانی ئایین و ئایینزاکان زۆر بە باشی بەڕێوە دەچێت و هیچ جیاوازییەکیش لە نێوان خزمەتکردنی پێکهاتەکاندا بەدی ناکرێت**

**هەندێک بڕیار هەیە لە بەغدا دەردەچێت، ئەوە ئێمە ناتوانین پابەندی بین و جێبەجێ بکەین، چونکە هەر شوێنێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لەو بارەشەوە ئێمە لە هەرێمین، دەبێت ئەو بڕیارانەی لێرە دەردەچێت، بۆ هەموو خەڵکەکەی بێت و بە دەنگی هەمووشمان پەسند بکرێت**



* ئایا هۆکار چییە کە هەندێك لایەن و حزبی کوردستانی کێشە بۆ کورسیی کۆتا دروست دەکەن، یان دەیانەوێت بە شێوەیەك بێت کە خۆیان مەبەستیانە، لەو بارەوە ئێوە چی دەڵێن؟

- ئەو پرسیارە دەبێت لایەنە سیاسییەکان وەڵامی بدەنەوە، چونکە ئەوان لەو بوارەدا کار دەکەن، بەڵام من وەك قەشەیەك پێم خۆشە کریستیانەکان لە پەرلەمان نوێنەریان هەبێت، هەرچەندە لەلای من جیاوازی نییە کێ ئەندامی پەرلەمانە، لە کاتێکدا کە ئیسلامێك، یان لایەنێکی دیکە بەرگری و داوای مافی ئێمە بکات، ئەوە بۆ ئێمە جیاوازی نییە، بەڵام بوونی نوێنەری پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان لە پەرلەماندا مانا و هەستکردنی ڕاستەوخۆ و کارا و واقیعیی پێکهاتەکانە، بەتایبەت لە دانانی یاساکاندا کە دەبێت بۆ هەموو لایەك وەك یەك بێت.

* ئایا لە کاتێکدا سیستمی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بکرێتە فرەبازنە، یان چەند بازنەیەك، ئێوە وەك مەسیحییەکان بەو جۆرە سیستمە ڕازی دەبن، چونکە لەو شێوازی هەڵبژاردنە دەنگ و ڕەنگی پێهکاتەکان پەرشوبڵاو دەبێت و نابنە خاوەن کورسی و ڕاوبۆچوون لە ناو پەرلەماندا؟

- وەك ئاماژەم پێ دا، من پیاوی ئایینیم و سیاسی نیم، بەڵام من بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن بە پێویستی دەزانم بە سیستمێك بێت کە لە بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان بێت، بەتایبەت بۆ ئەو پێکهاتانەی کە خەڵکەکانیان لە هەموو شوێنێکی هەرێمی کوردستان نین، هەر بۆیە سیستمی هەڵبژاردن دەبێت بۆ ئەوە بێت پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان خەوشی بەر نەکەوێت و هەق و مافی کەس پێشێل نەکرێت و دەنگی هیچ کەس و پێکهاتە و ئایین و ئایینزایەك بزر نەبێت.

* ئایا بوونی عەنکاوە بە قەزا، وەك یەکێك لە شوێنەکانی مەسیحییەکان لە هەرێمی کوردستان، چی دەگەیەنێت و، تمووحی ئێوە لەوەدا ڕادەوەستێت، یان ئومید و ئایندەی زیاتر و گەورەتر لە حکومەتی کوردستان چاوەڕوان دەکەن؟

- خۆی بوونی عەنکاوە بە قەزا، بە دستکەوتێکی باش دەزانین بۆ پێکهاتەی مەسیحییەکان، بەڵام لەو حاڵەتەشدا پێویستە ئەو باج و داهاتەی لەو سنوورە دەست دەکەوێت، هەر لەوێ خەرج بکرێتەوە، هەرچەندە دەزانین بە بوونی عەنکاوە بە قەزا دەسەڵاتەکان زیاتر شۆڕ دەبنەوە و خزمەتگوزاریی باشتر و زیاتریش پێشکەش بەو شارە دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە ئومێدی من و زۆربەی مەسیحییەکان بەتایبەتی ئەوانەی عەنکاوە ئەوەیە کە لە ئایندەدا عەنکاوە ببێتە پارێزگایەکی سەربەخۆ، هەر چەندە زۆر لە هەولێر نزیکە، یان هەر لە ناو پایتەختی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بەوەش زیاتر پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان دەچەسپێت و ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر ئاستی جیهاندا دەبێت.

**بوونی نوێنەری پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان لە پەرلەماندا مانا و هەستکردنی ڕاستەوخۆ و کارا و واقیعیی پێکهاتەکانە، بەتایبەت لە دانانی یاساکاندا کە دەبێت بۆ هەموو لایەک وەک یەک بێت**

**سیستمی هەڵبژاردن دەبێت بۆ ئەوە بێت پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان خەوشی بەر نەکەوێت و هەق و مافی کەس پێشێل نەکرێت و دەنگی هیچ کەس و پێکهاتە و ئایین و ئایینزایەک بزر نەبێت**



مەلا ئیسلام ئیبراهیم بۆ گوڵان:

# مەلا مستەفا بارزانی زۆر عادیل و نیشتمانپەروەر بوو، بۆیە زانا و مەلا و مامۆستایانی ئایینی لە دەوری بوون و گوێڕایەڵی بوون

# کەلتووری فریاکەوتنی هۆز و نەتەوەکانی دیکە لای مەلا مستەفا بارزانی لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو

**مەلا ئیسلام ئیبراهیم، مامۆستا و مەلایەکی پارێزگای دهۆکە و ڕۆڵێکی باڵای لە ناو مامۆستایان و ئاراستەکردنی پەیامی ئیسلام لە دەڤەری بادینان بینیوە، مامۆستا جگە لە ئەرکە خوداپەرستی و ئایینییەکەی، هەستێکی بەرزی نیشتمانی تێدایە و ڕۆڵێکی گەورەی لە شۆڕش و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیشدا هەبووە، لەم دیمانەیەدا کۆمەڵێك پرسیارمان ئاراستەکرد و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** مەلای کورد جگە لە ئەرکە ئایینی و خوداپەرستییەکەی، ڕۆڵێکی گەورەشی لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا هەبووە، بەو پێیەی تەمەنێکتان لە خوداپەرستی و وانەوتنەوەدا بەسەر بردووە، سەرەتا حەز دەکەین باسێکی ئەو ڕەسەنایەتییەمان بۆ بکەیت، کە مەلا و مامۆستایانی ئایینیی کورد لە ڕووە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەدا هەیانبووە؟**

- خۆشەویستیی نیشتمان لە ئایینەوە هاتووە، کوردیش یەکێکە لەو میللەتانەی بە درێژایی مێژوو زوڵمێکی زۆری لێ کراوە، ئەویش نیشتمانەکەی خۆش ویستووە و لە پێناویدا قوربانیی زۆری بەخشیوە، خودای گەورەو میهرەبان بە کوردی خەڵقی کردووین و لە ئایەتێکیشدا فەرموویەتي : (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَي وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)، پێغەمبەریشمان (د.خ) کە لە مەککە بەرەو مەدینە دەرچوو، بە مەککەی گوت: «تۆ لە هەموو شتێك لای من خۆشەویستتری»، ئەمەش وەکو ئاماژەیەك وایە بە زەروورەتی خۆشەویستیی خاك و نیشتمان، تەنانەت زۆربەی سەرکردە گەورەکانی کورد لە مێژوودا ئەهلی مزگەوت و خانەقا و حوجرە بوون و لە بنەماڵەی ئایینیدا پەروەردە کراون، هیچ شۆڕشێکیشیان دوور لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەنجام نەداوە، ئەوان بەرگرییان لە مەزڵووم کردووە، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش بۆ خێری بەشەرییەت هاتووە و خودای گەورە و میهرەبان و پێغەمبەر(د.خ) داوای بەرگریی لێ کردووین لە مەزڵووم دژی زاڵم و ستەمکار. زۆرن نموونەی ئەو مامۆستا بەناوبانگە ئایینییانەی کە بەرگرییان لە کورد و خاکەکەی کردووە و لە ناو شۆڕشدا ڕۆڵی گەورەیان بینیوە، بۆ نموونە مەلا عەلی بەرۆشکی و مەلا حوسێن و مەلا ئەحمەد شەرنەخی و مەلا عەبدوڵڵا ڕەشۆیی و چەندین مەلا و بنەماڵەی مەلازادەی دیکەش، کە خۆیان بە بەشێك لە نەتەوەکەیان زانیوە و لە خزمەتی ئیسلام و نەتەوەکەشیاندا بوون و لە دەوری مەرحوومی مەلا مستەفا بارزانی بوون، ئەوان ڕێز و قیمەت و تەقدیرێکی زۆریان لای مەلا مستەفا بارزانی هەبوو.

**زۆرن نموونەی ئەو مامۆستا بەناوبانگە ئایینییانەی کە بەرگرییان لە کورد و خاکەکەی کردووە و لە ناو شۆڕشدا ڕۆڵی گەورەیان بینیوە**

*** مەلا و مامۆستایان و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام پاڵپشتیی تەواوی شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانییان کرد، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەو سەردەمەدا ڕۆڵی مەلا مستەفا بارزانی بۆ پاڵپشتیکردنی مەلای کورد چی بوو؟**

- جوانترین سیفاتی مەلا مستەفا بارزانی لە دوای ئایینپەروەرییەکەی، ئەوە بوو کە دادپەروەر و نیشتمانپەروەر بوو، خۆی لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر و نیشتمانپەروەردا لە دایکبووە و پەروەردەی دینیی هەبووە، دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان و لق و لێژنەکانی بۆ گرنگیی ڕۆڵی مامۆستایانی

**دامەزراندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامی کوردستان و لق و لێژنەکانی بۆ گرنگیی ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام دەگەڕایەوە لای مەلا مستەفا بارزانی، هەروەها دادگای شۆڕشی دامەزراند، کە لە کەسانی زانا و بەناوبانگی ئایینی پێک هاتبوون**

**لە سەردەمی شۆڕشدا کەس نەیدەوێرا زوڵم و تەعەددا لە کەسی لاواز بکات و کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر کەم بوون**

**مەلا مستەفا بارزانی بە مەلاکانی دەگوت من پاڵپشتی ئێوەم و ئەگەر کارێکی هەڵەم کرد، وەرن پێم بڵێن ئەو کارەت هەڵەیە، با ڕاستی بکەمەوە**

**دوژمنەکانی کورد کاتێک ویستیان مەلا مستەفا بارزانی تیرۆر بکەن دەیانزانی زۆر ڕێز لە مەلا و مامۆستا دەنێت و ڕێگەی نەدەدا مەلا بیشکێنێدرێت، بۆیە چوون لە ناو ژمارەیەک مەلادا بێ ئەوەی خۆشیان بزانن تەقەمەنییان نارد، تاوەکو ئەو پیلانەیان سەربکەوێت، کە سەریش نەکەوت**

**مەلا مستەفا بارزانی لە سەردەمی وشکەساڵی کە هۆزە عەرەبەکان خوازیاری لەوەڕاندنی مەڕەکانیان بوون لە ناو مێرگەکانی کوردستاندا، ڕێگەیانی پێ دەدان**

**مەلا مستەفا بارزانی لە هەر ناوچەیەکدا قازییەکی شەرعی دانابوو بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەی خەڵکی**

ئایینی ئیسلام دەگەڕایەوە لای مەلا مستەفا بارزانی، هەروەها دادگای شۆڕشی دامەزراند، کە لە کەسانی زانا و بەناوبانگی ئایینی پێك هاتبوون، ئەمانەش هەمووی بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئایینپەروەریی ئەو زاتە بوو. لە سەردەمی شۆڕشدا کەس نەیدەوێرا زوڵم و تەعەددا لە کەسی لاواز بکات و کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر کەم بوون، خۆ ئەگەر لێرە و لەوێ گرفتێك دروست بووایە، خێرا لەسەر شەریعەتی ئیسلامی چارەسەر دەکرا. سەرکەوتنی شۆڕشەکە و پاراستنی یەکپارچەیی میللەتەکەی بۆ گرێدانی لایەنی ئایینی و نەتەوەیی دەگەڕایەوە، مەلا مستەفا بارزانی هیچ هەنگاوێکی نەدەنا بێ ڕاوێژکردن بە زانا و مامۆستایانی ئایینی. زۆر عادیل و خواپەرست و نیشتمانپەروەر بوو، بەرگری لە نەتەوەکەی بە بەشێك لە ئیمانەکەی دانابوو، بۆیە زانا و مەلا و مامۆستایانی ئایینی لە دەوری بوون بۆ خزمەتی نەتەوەکەیان و گوێڕایەڵی بوون. ئەو ڕێز و خۆشەویستییەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ زانا و مامۆستا و مەلا و فەقێی کورد هەیبوو، هیچ سەرکردەیەکی پێش خۆی بەو ڕادەیە نەیبووە، شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانی زۆر فراوان بوو نەك تەنیا لە زاخۆ بۆ خانەقین، بەڵکو لە هەرچوار پارچەی کوردستان کوردەکان پەیوەندییان پێوە دەکرد و ناو و ناوبانگی گەورەی هەبوو، مەلا مستەفا بارزانی بە مەلاکانی دەگوت من پاڵپشتی ئێوەم و ئەگەر کارێکی هەڵەم کرد، وەرن پێم بڵێن ئەو کارەت هەڵەیە، با ڕاستی بکەمەوە، دوژمنەکانی کورد کاتێك ویستیان مەلا مستەفا بارزانی تیرۆر بکەن دەیانزانی زۆر ڕێز لە مەلا و مامۆستا دەنێت و ڕێگەی نەدەدا مەلا بیشکێندرێت، بۆیە چوون لە ناو ژمارەیەك مەلادا بێ ئەوەی خۆشیان بزانن تەقەمەنییان نارد، تاوەکو ئەو پیلانەیان سەربکەوێت، کە سەریش نەکەوت. ئەو سەردەمە زۆر لەو مەلایانەی سەردانی مەرحوومی مەلا مستەفایان کردبوو، نەیاندەزانی بۆمب و تەقەمەنی شاردراوەتەوە و چەند کەسێکیشیان لە ناویاندا بە جلکی مەلا ناردووە، تاوەکو مەلا مستەفا بکوژن. جارێکیان لە ناوچەی سۆران کۆمەڵێك پێشمەرگە کە زۆر برسی بوون بە ناچاری مەڕێکی شوانێکیان سەربڕیبوو، دواتر شوانەکە خۆی گەیاندبووە مەلا مستەفا بارزانی لە ناو خێوەتگاکەی لە ناوپردان و شکاتی لێ کردن، مەلا مستەفا بارزانی زۆر عاجز بوو، پێشمەرگەکانی بانگ کردبوو، پێی گوتبوون ئێوە کەی واتان لێهاتووە مەڕی خەڵك بکوژن و بیخۆن؟ ڕاستەوخۆ مەلا مستەفا بارزانی ١٠ دیناری دابووە شوانەکە، لە کاتێکدا نرخی مەڕێك دوو دینار بوو، پێی گوتبوو هەر کەسێك تەعەددا بکات، من مافەکەی بۆ دەگێڕمەوە. خێوەتی مەلا مستەفا بارزانی وەکو ماڵێك وابوو، هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزای تێدابوو، هەر لە ئیسلامی سوننە و شیعە تا مەسیحی بە هەموو جۆرەکانییەوە و ئێزدی و کاکەیی و کوردانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باکوور و باشوور.

*** لەو سەردەمەی شۆڕشدا بەرگریکردن لە پێناو نەتەوەی کورد مۆرکێکی کوردایەتی و ئایینی پێوە دیار بوو، ئایا لەو سەردەمەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی ئایینی و نەتەوەیی دەکرا؟**

- کاتێك دەڵێم مەلا مستەفا بارزانی ئایینپەروەری و نیشتمانپەروەری پێکەوە گرێ دابوو، واتا بۆ خێری مرۆڤەکان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەش دەجەنگا. بوونی ئەو ژمارە زۆرەی مەلا لە دەوری مەلا مستەفا بە واتای ڕێزگرتن بوو بۆ مرۆڤ و بەرگریکردن لە مەزڵووم بوو، هەر خۆی لە خۆیدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ خێری بەشەرییەت هاتووە، ئەی پەروەردگار بە پێغەمبەرەکەی نەفەرمووە تۆم بۆ خێر و بەزەیی مرۆڤ لە جیهاندا ناردووە (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ).

مەلا مستەفا بارزانی بە جەنابی کاك مەسعود بارزانی گوتبوو: «شەڕی من لەگەڵ عەرەب نییە و ئێمە شەڕ لەگەڵ عەرەب ناکەین، شەڕی ئێمە لەگەڵ ڕژێمە»، ئەو شەڕی لەگەڵ ئەو ڕژێمانە بوو کە مافی کوردیان پێشێل دەکرد و غەدریان لە

گەلێکی موسڵمانی وەکو کورد دەکرد، دەزانیت کەلتووری بەفریاکەوتنی هۆزە عەرەبەکان لەکاتی وشکەساڵی بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان لە چییەوە هاتووە؟ مەلا مستەفا بارزانی لە سەردەمی وشکەساڵی کە هۆزە عەرەبەکان خوازیاری لەوەڕاندنی مەڕەکانیان بوون لە ناو مێرگەکانی کوردستاندا، ڕێگەیانی پێ دەدان، لەو سەردەمەی مەلا مستەفا بارزانی و کورد زۆر ڕێزی لە فریاکەوتنی نەتەوەکانی دیکە و پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی دەگرت، عەرەب و نەتەوەکانی دیکەش زۆر ڕێزیان لە مەلا مستەفا بارزانی وەکو سەرکردەیەکی کورد دەگرت، مەلا مستەفا بارزانی لە هەر ناوچەیەکدا قازییەکی شەرعی دانابوو بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەی خەڵکی، تەنیا یەك ئامانجیشی هەبوو، دەیگوت ئاواتم ئەوەیە تا لە ژیاندا مابم گەلی کورد ببینم بگاتە ئامانجی خۆی و بە ئازادی و سەربەستی بژی و زوڵم و دەستدرێژی نەکرێتەسەری، لەمەش گرنگتر زۆر دادپەروەر و خاوەن بەڵێنی خۆی بوو، دەزانیت بۆچی حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکە ئەوەندە ڕێز لە مەسعود بارزانی دەگرن؟ چونکە دەزانن کوڕی پیاوێکی وا گەورەیە کە هەرگیز بەڵێنی خۆی نەشکاندووە و دادپەروەر بووە و تەنانەت بەرانبەر دوژمنەکەشی بەزەیی هەبووە، بەڵام زوڵم و ناهەقیشی لەگەس قبووڵ نەکردووە.

*** تا چەند گرنگە دەسەڵاتدارانی کوردستان لەسەر ئەو ڕێبازەی مەلا مستەفا بارزانی بەردەوام بن و لە مامۆستایان و مەلای کورد نزیك بن، بۆ ئەوەی ئایین و خوداپەرستی و نیشتمانپەروەری لە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستاندا بێت؟**

- ئایین و نیشتمانپەروەری بۆ بەرگریکردنە لە ماف و گەڕانەوەی مافە بۆ زوڵملێکراو، پێویستە مامۆستا و مەلای کورد هەروەکو چۆن ئەرکی خوداپەرستی و ئایینپەروەری بەجێ دەهێنن، بەهەمان شێوە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکەشیان بەجێ بگەیەنن و لەسەر ڕێچکەی زانایان و مامۆستایانی پێش خۆیان بەردەوام بن و سستیی تێدا نەکەن، بە هەمان شێوە ئەرکی دەسەڵاتدارانی کوردستانە ڕێگە نەدەن کەسانی نەزان، یان هەلپەرست و ئەڵقە لەگوێی بێگانە ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە و گەنجەکانمان لە خۆشەویستیی خاك و نیشتمان و خێزان دوور بخەنەوە، کوردستان وەکو باخچە و ڕەزێك وایە لە هەموو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینی و حزبێکی تێدایە و مەرجەعێك و گەورەیەکمان پێویستە، تاوەکو هەمووان لەسەر ڕێبازی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی کۆ بکاتەوە و، لە ناکۆکی و فیتنە و ئاشووب گەلەکەمان بپارێزێت. ئێ خۆ ناکرێت گەورە و بچووك و ڕێز نەمێنێت و بێگانەش بەنزین بکاتە سەر ئاگر و فیتنەی گەورەمان بۆ بنێننەوە و ئێمەش بێدەنگ بین. لە دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردستان سەدان بیر و بۆچوونی دوور لەم کۆمەڵگەیان هێناوە و ناویان لێ ناوە نوێگەری، لە کاتێکدا هەرگیز لادان لە خوو و نەریتی ئیسلامی و کوردەواری نوێگەری نییە، پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: (يَدُ اللَّهِ مَعَ الْجَمَاعَةِ)، خودای گەورە و میهرەبانیش دەفەرموێت: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا). کورد تا لە دەورەی سەرکردەیەکی گەورە کۆنەبێتەوە کە خاوەنی مێژوو و بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر و نیشتمانپەروەر بێت، هەرگیز ناتوانێت لەو ئازار و مەینەتییە دەربازی ببێت کە دوژمنەکانی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە بۆیان خوڵقاندووین. ڕاستە کورد دین و ئازایەتی هەیە، بەڵام زۆربەی جار کەسانێك پەیدا بوون، هەر نۆکەر و خزمەتکاری بێگانە بوون و تەنانەت کە سەرکردەیەکی بەهێزی وەکو مەلا مستەفا بارزانی دەردەکەوێت، کەچی لە دوا ڕۆژەکانی شۆڕشدا فیتنە و ئاشووب دروست کرا، تا ئێمە ئەم هەموو مەلیك و سەرکردەیەمان هەبێت و ناکۆك بین لە ناو یەکدا کورد ناگاتە ئامانجی دەوڵەت و سەربەخۆیی، ئێ تا ئێمە لەسەر خاك و نیشتمانێکی سەربەخۆ نەژین و ئازاد نەبین، ئیتر چۆن دینداری و خوداپەرستی دەکرێت؟ بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو موسڵمانانە بەرگری لەم خاك و نیشتمانە بکەن و بیپارێزن.

**پێویستە مامۆستا و مەلای کورد هەروەکو چۆن ئەرکی خوداپەرستی و ئایینپەروەری بەجێ دەهێنن، بەهەمان شێوە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکەشیان بەجێ بگەیەنن**

**ئەرکی دەسەڵاتدارانی کوردستانە ڕێگە نەدەن کەسانی نەزان، یان هەلپەرست و ئەڵقە لەگوێی بێگانە ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە و گەنجەکانمان لە خۆشەویستیی خاك و نیشتمان و خێزان دوور بخەنەوە**

**تا ئێمە لەسەر خاك و نیشتمانێکی سەربەخۆ نەژین و ئازاد نەبین، ئیتر چۆن دینداری و خوداپەرستی دەکرێت؟**

**کورد تا لە دەورەی سەرکردەیەکی گەورە کۆنەبێتەوە کە خاوەنی مێژوو و بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر و نیشتمانپەروەر بێت، هەرگیز ناتوانێت لەو ئازار و مەینەتییە دەربازی ببێت کە دوژمنەکانی کورد لە ناوخۆ و دەرەوە بۆیان خوڵقاندووین**

مەیسەر نەهێلی بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی لەسەر ڕێبازی بارزانیی باوک گرنگییەکی زۆر بە لاوان دەدات

## یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە فۆرمی نوێ کاری ڕێکخراوەیی و پیشەیی خۆی دەکات

## سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژیەتی کاری بۆ ئەوەیە کەرتی تایبەت و دامەزراوەکان لە خزمەتی لاواندا بن

گۆڕانکارییەکانی سەردەم دیدگا و بۆچوونی پێشوویان بۆ لاوان گۆڕیوە و دەبێت پلان و بەرنامەکان بە شێوەیەك دابڕێژرێتەوە، کە لە ئاست خواست و ویستەکانی لاواندا بێت، ئەو پشێوی و بێسەروبەرییەی لە ئێستادا زۆر لە حزبەکانی کوردستان و لە ناو سۆشیال میدیا خوڵقاندوویانە، ئەوەندەی دیکە دۆخەکەی بۆ لاوان شڵەژاندووە، ڕێکخراوەکانی لاوان لە ناو ئەم گۆڕانکاری و ناڕەزایەتییانەی لاواندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مەیسەر نەهێلی سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** هەر دوو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کە لەسەر دەستی سەرۆکی نەتەوەیی کورد مەلا مستەفا بارزانی دامەزراوە، تەمەنێکی گەورە و خەباتێکی زۆری بۆ داکۆکیکردن لەسەر پرسی کورد و خەباتی نەتەوەیی هەبووە، لە ئێستادا دۆخەکە گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، ئایا تا چەند ئەم ڕێکخراوە گۆڕانکاری بەسەر ئەرك و شێواز و خەباتی مەدەنیی خۆیدا هێناوە؟**

- یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەسەر دەستی سەرۆکی نەتەوەیی کورد و کوردستان مەلا مستەفا بارزانی دامەزراوە، بارزانیی باوك لاوانی ئاراستەی خەباتی نەتەوەیی و داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان کرد و، ڕۆڵ و پێگەی مێژوویی ڕێکخراوەکە شاهیدی خەبات و کاری پڕ لە سەروەریی ئەم ڕێکخراوەیە، هەر لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانەوە تاوەکو ڕاپەڕین و شەڕی داعش، لاوانی کوردستان لە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکەدا شەهید و قوربانییەکی زۆریان لە پێناو گەلەکەیاندا داوە، ئەو سەردەمە توێژی لاوان بۆ شۆڕش و داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان، تا ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و پارێزگاریکردن لە قەوارەی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگ بوو، خۆگونجاندنی یەکێتی لاوان لەگەڵ قۆناغەکان و لە ڕووی خەباتی نەتەوەیی و مەدەنی و پیشەییەوە نهێنیی سەرکەوتنی ئەم ڕێکخراوەیە، زۆربەی پێشمەرگەکانی شۆڕش پەروەردەی ئەم ڕێکخراوە بوون، لە ئێستادا فۆرمی کارکردنی خۆمان بە هەر دوو ئاراستەی خەباتی مەدەنی بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان و داکۆکیکردن لە مافەکانی توێژی گەنجان گۆڕیوە. ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لاوێکی ئاست بەرز بۆ نیشتمان و نەتەوە بەرهەم دەهێنێت، کە هەم داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکات، هەمیش دەوڵەمەند بێت لە فکر و زانستدا و دیدگەیەکی هاوچەرخانەی هەبێت، بە خۆشحاڵییەوە سەرۆك بارزانی و هەر دوو جێگرەکەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی






کوردستان، پاڵپشتێکی تەواوی پێگەیاندنی لاوان و دابینکردنی ژیانێکی شایستەن بۆ لاوان، ئەوان لە بەرپرسیارێتی هەڵنایەن و کار بۆ دابینکردنی خواست و ویستەکانی گەنجان و لاوان دەکەن و، لە هەموو وێستگە و قۆناغەکاندا بە کردار کار بۆ دەربازبوونی لاوان لەناو چوارچێوەی داخراوی هزری کلاسیکی و فەوزا دەکەن، کاتێك سەرۆك بارزانی پێش یادی ١٨ی شوبات چاوی بە ئێمە کەوت، دڵنیای کردینەوە کە بە هەموو توانایەوە پاڵپشتی و داکۆکیکار دەبێت بۆ خواست و تێڕوانینەکانی لاوان، گرنگیدانی بەڕێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت بە زانکۆ و پرۆسەی خوێندن، ئاماژەدانە بەو گۆڕانکارییانەی لە دونیای ئەمڕۆدا بە سەر هزر و بۆچوونی گەنجدا هاتووە، هەر ئەم پاڵپشتییەش بوو وای کردووە ئەمڕۆ سەدان لاوی پەرلەمانتار و سیاسەتمەدار و دادوەر و یاسادانەر و دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان بن و، بڕوانامەی بەرزی پزیشك و ئەندازیار و مافپەروەر و سەدان پیشە و پۆست و بڕوانامەی دیکە بەدەست بهێنن، بەمەش ڕۆڵی گەورەیان لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و پارێزگاریکردن لە قەوارەی هەرێم و پێشخستنی کۆمەڵگەدا هەیە، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە بە کۆمەڵگەیەکی لاو ناو دەبرێت، لاوەکان داینەمۆی پەرەپێدان و پێشخستنی وڵاتن، لەم ڕوانگەیەشەوە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە توێژی لاوان داوە، ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ ڕێبازەکەی بارزانیی باوك کە ڕێز و گرنگی تایبەتی بە هەموو توێژەکان دابوو، بەمەش یەکێتی لاوان توانی فۆرمی چالاکییەکانی خۆی بگۆڕێت، بە ئاراستەی

**هەر لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانەوە تاوەکو ڕاپەڕین و شەڕی داعش، لاوانی کوردستان لە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکەدا شەهید و قوربانییەکی زۆریان لە پێناو گەلەکەیاندا داوە**



خەباتی مەدەنی و کردنەوەی سەنتەری ڕۆشنبیری و وەرزشی و پیشەیی و خوێندن و، یارمەتیدانی بەشە ناوخۆییەکان و نوێنەرایەتیی ڕاستەقینە و خەمخۆرانەی قوتابیان لە پەیمانگە و زانکۆکان و پێگەیاندنی لاوی سەرکردە.

*** لە ئێستادا تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنەکانی سەردەم زۆر خێرا لە گۆڕانکاریی بەردەوامدان، لە ناو گێژاوی ململانێی حزبە سیاسییەکان و هەوڵەکانی نارۆشنبیرکردنی لاوان و بە لاڕێدا بردنیان بۆ بەکارهێنانیان بۆ مەبەست و بەرژەوەندی شەخسی، ئایا بە چ ئاراستەیەك ڕووبەڕووی ئەم تەحەددییانە دەبنەوە؟**

- هاتنی تەکنەلۆژیا و زانیاری و کرانەوەی دونیا بە ڕووی سۆشیال میدیا و هۆکارەکانی دیکەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیی واقیعی کۆمەڵگە و تێڕوانین و دیدگەی لاوانی زۆر گۆڕیوە، هەروەکو چۆن خواست و ویستەکانیشیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لە بەرانبەریشدا زۆر کەس و لایەنی سیاسی هەن، ئیستغلالی ئەم تەکنەلۆژیایەیان کردووە بۆ بەلاڕێدابردنی لاوان و زیانگەیاندن بە خودی لاو و نیشتمانەکەی و لاوازکردنی هەستی ئینتیما، کە دواجار لاو و خانەوادە و نەوەی نوێ هەموویان زیانمەندن لەم ئاراستە ناعەقڵانییەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، بۆیە دەبێ ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان بەپێی پێویستی ئەم قۆناغە و بە فۆرمی نوێ کاری ڕێکخراوەیی و پیشەیی خۆیان بکەن، لە گیرفانی هەموو گەنجێکدا هەموو زانیاری و واڵابوونی سایت و سۆشیال میدیا و دەیان هەزار پەیج و فەیسبووك و تیك تۆك و هۆکاری دیکەی پەیوەندیکردن هەیە، بۆیە ئێمە خۆمان لەگەڵ ئەم فۆرمی ژیان و تەکنەلۆژیا نوێیەدا

**خۆگونجاندنی یەکێتی لاوان لەگەڵ قۆناغەکان و لە ڕووی خەباتی نەتەوەیی و مەدەنی و پیشەییەوە نهێنیی سەرکەوتنی ئەم ڕێکخراوەیە**

گونجاندووە و خودی واقیعە نوێیەکە بۆ زیاتر خزمەتکردنی پێگەیاندنی لاوان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئینتمیای نەتەوەیی و نیشتمانی بەکار دەهێنین، پشت بە خودا ئەم قۆناغە بە سەرکەوتوویی تێدەپەڕێنین و زۆرینەی خواست و داواکارییەکانی لاوان جێبەجێ دەکرێت، لەم هەفتەیەش دیداری لاوان لە دهۆك ساز دەدەین.

*** لە دیداری لاواندا هەوڵ دەدەن چ پەیامێك بگەیەنن و تا چەند لەو دیدارەدا دەتوانن لاوان لە فەوزای سیاسی بپارێزن و، وا بکەن لاوان هەست بکەن دەنگیان بیستراوە؟**

- یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان گەورەترین دیداری لاوان لە پارێزگای دهۆك بە بەشداریی ڕێژەیەکی زۆری لاوانی کوڕ و کچ لەم مانگەدا بەڕێوە دەبات، کە تێیدا زیاتر لە ٨٠٠ لاوی کچ و کوڕ بەشدارن و چەندین کێشەی تێدا باس دەکرێت، پرۆژەش بۆ چارەسەرکردنی پێشکەش دەکرێت، کە گرنگترین ئەو بابەتانەی باس دەکرێت، بریتییە لە (ئالوودەبوون، زانکۆ، بێکاری و سۆشیال میدیا...) هەموو کێشەکانیش دەستنیشان دەکرێن و ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکرێن. لەو دیدارەدا چاوەڕوان دەکرێت سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدار بێت. لە دیداری لاواندا باس لەوە دەکەین لاوی کورد چۆن سۆشیال میدیا بۆ پێگەیاندن و بەرزکردنەوەی ئەدای خۆی و لە پێناو ئامانجێکی پیرۆزدا بەکار بهێنێت، نەوەکو بکەوێتە ناو فەوزای ململانێی ناحزبیانە و پشێوی و بێسەروبەریی کاری ئێستای زۆر لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بەشێکی دیکەی دیدارەکە کردنەوەی پێشانگەیەکە کە تێیدا نیشانی داهێنانی لاوانە و، سێ تەوەری سەرەکی (لاوانی خاوەن داهێنان و خاوەن پرۆژە و خاوەن دەستی کار و هەلی کار و براندی تایبەت بە خۆیان) لەخۆدەگرێت، لە پەنێڵێکی دیکەدا کاراکتەری هەر سێ سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت ئامادە دەبێت، هەر خۆی لە خۆیدا یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای ستراتیژیەتی بارزانیی باوك دامەزراوە، کە لە ئێستادا سەرۆك مەسعود بارزانی سەرپەرشتیی ڕاستەخۆی ڕێکخراوەکە دەکات، کە بریتییە لەوەی لاوان دوێنێ لە سەنگەری خەباتدا بوون و ئەمڕۆ لە سەنگەری بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوە و پێگەیاندنی لاوی کورد و دەوڵەمەندکردنیاندان لە تەکنەلۆژیا و زانست، بێگومان ئەرکی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی هەرێمیشە بە دیالۆگ لەگەڵ لاوی کورد گفتوگۆ لەسەر خواست و دیدگە و پێشنیارەکانیان بکەن و، بە کردار کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و جێبەجێکردنی خواستەکانیان بکەن.

*** باسی ئەوەت کرد پێش ساڵیادی یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوان سەرۆك بارزانی لەگەڵتان دانیشت و گفتوگۆی کرد، ئایا داوای سەرۆك بارزانی بۆ ئێوە چی بوو؟**

- سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر گرنگیی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان کردەوە و داوای لێ کردین لەسەر ئەو ستراتیژیەتەی بارزانیی باوك بڕۆین، کە لەسەر ئەو بنەمایە ئەو ڕێکخراوانە دروست بوون، کە ئەرکیان پاراستنی نەتەوە و نیشتمان و کۆمەڵگەیە، بۆ ئەم مەبەستەش تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە، چۆن لاوێك دروست بکەین داهێنان بکات و نیشتمانپارێز بێت و خزمەت بە خۆی و کۆمەڵگە بکات. لە بەرانبەردا نەیارانی کورد و دوژمنانی کوردستان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بەلاڕێدابردنی لاوان و زیانگەیاندن بە خودی لاوان و کۆمەڵگە و کەلتوور و ئایین و نیشتمانەکەمان، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو دایك و باوك و خێزان و مامۆستا و دڵسۆزانی گەلەکەمانە، کە چیتر ڕێگە نەدەین زیان بە لاوانی کورد بگەیەنرێت لە ڕێگەی ئالوودەبوون و کۆچکردن و بەکارهێنانیان بۆ کار و هزر و بۆچوونی هەڵەی دوور لە کەلتوور و نەریتی کوردەواری.

*** کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەند گرنگیی بە لاوان داوە؟ ئایا ئێوە وەکو ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە نزیکەوە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی لاوان؟**

- ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکات، هەموو کەرتەکان بکەونە خزمەتی لاوانەوە، پەروەردە و خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری و هونەر

**یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لاوێکی ئاست بەرز بۆ نیشتمان و نەتەوە بەرهەم دەهێنێت**

**کاتێک سەرۆک بارزانی پێش یادی ١٨ی شوبات چاوی بە ئێمە کەوت، دڵنیای کردینەوە کە بە هەموو توانایەوە پاڵپشتی و داکۆکیکار دەبێت بۆ خواست و تێڕوانینەکانی لاوان**

**ئەرکی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی هەرێمیشە بە دیالۆگ لەگەڵ لاوی کورد گفتوگۆ لەسەر خواست و دیدگە و پێشنیارەکانیان بکەن و، بە کردار کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و جێبەجێکردنی خواستەکانیان بکەن**

**نەیارانی کورد و دوژمنانی کوردستان لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بەلاڕێدابردنی لاوان و زیانگەیاندن بە خودی لاوان و کۆمەڵگە و کەلتوور و ئایین و نیشتمانەکەمان**

و وەرزش و کایەکانی دیکە، فرەچەشنکردنی ئابووری و گرنگیدان بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیارییش لە پێناو دۆزینەوەی هەلی کاردایە بۆ گەنجەکانمان، هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەت بۆ بەدیجیتاڵکردنی حکومەت و شەفافییەت و کەمکردنەوەی ڕۆتین و بیرۆکراتیەت و باشکردنی خزمەتگوزارییەکان، هەمووی ئاوات و ویست و خواستەکانی لاوانە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو چاکسازییەی لە کەرتی تایبەتدا ئەنجامی داوە و یاسای کاری ناردە پەرلەمان و پەسەند کرا و ڕێژەی کرێکار و فەرمانبەرانی کوردی لە ناو کۆمپانیا و پڕۆژەکاندا چەسپاند، هەمووی ژمارەگەلێکی زۆر کاری بۆ گەنج و لاوەکانمان زامن کرد، بەمەش بە کردار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و بەدەستهێنانی هەلی کار دەکات لە ناو کەرتی تایبەت، لە شەشەمین ئیڤێنتی تێدێکسی نیشتمانیش بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت کۆمەڵێك گەنج چەندین کاریان خستەڕوو، سەرۆکی حکومەت وێڕای دەستخۆشی، هیوای خواست ساڵ لە دوای ساڵ سەرکەوتووتر بن، ئێمەش بەردەوام لە ڕێکخراوەکەماندا لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە لاوان لەسەر هێڵین و کێشە و پێشنیارەکانیان بۆ بەرز دەکەینەوە و، وێڕای ئاستەنگ و بەربەستەکان، کوردستانمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پێش دەکەوێت و گەنجی کورد ئومێد و ئاواتێکی گەورەی لە بەردەمدایە.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی زەمینە لەبارتر بۆ لاوی کورد بڕەخسێت، تاوەکو بەشداریی زیاتری لە پرۆسەی سیاسی و ئابووریدا هەبێت، بەتایبەتی دەرفەتی کاری بۆ بدۆزرێتەوە کە کێشەیەکی گەورە و سەرەکیی ئەمڕۆی لاوانە؟**

- لاوی کورد خاوەن پڕۆژە و بیرۆکەی گەورەیە و، دیدگای گەنجی کورد زۆر فراوان و دووربینە، لاوەکانمان بە درێژایی قۆناغەکانی خەبات و شۆڕش و ڕاپەرین قوربانییەکی زۆریان داوە لەپێناو ئەم نیشتمانە، ئەوان پارێزەر و داکۆکیکاری قەوارەی هەرێمی کوردستانن و دڵسۆزییەکی زۆریان تێدایە، هەموو ئەو بیروبۆچوونە نامۆ و توندوتیژانەی دەرخواردی ئەم میللەتە درا، کاریگەریی لەسەر لاوان نەبوو، ئەمە جێگەی ئومێد و خۆشحاڵییە ئەمڕۆ لاوی کورد هوشیارە بە ماف و ئەرکەکانی سەرشانی و، بە چارەسەرکردنی کێشەکانی دڵنیاین ئەوەندەی دیکە ئەدای بەرزتر دەبێتەوە، بەتایبەتی چارەسەری کێشەی بێکاری، چونکە چەندین ساڵە گەنجی کورد لە زانکۆ و پەیمانگەکان دەردەچن و ژمارەیەکی زۆریان کارێکی گونجاوی شیاوی بڕوانامەکەیان دەست نەکەوتووە، پارتی دیموکراتی کوردستان پاڵپشتی دۆزینەوەی هەلی کارە و لەم پێناوەشدا کار بۆ پاڵپشتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، لە ڕێگەی بەهێزبوونی حکومەتەوە قەوارەی هەرێم بەهێز دەبێت و لاوەکان دەبنە خاوەنی هەلی کار، ئەی ئەوە نییە ناوبەناو دوژمنانی ئەم گەلە تووشی قەیرانی دارایی و بڕینی بودجە و مووچەمان دەکەنەوە و، تەنانەت سوودوەرگرتن لە سامانی نەوت و گازی خۆشمان بە ڕەوا نابینن، سەرۆکی حکومەت بۆیە گرنگی بە کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەدات، تاوەکو زۆرترین هەلی کار بۆ گەنجەکان و قوتابیانمان دەستەبەر ببێت، یەکێك لە کێشەکانی نەبوونی دەرفەتی کار گرێنەدانی پڕۆگرامەکانی زانکۆ و ئاستی پێگەیاندنی قوتابیانە بە بازاڕی کارەوە، بۆ نموونە لە ڕووی زمان و تەکنەلۆژیا و تواناییەوە لەگەڵ کاری نوێی بازاڕ ناگونجێن، خاڵێکی دیکە زۆر لە حزبەکانی کوردستان ئەوەندەی سەرقاڵی دروشم و نانەوەی پشێوین، ئەوەندە سەرقاڵی هاوکاریکردنی لاوان و پاڵپشتیکردنی حکومەت نین بۆ دۆزینەوەی کار بۆ گەنجەکان، وەکو ئەوە وایە ئەوان خوازیاری بێکاریی ئەوان بن بۆ ئەوەی لە بازنەی بیروبۆچوون و ئامانج و مەبەستی ئەوان دەرنەچن، واتا ئەوەندەی مەبەستیانە لاوان لە بازنەی نیشتمانی و نەتەوەیی دەربهێنن، ئەوەندە مەبەستیان نییە کار بۆ گەنجەکە بدۆزنەوە، بە پێچەوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە بەردەوام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەوڵی پێگەیاندنی زانکۆ و بازاڕی کاردایە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە جددی کار دەکات لە پێناو پێگەیاندنی لاوان و دۆزینەوەی هەلی نوێی کار.

**هەوڵەکانی سەرۆکی حکومەت بۆ بەدیجیتاڵکردنی حکومەت و شەفافییەت و کەمکردنەوەی ڕۆتین و بیرۆکراتیەت و باشکردنی خزمەتگوزارییەکان، هەمووی ئاوات و ویست و خواستەکانی لاوانە**

**چەندین ساڵە گەنجی کورد لە زانکۆ و پەیمانگەکان دەردەچن و ژمارەیەکی زۆریان کارێکی گونجاوی شیاوی بڕوانامەکەیان دەست نەکەوتووە**

**سەرۆکی حکومەت بۆیە گرنگی بە کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەدات، تاوەکو زۆرترین هەلی کار بۆ گەنجەکان و قوتابیانمان دەستەبەر ببێت**

**زۆر لە حزبەکانی کوردستان ئەوەندەی سەرقاڵی دروشم و نانەوەی پشێوین، ئەوەندە سەرقاڵی هاوکاریکردنی لاوان و پاڵپشتیکردنی حکومەت نین بۆ دۆزینەوەی کار بۆ گەنجەکان**



**دکتۆر محەمەد شەریف**

**بیرمەند و شرۆڤەکار بۆ گوڵان:**

# ئیسلامی سیاسی لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا سیاسەتی تێکەڵ بە ئایین کردووە و زیانی بە پیرۆزییەکانی گەیاندووە

**پیرۆزیی ئایین لە ناو نەتەوەی کورددا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئایینی تێکەڵ بە سیاسەت نەکردووە، بەڵکو بۆ لایەنی خێری بەشەرییەت و لێبووردەیی بەکاری هێناوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیاری ئاراستەی دکتۆر محەمەد شەریف بیرمەند و شرۆڤەکار کرد. لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** ئایین بە شێوەیەکی گشتی بێجگە لە پیرۆزییەکەی ئەگەر تێکەڵاوی سیاسەت نەکرێت، تەواسوڵێکی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و هاووڵاتیان پێکەوە ئاگاداری کێشەکانی خۆیان دەبن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی کاتێك ئایین تێکەڵاوی سیاسەت دەکرێت، ئەم خەسڵەتە جوانەی ئایین بزر دەبێت؟**

- ئایین بە شێوەیەکی گشتی پیرۆزیی خۆی هەیە و نابێت تێکەڵ بە سیاسەت بکرێت، دین مافی هەموو مرۆڤێکە و بۆ خێر و خۆشیی بەشەرییەت هاتووە و، نابێت سیاسەت و بازرگانیی پێوە بکرێت، هەر کاتێکیش ئایین بۆ مەبەستی سیاسی و بازرگانی بەکار هێنرابێت، ئیستیفزازە بۆ کەسی بەرانبەر و بە نییەتی پێشێلکردنی مافی بەرانبەر بەکار هێنراوە، ئینجا موسڵمان بێت، یان لەسەر هەر دینێکی دیکە بێت، مەبەست لەم لادانە لە سرووشتی دیین خواردنی مافی بەرانبەرە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی شەخسی، یان سیاسی و یان بازرگانی و دونیایی، هەر خۆی لە خۆیدا سرووشتی دین (مخلصین لە الدین) لەوەدایە نابێت هیچ شتێك لەگەڵ دین تێکەڵاو بکرێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر دین لەگەڵ بابەت و شتی دیکە تێکەڵاو بکرێت، ئەوا دژی پرەنسیپەکانی دین ڕادەوەستێتەوە و کێشە و گرفت و کەموکورتی لێ دەکەوێتەوە، باشە کاتێك تۆ دەزانیت دین پیرۆزە، ئەی بۆچی دەیبەیتە بازاڕ و خەڵکی پێ چەواشە دەکەیت؟ ئەم تێکەڵکردنە باشترین فێڵە بۆ چەواشەکاریی خەڵك و کۆمەڵگە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم کارە هەمیشە کارێکی خراپ بووە، لەگەڵ دین و ئامانجە پیرۆزەکەی ناگونجێت، کە چاکسازی و ئاشتی و خێری بەشەرییەت و پاككردنەوەی دڵ و دەروونەکانە، بۆیە هەر زوو ئەم چەواشەکارییە ئاشکرا دەبێت، ئەی ئەوە نییە قورئانی پیرۆز دەڵێت: (يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ) واتا مرۆڤەکان پاك دەکاتەوە و فێریان دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سرووشتی مرۆڤ بێ کەموکورتی نییە، بۆ نموونە چاوچنۆکی و خۆپەرستی هەیە، کە تەنیا بە دین پاك دەبێتەوە، لە مێژووی ئیسلامدا نموونەی زۆرمان لە بەلاڕێدابردنی ئایینی هەیە، بۆ نموونە کاتێك ئیسلام ڕێگەی خۆی گرتبوو، خەواریجەکان ئیسلامیان بەهەڵە بەکار دەهێنا، تا ئەو ڕاددەیەی بە ئیمامی عەلییان دەگوت کافر بووە .

*** تێگەیشتن لە ئایین بەو مانایە دێت کە پەیڕەوانی بە پیرۆزی دەزانن، ئەوجا هەر ئایینێك بێت، ڕێزگرتن لە کۆی ئایینەکان واتا ڕێزگرتنە لە کەرامەتی هەموو پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکان، لە ئایینی ئیسلامیشدا پەیڕەوی (لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ) کراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە**

**ئایا چۆن ئەم گیانی تەساموح و پێکەوەژیانە دروست دەبێت کە لە کوردستان هەیە و جیهان شانازیی پێوە دەکات؟**

- کۆمەڵگە لەسەر کۆڵەگەی ئەوە ڕاوەستاوە کە هەمووان هەست بە بوونی خۆیان بکەن و هەست بەوە بکەن ئەو وڵاتەی لەسەری دەژین، موڵکی هەموانە، لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا فرەیی و پێکهاتەی ئاینی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام لە کوردستان ئەم فرەیی و پێکهاتەیە دەوڵەمەندە و جگە لە موسڵمان و مەسیحی و جوو، پەیڕەوانی کاکەیی و ئێزدی و زەردەشتیش هەن و، دەبێت بەپێی یاسا و دین و پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی بە یەك چاو سەیر بکرێن، لە ئیسلامدا هاتووە: هەموو خەڵك وەکو یەك وایە، هەر لە خەڵقبوونیانەوە هەمووان دوو چاو و دوو دەست و دوو قاچ و عەقڵیان هەیە، ئەوەی بە هەست و خەیاڵی مەسیحییەکدا دێت، بە هان شێوە لە هەست و خەیاڵی موسڵمانەکە و ئایینزاکانی دیکەشدا هەیە، لە کوردستان بەپێی دابونەریتی کوردەواری و تێگەیشتن لە ڕەسەنایەتیی ئایینەکە ڕێز لە هەموو ئایین و ئایینزاکان گیراوە و بە یاسا هەموو ئەم پێکهاتە ئایینییە جیاوازانە چەسپاوە و یەکسانی نێوان ژن و پیاو پیادە کراوە، ئەی ئەوە نییە لە کاتی تەنگانەدا هەموو دەبنە برای یەکتر و هیچ کەسێك هەست بە جیاوازیی ئایینی ناکات، بوومەلەرزەکەی چەند هەفتەیەك لەمەوبەر کە لە باکووری کوردستان و تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان ڕووی دا، لە کەنیسە و مزگەوتەکاندا پێکەوە بە هانای خەڵکی لێقەوماوانەوە هاتن، کوردستان پێگەیەکی پێکەوەژیانی ئایینی و ئایینزاکانە و جیهان بە شانازییەوە دەڕوانێتە ئەم پێگەیە.

*** خودا فەزڵی پیاوی بەسەر ژندا نەداوە، تەنانەت فەزڵی هیچ نەتەوەیەکی بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا نەداوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ئەم یەکسانییەی پەروەردگار لە نێوان ژن و پیاودا بەرجەستە نەکراوە؟**

- لە پێش ئیسلام ڕێز لە ژن نەگیراوە، نەك تەنیا لە ناو نەتەوەی عەرەب، بەڵکو پێش ئیسلامیش کە ڕۆشنبیرترین میللەت یۆنان بووە و فەیلەسوفی گەورەی وەك ئەرستوو و ئەفلاتوونیان هەبووە، کەچی لە هزر و بیردۆزەکانیاندا ئەم ڕێزە لە ئافرەت نابینرێت، ئەرستوو ژنی لە لا مرۆڤ نەبووە و لە ناو زۆر نەتەوەی دیکەشدا ئازاردانی ژن هەبووە. ئەم بارودۆخە لە دوای هاتنی ئیسلام گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە، لە دوای هاتنی ئیسلام ئافرەتان شاندێکیان ڕێك خستووە و چوونەتە خزمەتی پێغەمبەر (د.خ) و پرسیاریان کردووە، بۆچی لە قورئانی پیرۆزدا تەنیا باسی پیاوان دەکات و باسی ئێمەی ژن ناکات؟ لە پاشان هەر ئایەتێك دابەزیوەتە خوارەوە لە پاڵ ئاماژەدان بە پیاو، ناوی ئافرەتیش هاتووە، بۆ نموونە (الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ و.. هتد)، لێرەدا لە ژیاندا پەیوەندیی نێوان پیاو و ژن ڕێك خراوە و هاوبەشییە، بەڵام هیچ هاوبەشییەك هەیە سەرۆکێکی نەبێت؟ ناکرێت هەر کەسەو بە ئارەزووی خۆی کار بکات و ئەم پەیوەندییە ڕێك نەخرێت، ئەمە لە قورئانی پیرۆز ڕێك خراوە، کاتێك دەگوترێت (وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ) واتا پیاوان دەرەجەیەکیان هەیە بەوەی هێز و توانایان زیاترە لە ژنان، سەردەمی پێشوو بۆ شەڕ پیاوان بانگ دەکران و ئەو کاتە بۆ شەڕ (شیر) هەبوو، کە زۆر قورس بوو، تەنیا پیاو دەیتوانی بەکاری بهێنێت، ئەو دەمە شەڕ بە فڕۆکە و تانك و ئامێر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو نەبوو، ئەمە مانای ئەوە نییە، ژن تەنیا مافی ئەوەی هەیە ماڵ بەڕێوە ببات، لە گوندەکان کاری جووتیاری و مەڕداری و زۆربەی ئیشوکارەکان ژن بەڕێوەی دەبات، بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو حاڵەتێکدا پیاو لە پێشە و لە هەندێك حاڵەتیشدا ژن لە پێشە.

*** زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان لە هەردوو تەریقەتی (قادری و نەقشبەندی) شێوازێکی تەسەوفیان بۆ خوداپەرستی پیادە کردووە، تەنانەت پەیڕەوانی هەر دوو تەریقەتەکەش تەریقەتی یەکتریان وەرگرتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەردوو تەریقەتەکە هەوێنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام بەم دواییانە و دوای دروستبوونی حزبە ئیسلامییەکان بە هەر دوو بەرەی (ئیخوان و سەلەفی) سەرنج دەدەین خەریکە ئەو**

**دین مافی هەموو مرۆڤێکە و بۆ خێر و خۆشیی بەشەرییەت هاتووە و، نابێت سیاسەت و بازرگانیی پێوە بکرێت**

**ئەگەر دین لەگەڵ بابەت و شتی دیکە تێکەڵاو بکرێت، ئەوا دژی پرەنسیپەکانی دین ڕادەوەستێتەوە و کێشە و گرفت و کەموکورتی لێ دەکەوێتەوە**

**کاتێک ئیسلام ڕێگەی خۆی گرتبوو، خەواریجەکان ئیسلامیان بەهەڵە بەکار دەهێنا، تا ئەو ڕاددەیەی بە ئیمامی عەلییان دەگوت کافر بووە**

**حزبانە ئایین دەکەنە هەوێنی پاشاگەردانیی کۆمەڵایەتی، ئەم دوو جیاوازییە لە ڕووی فیکری و فەلسەفەی ئایینەوە چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- ئیسلام دڵی مرۆڤەکان پاك دەکاتەوە، ئەمەش زیاتر تەسەوف دەیکات، بۆیە ناتوانین بڵێین لە ئیسلامدا تەسەوف نییە، هەر کاتێك تەسەوف بە شێوەیەکی پاك و دڵسۆزی نەبێت، بۆ دینەکەی خراپە، ئینجا تەسەوف قادری و نەقشبەندی بێت، یان بە شێوەیەکی گشتی سیاسییەکان بن، دین بۆ بەرژەوەندیی میللەتە و ئەمانە هەر یەکەیان زیاتر هۆکارێکە بۆ ئەوەی خۆیان بەدیار بکەون، تەسەوف تەنیا لە ئێستادا نییە کە هەیە، بەڵکو پێش شێخ عەبدولقادری گەیلانی و دوو سەد و سێ سەد ساڵ دوای پەیدابوونی ئیسلامیش ئەو تەسەوفە هەیە، شێخی عەزیمیش هەبووە و شێخیش هەبووە بۆ مەبەستی خۆیان کردوویانە، ئیسلامییەکان هەندێکیان وا تێدەگەن سەلەفییەکان لە بەشی ئەوان دەخۆن و ئەوانیش وا تێدەگەن ئیسلام هەر ئەوەیە کە ئەوان پەیڕەوی دەکەن، پێش ٥٠ بۆ ٦٠ ساڵ لەمەوبەر کاتی خۆی کە هەر فەقێ و مەلا هەبوو، ئەو ململانێیە لە نێوان مەلا و سۆفی و دەروێشدا هەبووە، لە ئێستادا ململانێیەکە لە نێوان مەلا و شێخ و دەروێشدا نییە، بەڵکو زیاتر ململانێیەکە لە نێوان شێخەکانی قادری و نەقشبەندی و لەگەڵ سیاسییەکان (ئیسلامی سیاسی)دایە، ئیسلامی سیاسیش وا تێدەگەن دەسەڵات لە خزمەتی شێخەکاندایە بۆ ئەوەی ڕێگە لە (ئیسلامی سیاسی) بگرێت، بەم شێوەیە دەسەڵات بیەوێت، یان نەیەوێت مەسەلەی نەقشبەندی و قادری لە کوردستان ڕەگی داکوتاوە، ئەمەش نە بە ئیسلامی سیاسی و نە بە غەیرە ئیسلامی سیاسییش ناتوانن نەیانهێڵن، بەڵام پێویستە وەك ئەوەی حکومەت دەیکات و هاوسەنگیی لە نێوانیاندا کردووە، وەك چۆن هاوسەنگیی لە نێوان ئایین و ئایینزا و مەزهەب و حزب و لایەنەکاندا دروست کردووە، بە هەمان شێوە تەرازووەکەی ڕاگرتووە لە نێوان سۆفییەکان و ئیسلامی سیاسیدا، ئێمە یاسامان هەیە و پێویستە یاسا سەروەر بێت، هەر بۆیە هەر کەسێك لە یاسا لای دا، ئێنجا ئیسلامی سیاسی بێت و خودی دەوڵەتەکە خۆی بێت، یان قادری و نەقشبەندی بێت، دەبیت بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

*** لە ڕووی فیکری و فەلسەفییەوە جیاوازیی نێوان دەق (قورئان) لەگەڵ تەفسیر چییە، ئەوەی سەرنج دەدرێت، بەشێکی زۆر لە ئیسلامی سیاسیی تەفسیرە کۆنەکان بەسەر سەردەمە تازەکاندا فەرز دەکەن؟**

- بەڵێ، جیاوازی هەیە، دەق کەلامی خوایە و دەبێت ئەوەش بزانین کە دەق کەلامی خوایە، هەندێك باسی عەقائیدە و جێگیرە (ثوابت) و ناگۆڕدرێت، بەڵام هەندێکی قابیلی گۆڕان و تەفسیرە، بە کورتی دەڵێین تەفسیر کەلامی بەشەرە و دەبینین لە (٦،٥) تەفسیردا دەڵێن فڵانە تەفسیر هەڵەی کردووە، ئەگەرچی ناکرێت و ناتوانرێت بڵێیت: قورئان هەڵەی کردووە، چونکە قورئان قسەی خوایە و سەبارەت بە قورئان ئەوە نابێت گومانت هەبێت کە ئەوە هەیە، یان ئەوە نییە، بەڵام وا دەبێت مانایەکە جێگیر نییە، چونکە قورئان وشەیەکی بەکارهێناوە ئەو وشەیە هاوبەشە و پێنج تاکو شەش مانای هەیە، هەر لێکدەرەوەیەك بە مانایەك دەریخستووە، لێرە هەر کەس گەڕاوە کە کامە مانا ڕاستە.

بێگومان تەفسیر هەیە کۆنە، بەڵام لەگەڵ ئێستا ڕێك دەکەوێت و تەفسیریش هەیە لەگەڵ ئێستا و ئەم سەردەمە گۆڕاوە و گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە خودا دەڵێت ئەگەر شەڕتان کرد، ئەوە یەك لە دوای یەك ڕیز بن (يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا)، ئایا ئێستا ئەوە لەو سەردەمە دەکرێت، نەخێر ناکرێت، چونکە ئامراز و چەکەکانی شەڕی ئێستا وەك پێشتر نییە، بۆیە لەو سەردەمەدا ئەو ئایەتە مانای ئەوەیە ناکۆك مەبن، هەر بۆیە زۆر ئایەت هەیە دەبێت ماناکەی وەربگریت و بزانیت چی مەبەستە، ئیسلامی سیاسی لە بەرژەوەندیی خۆی سیاسەت دەکات، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ناوی دینی لێ ناوە و سیاسەتی تێکەڵ بە دین کردووە، کە ئەمە ناکرێت، دین بۆ چارەسەر و نەهێشتنی کێشەکانە، نەك ئیشکالییەتی زیادە دروست بکات.

**کۆمەڵگە لەسەر کۆڵەگەی ئەوە ڕاوەستاوە کە هەمووان هەست بە بوونی خۆیان بکەن و هەست بەوە بکەن ئەو وڵاتەی لەسەری دەژین، موڵکی هەمووانە**

**ئیسلام دڵی مرۆڤەکان پاك دەکاتەوە، ئەمەش زیاتر تەسەوف دەیکات، بۆیە ناتوانین بڵێین لە ئیسلامدا تەسەوف نییە**

**ئیسلامییەکان هەندێکیان وا تێدەگەن سەلەفییەکان لە بەشی ئەوان دەخۆن و ئەوانیش وا تێدەگەن ئیسلام هەر ئەوەیە کە ئەوان پەیڕەوی دەکەن**

# کۆتایی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان و چەند ڕاستییەک

**بابەتی فرەنەتەوە و ئایینی لە هەرێمی کوردستان ڕەگێکی قووڵی هەیە و، سەرباری چەندین ڕووداو کە ئامانج لێی شێواندنی ئەو پێکەوەژیانە بووە، بەڵام هەمووان کەلێنێکیان نەهێشتەوە، ڕەگی قووڵی ئەم پێکەوەژیانە هەڵتەکێندرێت**

**زۆربەی پێکهاتەکان لە ڕووی جوگرافییەوە کەوتوونەتە ئەو سنوورەی کە پارتی تێدا باڵادەستە و، لەم باڵادەستییەی پارتی سوودمەند بوون، لە ڕووی پارێزگاریی ئاسایشی ئایینی و نەتەوەیی و خوێندن و ڕۆشنبیری و زمان و ئابووری و...هتد**

بەستنەوەی کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لە باشووری کوردستان لەم قۆناغە و پرسی هەڵبژاردن بە کورسیی کۆتاکان (پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان) بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، هەڵەیەکی گەورەی ئەو لایەنەیە کە ئەم بابەتەی ورووژاندووە، بەبێ ئەوەی حیساب بۆ خودی بڕیار و ویستی ئەو پێکهاتانە بکرێت.

پارتی بۆچی گرنگی بەم پرسە دەدات و یەکێتی بۆچی ئەم پرسەی کردووە بە بیانوو؟ ئەم پرسیارە فرە ڕەهەندە.

جارێ با لەوەوە دەست پێ بکەین کە بابەتی فرەنەتەوە و ئایینی لە هەرێمی کوردستان ڕەگێکی قووڵی هەیە و، سەرباری چەندین ڕووداو کە ئامانج لێی شێواندنی ئەو پێکەوەژیانە بووە، بەڵام هەمووان کەلێنێکیان نەهێشتەوە، ڕەگی قووڵی ئەم پێکەوەژیانە هەڵتەکێندرێت و ناوبانگی باشووری کوردستان زیانمەند بکات، هەر ڕووداوێکی ناخۆشیش دژ بە پێکهاتەکان لە عێراق و ناوچەکانی دیکە هاتبێتە پێش، لە باشووری کوردستاندا پێچەوانە بووە و بەهانایانەوە چوون، ئەمەش ناوبانگی هەرێمی کوردستانی جیا کردووەتەوە لە ناوبانگی عێراقی ئێستا و بەشێکیش لە وڵاتانی ناوچەکە، هەروەها باشووری کوردستانی کردووە بە نموونەیەك کە بۆ پرسی ئازادیی پێکهاتەکان چاوی زیاتری لەسەر بێت، لەمەدا سیاسەت و ستراتیژییەتی پارتی باڵا دەست بووە و، بەردەوام لەسەر ئەم پرسە خۆی بە خاوەن زانیوە، پێکهاتەکانیش پێش هەموو لایەنێك پارتییان جیاواز تەماشا کردووە و، بەشێك لە بڕیارە گرنگەکانیان پەیوەست بە خۆیان بەستووەتەوە بە پارتییەوە، ئەمەش هەم شانازییە بۆ پارتی و زۆر جاریش سەرئێشە بووە و ڕووبەڕووی تانە بووەتەوە، بەڵام هەر دوو دیوەکەی ئەوەی لە ستراتیژیەتی پارتی کەم نەکردووە، بەڵکو زێدەتر سووربوونیان خستە گەڕ کە پێکهاتەکان مافەکانیان پارێزارو بێت.

ڕەهەندێکی دیکەی ئەم پرسە ئەو واقیعەیە کە زۆربەی پێکهاتەکان لە ڕووی جوگرافییەوە کەوتوونەتە ئەو سنوورەی کە پارتی تێدا باڵادەستە و، لەم باڵادەستییەی پارتی سوودمەند بوون، لە ڕووی پارێزگاریی ئاسایشی ئایینی و نەتەوەیی و خوێندن و ڕۆشنبیری و زمان و ئابووری و...هتد.

ئەگەر سەیری لایەنێکی دیکەی بەشداریی پێکهاتەکان لە سەرجەم دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، دەگەین بەو ڕاستییەی کە چەندە لە قازانجی سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگی داوەتەوە و، پەراوێزنەخستنیان لە باشووری کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی دەستێوەردانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی بە ڕووی پێکهاتەکان نەکرێتەوە، کە پێشتر چەندین وڵات خوازیاری ئەوە بوون بە ناوی بەرگریکردن لەو پێکهاتانە دەستتێوەردان بکەن، بەڵام پشتیوانیکردنی پێکهاتەکان و دەستەبەرکردنی ماف و ڕۆڵگێڕانیان لە تەواوی پرسەکان و تێکەڵبوونیان بە سەرجەم کایەی حوکمڕانی و هەستکردن بە بەشدارییەکی ڕاستەقینە، ئەو کارتەی دەست هەندێك وڵاتانی سووتاندووە.

ئەی بۆچی یەکێتی ئەم پرسەی کردووە



**پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم**

قوتابیی ماستەر- مێژوو

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بە گرێی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دەخوازێ کورسیی کۆتاکان بەسەر حزبەکاندا دابەش بکرێت؟ بۆچی کۆتاکانیان کردووە بە قوربانیی کێشەکانیان لەگەڵ پارتی؟

یەکێتی دەزانێت هەندێك بابەت لای پارتی هی سازش نییە، یەکێك لەوانە ماف و ئازادییەکانی پێکهاتەکانە، لەمەدا پارتی سازش لەسەر هەق و مافی خۆی دەکات، بەڵام ئامادە نییە سازش لەسەر پرسی ئازادی و مافەکانی پێکهاتەکان بکات، بۆیە یەکێتی و حزبەکانی دیکەیش خوازیارن ئەم خاڵە بەهێزەی پارتی لەکەدار بکەن و، ئەو ئامانجەی خۆیان هەیانە بپێکن و کارتی بەهێزی پێکهاتەکان لەبن دەستی پارتی دەربهێنن، لەمەشدا پارتی پێشیان دەکەوت و بایی هێندەی چاندووە پێکهاتەکان ئەگەر بڕیارێکیش بدەن لە قازانجی واقیعەکە دەبێت کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، بۆیە بەرپرسانی پارتی زۆر بە ڕوونی بە یەکێتی و بە خودی پێکهاتەکان و بە هەموو ئەو لایەنانەی دەیانەوێت ڕۆڵی خێر لەم پرسەدا ببینن، دەڵێت: «با کەس بڕیار لەسەر ئەوان نەدات، با پێکهاتەکان خۆیان بڕیار بدەن»، ئەمەش دیسان بەرگرییەکە لە مافی پێکهاتەکان و پارتی دەڵێت: «ئەوان چ بڕیارێك بدەن پاڵپشتیان دەبین و پشتگیرییان لێ دەکەین»، کەواتە لێرەش پێکهاتەکان دیسان ئەو متمانەیان بۆ دروست بووە کە پارتی ئەو حزبەیە بە ڕوانگەیەکی ستراتیژیی دوورمەودا بیر لەم پرسە دەکاتەوە، نەك پرسێك بۆ قۆناغێکی کاتی و یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکی.

ئێستا، جوانترین هەڵوێست ئەوەیە، پێکهاتەکان لە نێوان هەموو بژاردەکاندا پشت بەو بژاردەیە ببەستن، کە ئەنجامی بیرکردنەوە و بڕیار و ئیرادەی خۆیانە، نەك لەژێر هیچ فشارێکدا ئەو دەستکەوتانەی هەیانە لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستاندا پاشەکشەیان پێ بکات.

بۆیە تا حزبەکانی دیکە پێداگری بکەن لەسەر ئەوەی مەودای ماف و ئازادییەکانی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە کوردستان تەسك بکەنەوە، زیاتر وەلائی پێکهاتەکان بۆ پارتی کێش دەکەن، ئەمەش هەڵەیەك بوو ئۆپۆزسیۆن و یەکێتی پێکەوە ئەنجامیان دا، باجەکەیشی ئەوەیە لە نێو پەرلەماندا ئەگەر پێکهاتەکان یەك کورسییشیان هەبێت، دەچێتە پاڵ کورسییەکانی پارتییەوە.

سەرباری ئەمانەش، مادام لە چوارچێوەی کوردستاندا ئەم فرەییە هەیە لە ڕووی ئایینی و نەتەوەییەوە، پێویست دەکات لەگەڵ زیادبوونی ژمارەیان، یان پێکهاتەی دیکەی وەك برایانی ئێزدی و کاکەیی و...هتد، کورسییان لە نێو پەرلەماندا بۆ تەرخان بکرێت و ببن بە بەشێك لە کۆی گشتیی پرۆسەکە.

گرنگترین خاڵ کە بتوانێت سەقامگیری و ئاشتی لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستاندا بپارێزێت، فراوانکردنی بەشداریی سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و بیروڕا جیاوازەکانی نێو هەرێمی کوردستانە، بۆیە ئەرکی هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێت لەمەدا کۆك بن و ئیرادەی حزبی بەسەر پێکهاتەکاندا نەسەپێندرێت و، لە بەردەم بەدەستهێنانی مافی زیاتر کۆسپیان بۆ دروست نەکرێت.

**تا حزبەکانی دیکە پێداگری بکەن لەسەر ئەوەی مەودای ماف و ئازادییەکانی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە کوردستان تەسک بکەنەوە، زیاتر وەلائی پێکهاتەکان بۆ پارتی کێش دەکەن**

**گرنگترین خاڵ کە بتوانێت سەقامگیری و ئاشتی لەنێوان پێکهاتەکانی کوردستاندا بپارێزێت، فراوانکردنی بەشداریی سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و بیروڕا جیاوازەکانی نێو هەرێمی کوردستانە**

دیمانەی تایبەت



### پرۆفیسۆرجون تیوفەڵ درەیەر بۆ گوڵان:

# ئەگەر چین تایوان داگیر بکات، ئەمریکا دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی دەکات

جون تیوفەڵ درەیەر پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی میامی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە تێیدا وانەبێژ و توێژەرە لە بارەی کاروبارەکانی چین، هەروەها سیاسەتی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین و ئەگەری داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی تایوان لەلایەن چین و چەند بابەت و پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** * چۆن لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی چین و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڕوانیت؟ ئایا پێت وایە ئەم پەیوەندییانە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕۆن؟ ئایا دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانیان پتر بەرەو لێکترازان و دوورکەوتنەوە بڕۆن؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە ئەم لێکترازان و دوورکەوتنەوەیە کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی پێ دەکەن، لە ئارادایە و هەیە و لە هەندێ بواردا تا ڕاددەیەك هەڵکشاوە و زیاتر بووە، هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئێمە لەم ڕووەوە ئەو ڕاستییە نادیدە نەگرین کە خودی چین وڵاتێکە ڕێژەیەکی زۆر دانیشتووانی هەیە و ڕەوش و باری ئابووریی ئەو وڵاتەش بە ئاراستەی گەشەکردندا هەنگاوی هەڵگرتووە و بەرەوپێش چووە، بەم شێوەیە و بە هۆی ئەم گەشەکردنە و زۆریی دانیشتووانەوە، ئەوا بووەتە بازاڕێکی گەورە بۆ کاڵای وڵاتانی دیکە، لەبەر ئەوە پێم وانییە پەرەسەندنەکە بە ئاراستەی لێکترازان و لێکدابڕانی تەواو و یەکجاریدا بێت، هەروەها ڕاستە لە نێو خودی وڵاتی چینیشدا هەندێ کاڵا بەرهەم دەهێنرێن بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی و پڕکردنەوەی پێداویستیی دانیشتووانەکەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و لە هەمان کاتدا هەندێ کاڵای دیکە هەن کە بەرهەم دەهێنرێن بە ئامانجی فرۆشتنیان لە بازاڕەکانی دەرەوەی چین.

*** بەڵام بۆچی لە بری ئەوەی پەیوەندییەکان بە ئاراستەی ئاوێتەبوون و بەیەکداچوونی زیاتری پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان بڕۆن، ئێستا باس لەوە دەکرێت کە پەرەسەندەکان بە ئاراستەی لێکدابڕان و دوورکەوتنەوەن، هۆکارەکە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من هۆکارەکە ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیگەرانە لە ڕەفتار و سیاسەتە توندەکانی وڵاتی چین لە دەریای باشووری چین و دەریای ڕۆژهەڵاتی چین و هەڵوێستەکانی چین لە ئاست تایوان، هەروەها لەم ڕووەوە چەند بەرپرسێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێدوانیان لەم بارەیەوە داوە، کە یەکێك لەو بەرپرسانە سەر بە دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا و ئەوی دیکەیان ژەنەڕاڵە لە سوپای ئەمریکا، کە باسیان لە پێشبینییەکانیان کرد لە بارەی داگیرکردنی تایوان لەلایەن چینەوە و، باس لەوە دەکەن کە ساڵی ٢٠٢٥ یان ٢٠٢٧ وڵاتی چین هێرش دەکاتە سەر تایوان بە مەبەستی داگیرکردنی، هەندێکی دیکە لە بەرپرسان پێیان وایە، شی جینگ پینگ سەرۆکی چین هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵناگرێت و بڕیارێکی لەم شێوەیە نادات، ئەویش دوای ئەوەی چارەنووسی داگیرکارییەکەی ئۆکرانیای لەلایەن ڕووسیاوە بینی و لەبەرچاوی گرتووە، سەرۆکی چین پێشبینی ئەوەی کردبوو، ڕووسیا دەتوانێت بە خێرایی و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ئۆکرانیا ملکەچ بکات، بەڵام ئاشکرایە بارودۆخەکە بەم چەشنە نەکەوتەوە و ئەم دەرئەنجامەی نەبوو، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکەی -بەریتانیا- باسیان لەوە کردووە کە ئەگەر تایوان لەلایەن چینەوە داگیر بکرێت، ئەوا بەرگری لە تایوان دەکەن.

*** کەواتە پێت وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستتێوەردانێکی ڕاستەوخۆی سەربازی دەکات، ئەگەر چین بڕیاری داگیرکردنی تایوان بدات؟**

- لە ڕاستیدا کەس ناتوانێت بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکلا بکاتەوە، بەڵام من خۆم پێم وایە ئەمریکا دەستتێوەردانێکی سەربازیی لەم چەشنە دەکات ئەگەر چین ئەم کارە بکات، دواتر ئەمریکییەکان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی تایوانەوە پێیان وایە ئەو وڵاتانەی دەیانەوێت سەربەخۆ بن، ئەوا پێویستە ئەم خواستەیان بەدی بێت، ئەمریکاش هەر خۆی بەم شێوەیە سەربەخۆیی بەدەست هێناوە، تایوانیش بەشێك نەبووە لە چین، لەبەر ئەوە ئێستا سەربەخۆیە، کەواتە من باوەڕم وایە ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرگری لە تایوان بکات، هۆکاری ستراتیژییش هەن بۆ ئەوەی ئەمریکا ئەم کارە بکات، تایوان هەڵکەوتەیەکی زۆر ستراتیژیی هەیە و ئەگەر

چین بتوانێت تایوان داگیر بکات، ئەوا سنووری ئاوی چین بەسەر یاباندا دەڕوانێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی یابان زۆر نیگەران بێت و یابانیش هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، هاوپەیمانە بە گوێرەی پەیماننامە و ڕێککەوتننامەی نێوانیان و ئەمریکا ڕێگە نادات ئەمە ڕوو بدات.


*** ئێوە ئاماژەتان بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و کاریگەرییەکەی لەسەر بڕیاری چین بۆ داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی تایوان کرد، بەڵام ئایا چۆن هەڵوێستی بێلایەنیی چین لە ئاست ئەم شەڕەدا لێک دەدەنەوە؟ ئایا پێتان وانییە ئەمە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا بێت، بەو پێیەی تا ئێستا چین ئیدانەی ئەم شەڕەی نەکردووە؟**

- من پێم وایە هۆکاری ئەم هەڵوێستەی چین ئەوەیە کە، هەردوو وڵاتی چین و ڕووسیا لەلایەن ڕۆژئاواوە بەرهەڵستی دەکرێن، هەروەها حوکمڕانییەکی تاکڕەوی هەیە لەم وڵاتانەدا و، هەر دوو سەرۆکی ئەم وڵاتانە تێڕوانینێکی بەرزەفڕانەیان هەیە لە ئاست خۆیاندا و هەردووکیان پێیان وایە کە چارەنووسێکی مێژوویی هەیە کە دەبێت بەدی بهێنن، واتە خاڵی هاوبەشی نێوانیان زۆرە، هەرچەندە خاڵی جیاوازیشیان هەیە، بۆ نموونە لە ڕۆژگاری یەکێتیی سۆڤییەتدا چین وەک برابچووکێک لێی دەڕوانرا و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، بەڵام ئێستا چین لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەکردووترە و لە ڕووی سەربازییەوە لە پێگەیەکی باشتردایە و ڕووسیاش ئەمەی پێ ناخۆشە. ئەگەر باسی بێلایەنیی چینیش بکەین لە ئاست ئەم شەڕەدا، ئەوا چین سوودمەندە و بەردەوامە لە کڕینی نەوتی ڕووسیا، ڕەنگە چین کاری دیکەش ئەنجام بدات و بۆی هەیە چەکیش بە ڕووسیا بدات، کێ دەزانێ، دواتر دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە حکومەتی ئەمریکا هەموو شتێک بە هاووڵاتییەکانی نالێت کە دەیزانێت، ڕەنگە ئەگەر چین کارێکی لەم چەشنەی کردبێت، ئەوا ئەمریکا لە بارەیەوە زانیاریی هەبێت.

*** هەر لە پەیوەندی بە کاریگەرییەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، پێت وایە تا چەند ئەو سزا ئابووری و داراییانە کە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەسەر ڕووسیادا سەپێندراون، بووبێتنە هۆی ئەوەی چین هەڵوێستە بکات و بیر لەوە بکاتەوە کە ڕێگەچارەی خۆبژێوی بگرێتەبەر، تاحاڵەتی سەپاندنی سزاش بەسەریدا تووشی بارودۆخێکی قورس و دژوار نەبێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا چین ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا هەوڵی داوە کە سیاسەتی خۆبژێوی پیادە بکات و بگرێتەبەر و، نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستا دەستپێشخەری لە چین دروست کراوە، واتە هەمیشە چین ئەو نییەتەی هەبووە کە ئەگەر تووشی سەپاندنی سزا ببێتەوە، ئەوا دەتوانێت لە ڕێی خۆبژێوییەوە کاریگەریی ئەم سزایانە تێپەڕێنێت، بەڵام لێرەدا نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت، کە هۆکارێکی گەشەکردنی چین ئەوە بووە کە توانیویەتی کاڵایەکی زۆر بە ڕۆژئاوا بفرۆشێت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر سیاسەتی خۆبژێوی پیادە بکات، ئەوا ئەو کاتە ناتوانێت کاڵای زۆر بە ڕۆژئاوا بفرۆشێت، لەو کاتەشدا تووشی دژواری دەبێتەوە لە سەرخستنی ئەم پرۆژە و دەستپێشخەرییەدا، چونکە هەرچۆنێک بێت پێویستی بە تەکنەلۆژیای ویلایەتە یەکگرتووەکان و یابان و کەرەستەی وڵاتانی دیکە دەبێت، کەواتە پوختەی قسەکە ئەوەیە، ئەگەر چین بیەوێت پارێزگاری لەم ئاستەی ئێستای گەشەکردنی وڵاتەکەی بکات، ئەوا ناتوانێت ئەم خۆبژێوییە پیادە بکات. هەروەها پێشتریش چین نەیتوانیوە خۆبژێو بێت و لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا پشتی بە هاوردەکردن لە وڵاتانی دیکەی بلۆکی سۆڤیەت بەستبوو، بەڵام ئەو کاتە وڵاتێکی زۆر هەژار بوو، هۆکاری ئەم گەشەکردنەی ئێستای چین ئەوەیە کە لە پەیوەندی و کارلێکدا بووە لەگەڵ وڵاتانی دیکە و ئەو کەرەستە و کاڵایانەی پێ فرۆشتوون کە پێویستیان پێی بووە و ئەو کەرەستە و کاڵایانەی لێ کڕیون کە خۆی پێویستی پێیان هەبووە.

دیمانەی تایبەت



## پڕۆفیسۆر ڕۆبەرت زاکری بۆ گولان:

# ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت جۆرێکە لە جیهانگیرییەکی تازە

رۆبەرت زاکری لۆرەنس، پڕۆفیسۆری بازرگانی و وەبەرهێنانی نێودەوڵەتییە لە سکوولی جۆن کێنێدی بۆ حکومەت لە زانکۆی هارڤارد و بەڕێوەبەری گرووپی بازرگانییە لە هەمان سکووڵ، هەروەها توێژەری باڵایە لە ئامۆژگای پیتەرسۆن بۆ ئابووریی نێودەوڵەتی، پێشتریش لە بیرۆی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی ئابووری توێژەر بووە، لە ساڵی ١٩٩٩بۆ ٢٠٠١ ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکارانی ئابووریی سەرۆك بیل کلینتۆن بووە، پتر لە ١٠٠ توێژینەوە و وتاری لەبارەی ئابووریی نێودەوڵەتییەوە نووسیوە. گولان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجام و دەرهاویشتە جیهانییەکانی ئەم شەڕە و ئاقار و ئایندەی سیستمە نێودەوڵەتییەکە و چەندین پرسی دیکەی پەیوەندیدار.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا پێشهات و پەرەسەندنێکی هێندە گەورە و قووڵ بووە، کە دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ڕەهەندی جیهانییان هەیە و، تێکڕای هێزە مەزنەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئێوە چۆن لە ئاکام و کاریگەریی ئەم شەڕە دەڕوانن لەسەر سیستمە جیهانییەکە بەردی بناغەی ئەم سیستمە پشتبەیەکبەستن و ئاوێتەبوونی ئابووری بوو، لە کاتێکدا ئێستا بە هۆی ئەم شەڕەوە باس لە لێکدابڕان و دوورکەوتنەی ئابووری دەکرێت، بە هۆی ئەو سزایانەی ڕۆژئاوا بەسەر ڕووسیادا سەپاندوونی؟**

- بە دڵنیاییەوە ئێمە لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە ئەو هەلومەرجەی هاتووەتە ئاراوە بە هۆی ئەم شەڕەوە، بووەتە هۆی ئەوەی هەندێ وڵاتی دیاریکراو بە ئاراستەی لێکدوورکەتنەوە و لێکدابڕان ئاقار و ئاراستە بگرنەبەر، کەواتە ئەمە هیچ گومان هەڵناگرێت. ئێوە بڕواننە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا و ڕووسیا، کە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئەڵمانیا درکی بەوە کردووە و بۆی دەرکەوت کە زیاد لە پێویست پشتبەستوو بووە بە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیاوە.

*** بەڵام دەوترێت یەکێك لە دەرئەنجامەکانی دیکەی ئەم شەڕە دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ پێشبینییەکانی ڕووسیادا کە پێی وابوو ئەم شەڕە دەبێتە هۆی دروستکردنی درز و کەلێن لە نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەلای کەمەوە وڵاتانی ئەورووپا، چونکە ئەوەتا پەیوەندییەکانی وزە لە نێوان ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا زیاتر بەرەوپێش چووە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- من پێم وایە نابێت ئەوە نادیدە بگرین کە ئەم شەڕە و دەرئەنجامەکانی بوونەتە هۆی ئەوەی هەندێ وڵات لێك نزیك ببنەوە، چونکە ئەوەتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە نێو وڵاتانی ئەورووپادا پەیوەندییەکی بەتینتر و نزیکتریان هەیە لەگەڵ یەکدا بە بەراورد بە پێش شەڕەکە. کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا من دەڵێم بە جیهانیبوون لەژێر هەڕەشەدایە، هەروەها ئەو بیرۆکەیەش ڕووبەڕووی مەترسی بووەتەوە کە پێی وابوو سەرجەم وڵاتان پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ یەکدا دەبەستن و گرێی دەدەن.

کەواتە ئەوەی لە ئێستادا لە جیهاندا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە گرووپێك لە وڵاتان پێکەوە پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ یەکدیدا ئەنجام دەدەن، کەواتە ئەوەی هاتووەتە ئاراوە بە جیهانیبوونێکی جیاوازە، واتە سەرتاسەری جیهانی نەگرتووەتەوە. هەرچۆنێك بێت دەکرێت پێی بوترێت ناوچەیی، یان هەرێمی و کۆمەڵە وڵاتێکی دیاریکراو دێن و پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکدیدا دادەمەزرێنن و برەوی پێ دەدەن، کە پێم وایە لە ئێستادا جیهان بەم ئاقار و ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵدەگرێت.

*** زۆرجار پێشتر باس لەوە کراوە کە باشترین گەرەنتی بەدیهێنانی ئاشتی و بەرپێگرتن بە هەڵگیرسانی شەڕ بریتییە لە بوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان و پشت بە یەك بەستنی ئابووری لە نێوان وڵاتاندا، بەو واتایەی ئەگەر پەیوەندییەکی بەتینی بازرگانی و ئابووری هەبێت لە نێوان وڵاتاندا، ئەوا بیر لە پەنابردنەبەر بەرپاکردنی شەڕ ناکەنەوە، بە تێڕوانینی ئێوە تا چەند شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا ناچاری کردین پێداچوونەوە بەم بیرۆکە و تیۆرەدا بکەینەوە؟**

- من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ڕاستە هەندێ جار پەیوەندییە بازرگانییەکان ئەم دەرئەنجامەیان لێ دەکەوێتەوە، واتە دەبنە هۆی بەرگرتن بە بەرپابوونی شەڕ، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە هەندێ جار بازرگانی و پەیوەندییە بازرگانییەکان بارێکی لاواز و لەرزۆکیش دەخوڵقێنن. چونکە وڵاتی یابان بە ئاراستەی بەرپاکردنی شەڕ هەنگاوی هەڵگرت و پەلاماری پێرڵ هاربەری دا، وەك کاردانەوە و پەرچەکرداری ئابڵوقەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر وڵاتەکە کە ڕێگری کرد لەوەی یابان نەوت بکڕێت. هەروەها لە نێو خودی ئەمریکاشدا پەیوەندیی بازرگانی لەنێوان ویلایەتەکانی باشوور و ویلایەتەکانی باکووردا هەبوو، بەڵام ئەمە ڕێگری نەکرد لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لە نێو ئەم وڵاتەدا.

*** باشە ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووەوە لەم پرسە بڕوانین، ئەو حاڵەتانەی پەیوەستن بەم تیۆرەوە چیمان پێ دەڵێن، ئایا پەیوەندییە بازرگانییەکان بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ، یان نموونەکان هێندە زۆرن لەبارەی هەڵگیرسانی شەڕەوە سەرباری بوونی پەیوەندیی**

**بە جیهانیبوون لەژێر هەڕەشەدایە، هەروەها ئەو بیرۆکەیەش ڕووبەڕووی مەترسی بووەتەوە کە پێی وابوو سەرجەم وڵاتان پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ یەکدا دەبەستن**

**چین دەستی کردووە بە پیادەکردن و جێبەجێکردنی سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆبژێوی و پشت بەخۆبەستن**

**ئەمریکاش سەرقاڵی ئەوەیە کە پتر پشت بەخۆبەستوو بێت، یان بەلای کەمەوە هەوڵی ئەوە بدات ئاراستە و ئاقاری باری بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتە هاوڕێ و هاوپەیمانەکانیدا چڕ بکاتەوە**

**بازرگانی کە بەس بن بۆ ئەوەی دەست لەم تیۆرە هەڵبگرین؟**

- لە ڕاستیدا لەم ڕووەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە مێژوویەکی دوور و درێژ هەیە لە بارەی ئەوەی کە ئەو وڵاتانەی پەیوەندیی بازرگانییان هەبووە لەگەڵ یەکدیدا و لە کۆتاییدا چوونەتە نێو شەڕەوە لە دژی یەکتری. هەر چۆنێك بێت دەکرێت ئەگەر پشت بەیەك بەستنێکی ڕاستەقینە هەبێت و هەردوو وڵات ئەو کاڵا و کەرەستە و بەرهەمانە بە یەکدی بفرۆشن، کە پێویستیان پێیەتی، ئەوا ئەگەرێکی کەمتر لە ئارادا دەبێت کە بچنە شەڕەوە لە دژی یەکتر. بەڵام ئەگەر وڵاتێك پێی وابوو کە هێزێکی گەورە بازاڕی هەبێت و باوەڕی وابێت کە پێویستی بە وڵاتەکەی دیکە نییە- کە لە پەیوەندیی بازرگانیدایە لەگەڵیدا-، وەك ئەوەی ڕووسیا کە پێی وابوو دەتوانێت زاڵ بێت بە سەر ئەڵمانیادا، ئەوا ئەمە بازرگانی بوو کە ڕوون و ئاشکرایە سەری نەکێشا و نەبووە هۆی بەدیهێنان و بەرپاکردنی ئاشتی، بەڵکو بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ.

*** هەر لە پەیوەندی بە ڕەهەند و لایەنە ئابووری و داراییەکانی ئەم شەڕەوە، ئەوا ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیا، چەندین سزایان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، ئێوە چۆن لە کاریگەری و کارایی ئەم ڕێکار و سزایانە دەڕوانن، بەتایبەتی کە تا ئێستا نەبوونەتە هۆی ئەوەی سەرۆك پوتین پێداچوونەوەیەکی جددی بە بڕیاری شەڕدا بکات، ئایا ئەمە چ پەیامێکی بە چین داوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە لە کاریگەری و کاردانەوەکانی ئەم سزایانە بڕوانین، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی چینەوە هەبێت، ئەوا لە ئێستادا چین دەستی کردووە بە پیادەکردن و جێبەجێکردنی سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆبژێوی و پشت بەخۆبەستن. واتە لە چوارچێوەی ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چیندا، چین هەوڵی داوە کە داهێنانکاری لە ناوخۆدا پەرە پێ بدات، بگرە ئەم ڕەوتەی لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە دەستی پێ کردووە و پەرەی پێ داوە. بەڵام وەك کاردانەوە و پەرچەکردای ئەوەی لە ئاست ڕووسیادا بەدییان کرد و بینییان، ئەوا خواست و ئارەزوویەکی بەهێزتریان بۆ دروست بووە بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی زیاتر هەڵبگرن. لەبیرمان نەچێت، چین هاوردەکارێکی گەورە و مەزنی سێمی کەندەکتەرە و کورتهێنانێکی گەورەی بازرگانی هەیە لە بواری چیپدا، ئەگەر بێبەش بکرێت لە پەرەپێدانی ئەم پیشەسازییە لە ڕێی بێبەشکردنی لە هاوردەکردنی دەرەکی لەم ڕووەوە، ئەوا ئەمە خواستی ئەوەیان لا دروست دەکات کە هەوڵ بدەن لە ناوخۆدا دروستی بکەن و پەرەی پێ بدەن.



*** ئێمە بۆیە پرسیارمان لەبارەی چینەوە کرد، چونکە وڵات و هێزێکی گەورەی ئابوورییە لە جیهاندا و بڕیار و سیاسەتەکانی کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر دۆخی ئابووریی جیهان، بەڵام ئایا پێت وایە هیچ وڵاتێکی دیکە هەمان خواست و ئارەزووی چینی هەیە، بە چەشنێك کە بتوانین لە کۆتاییدا چەند کوتلەیەکی وڵاتان بەدی بکەین کە هەروەك ئێوەش لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەتان پێ کرد؟**

- نەخێر، ئەم ڕەوت و ئاراستەیەی کە هاتووەتە ئاراوە، تەنیا بە وڵاتی چینەوە پەیوەست نییە، بەڵکو ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش سەرقاڵی ئەوەیە کە پتر پشت بەخۆبەستوو بێت، یان بەلای کەمەوە هەوڵی ئەوە بدات ئاڕاستە و ئاقاری باری بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتە هاوڕێ و هاوپەیمانەکانیدا چڕ بکاتەوە.

**میژوویەکی دوور و درێژ هەیە لە بارەی ئەوەی کە ئەو وڵاتانەی پەیوەندیی بازرگانییان هەبووە لەگەڵ یەکدیدا و لە کۆتاییدا چوونەتە نێو شەڕەوە لە دژی یەکتری**



هۆژدار مستەفا بۆ گوڵان:

# پێشنیارەکەی بانکی فیدراڵیی ئەمریکا بۆ دامەزراندنی سەکۆی ئەلەکترۆنی و مامەڵەکردن بە سیستمی سویفت چارەسەرە بۆ جێگیریی بەهای دینار

**دوای دروستبوونی قەیرانی نەختینەیی داشکانی بەهای دیناری عێراقی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی و، هەمــوو ئـەو بڕیـار و ڕێوشـوێنانەی لەلایـەن هـەردوو بانکـی فیدراڵیـی ئەمریـکا و بانکـی ناوەنـدی و حکومەتـی عێراقـەوە گیرانـە بـەر، نەیانتوانیـوە لـە بازاڕەکانـی نێوخـۆدا بەهـای ڕاسـتەقینەی دینـاری عێراقـی بـۆ پێـش مانگـی تشرینی یەکەمـی سـاڵی ٢٠٢٢ بگەڕێننـەوە. پرسـی ناجێگیـری و لاوازیـی بەهـای دینـاری عێراقـی و چارەنووسی بارودۆخـی کەرتـی بانکـی و نەختینەیی لـە عێـراق و هەرێمـی کوردستان، تـەوەرەی سـەرەکیی دیداری گۆڤاری گـوڵان بوو، لەگـەڵ هۆژدار مستەفا ڕەسووڵ مامۆستا لـە بەشـی دارایـی و بانکـی لـە کۆلێـژی بەڕێوەبـردن و ئابووریـی زانکـۆی سـەلاحەدین، لێـرەدا دەقـی وتەکانـی بـڵاو دەکەینـەوە.**

*** بـا ڕاسـتەوخۆ لـە هـۆکاری سـەرهەڵدانی قەیرانی داشکانی بەهای دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی دەست پێ بکەین، ئەم بابەتە لەلایەن ئابووریناسـان و پەرلەمانتـاران و چاودێرانـی سیاسی و ئابوورییەوە قسە و باسی زۆری لەسەر دەکرێـت، ئێـوە وەك مامۆسـتایەکی شـارەزا لـە بـواری نەختینەییدا چۆن دەڕواننە بارودۆخەکە؟**

- لـە سـاڵی **٢٠٠٣**وە ئـەو کاتـەی حکومەتـی نوێـی عێـراق دروسـت بـوو، نەتوانـراوە کەرتـی نەختینەیـی و دارایـی و بانکـی لـە عێراقـدا بـە شـێوەیەکی زانسـتی و ڕاسـت و دروسـت دابمەزرێنرێـت، بۆیـە لـەم وڵاتـەدا قەیرانـی نەختینەیـی و دارایـی هەمیشـە ئامادەیـی تێـدا هەبـووە و، ناوبەنـاو بڵقـی قەیرانـی دارایـی و نەختینەیـی ڕوو دەدات، شـوێنەوارەکانی قەیرانـە نەختینەیـی و داراییەکانیـش لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان حزووریـان هەیـە، بـەو پێیـەی کوردسـتان هەرێمێکـی فیدراڵییـە و سیاسـەتی دارایـی و مافـی چاپکردنـی دراوی نییـە، بڵقـی قەیرانەکـەی ئـەم دواییـەی داشـکانی بەهـای دینـار کاتێـك ڕووی دا کـە لـە مانگـی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ٢٠٢٢ کۆمەڵێك بڕیـاری بانکـی ناوەندی لەسـەر داوای بانکـی فیدراڵیـی ئەمریـکا بـۆ کۆنتڕۆڵکردنـی ئاودیوکـردن و گەمەکـردن بـە دراوی دۆلار دەرچـوو، ئـەوە بـوو ڕاسـتەوخۆ دوو کۆمەڵـە هـۆکار بوونـە هـۆی داشـکانی خێـرای بەهـای دینـاری عێراقـی بەرانبـەر دۆلاری ئەمریکـی، بـە واتایەکـی دیکـە، هەمـوو ئـەو کۆمەڵـە هۆکارانـەی لـە دروسـتبوونی دەوڵەتـی عێراقـەوە هەیـە و خـاوەن سـیادەییەکی بەهێـز نییـە و ناسـەقامگیریی سیاسـی و ناجێگیریـی دۆخـی ئابـووری و دارایـی لـێ کەوتووەتـەوە، لەگـەڵ هـۆکارە نوێیـەکان پێکـەوە بارودۆخێکـی نەخوازراویـان دروسـت کـرد. هـۆکاری دووەمـی لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە کـە عێـراق خاوەنـی سیسـتمێکی دارایـی و نەختینەیـی ڕێکوپێـك نییـە و تەنیـا سیسـتمی ئابووریـی ڕەیعـی (واتـا پشـت بـە تاکـە سـەرچاوەی داهاتـی فرۆشـتنی نـەوت بەسـتووە،) بانکەکانیشـی لـە ئاسـتێکی باشـدا نیـن و وەزارەتـی نەوتـی عێـراق نەوتێکـی

**عێراق خاوەن سیادەییەکی بەهێز نییە و ناسەقامگیریی سیاسی و ناجێگیریی دۆخی ئابووری و دارایی لێ کەوتووەتەوە، لەگەڵ هۆکارە نوێیەکان پێکەوە بارودۆخێکی نەخوازراویان دروست کردووە**

**تا نەبینە خاوەنی سیستمێکی بانکیی بەهێز و بانکێکی ناوەندی وا، کە بتوانێت ڕۆڵی لە سیستمی دارایی و سیاسەتی نەختینەییدا هەبێت، دەبێت هەر چاوەڕوانی ئەو شۆک و قەیرانە دارایی و نەختینەییانە بین**

**لە عێراقدا زیاتر لە ٧٠ بانکی تایبەتی و چەندین بانکی حکوومی هەیە، بەڵام ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە لە کۆنترۆڵکردن و جووڵەی ئەو ٩١ تریلیۆن دینارەی لە ساڵی ٢٠٠٣ وە چاپ کراوە**

زۆر دەفرۆشێت و بە دۆلار بۆی دەگەڕێتەوە و دەیداتەوە بە وەزارەتی دارایی، ئەمیش لە ڕێگەی کەناڵە خەرجییەکانی خۆیەوە دەیخاتەوە بازاڕ، بە داخەوە دەوڵەتێکی ٤٠ ملیۆن کەسی و گەورەی وەکو عێراق ئیکۆنۆمیی بەم شێوەیە بەڕێوە دەبرێت، بەم تێڕوانینە دەیسەلمێنین کە قەیرانی ئەم دواییەی دینار بناغەی هەبووە و چاوەڕوانکراویش بوو.

*** کەواتە بانکەکان لە عێراق و کوردستان لە ناو کایەی ئابووریدا بە ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان هەڵناسن، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چی بکرێت بۆ ئەوەی بانکەکان ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان بۆ بگەڕێتەوە؟**

- لاوازیی بانکی ناوەندیی عێراق و نەبوونی سیادەی ئەو بانکە و نزمیی ئەدای بانکە حکوومی و تایبەتییەکانیش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، تا نەبینە خاوەنی سیستمێکی بانکیی بەهێز و بانکێکی ناوەندی وا، کە بتوانێت ڕۆڵی لە سیستمی دارایی و سیاسەتی نەختینەییدا هەبێت، دەبێت هەر چاوەڕوانی ئەو شۆك و قەیرانە دارایی و نەختینەییانە بین، لە کاتێکدا لە عێراقدا زیاتر لە ٧٠ بانکی تایبەتی و چەندین بانکی حکوومی هەیە، بەڵام ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نییە لە کۆنترۆڵکردن و جووڵەی ئەو ٩١ تریلیۆن دینارەی لە ساڵی ٢٠٠٣ وە چاپ کراوە، عێراق وەکو دەوڵەت نازانێت نزیکەی ٤٠ تریلیۆن دیناری لە کوێیە و لەوەی دەمێنێتەوە ١٩ تریلیۆن دیناری پاشەکەوتە لای هاووڵاتیان و ١٠ تریلیۆن دیناری دیکە لای بانکی ناوەندییە و بڕێکی کەمیشی لە ناو جووڵەی بازاڕ و مامەڵەکردندایە، لە کاتێکدا دەبوایە بەشێك لە پاشەکەوتی خەڵکی لە بانکدا دابنرێت و کاری پێ بکرێتەوە، نەوەکو پارەی پاشەکەوت لای هاووڵاتیان بمێنێتەوە، چونکە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بەها ڕاستەقینەکەی ساڵ لە دوای ساڵ بە ڕێژەیەکی جیاواز لە دەست دەدات، بە شێوەیەکی گشتی بانکەکان زیاتر بە کاری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵناسن و دەبێت بە وەزیفەی سەرەکی خۆیان هەڵسن.

*** بۆچی بانکی ناوەندیی عێراق نەیتوانیوە تا ئێستا لە بازاڕەکاندا بەهای دینار بە جێگیری بهێڵێتەوە؟**

- هۆکاری سیاسی و دارایی و نەختینەیی لە پشت قەیرانی ئەم دواییەی داشکانی بەهای دینار بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی و ناجێگیریی نرخەکەیەتی، لەلایەك بڕە پارەیەکی زۆری دۆلاری پاڵپشتیکراو ئاودیو دەکرا و، لەلایەکی دیکەوە عێراق خۆی لە خۆیدا خاوەنی سیادە نییە بە بانکی ناوەندییەکەشیەوە، کە بەپێی دەستوور نەدەبوایە پارێزگارەکەی لەو ماوە کورتە بگۆڕدرێت، لە ڕووی دارایی و نەختینەییشەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەرچی پرۆژە و بزنێس و سەفقەی گەورە هەیە، بە دراوی دۆلار ئەنجام دەدرێت، تا ئەو ڕاددەیەی کڕینی ئۆتۆمبێل و خانوو و زەوی و بگرە کەمالیات و کەلوپەلی کارەباش، ئەمە بە بەرچاوی بانکی ناوەندی و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی ئابووری و دارایی و نەختینەیی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بۆ بێمتمانەیی خەڵکی دەگەڕێتەوە بۆ بەهای دینار، لە شارێکی وەکو هەولێر نووسینگەی حەواڵە زۆر زیاترە و کۆنترۆڵکردنی بڕی هاتوچۆی نەختینە ناکرێت، تا وای لێ هاتووە ناوی ئەم مەکتەبانە بە هەڵە ناو نراون بۆرسە، ئەو بەناو بۆرسەیەی لە بەغداش هەیە، ڕۆڵێکی زۆر لاوازی هەیە و تەنیا لە چوارچێوەیەکی تەسکدا مامەڵەی بۆرسەی تێدا دەکرێت.



سەبارەت بە ناوەڕۆکی پرسیارەکەتان، هەمووان لەسەر ئەوە هاوڕان کە ڕۆڵی بانکی ناوەندی زۆر لاوازە و هەر بڕیار و ڕێوشوێنێکی گرتبێتە بەر، تەنیا لە پەرچەکردار زیاتر هیچی دیکە نەبووە، بەڵگەش بۆ ئەمە زۆر دەمێکە بانکی فیدراڵیی ئەمریکی ئاگاداری بانکی ناوەندیی عێراقی کردووەتەوە، بەوەی سەکۆی ئەلەکترۆنی، یان سەکۆی بەیانات دروست بکات بۆ فرۆشتنی ڕۆژانەی دۆلار، کاتێکیش قەیرانەکە دروست بوو، دزینی سەدە ئاشکرا بوو و بە ملیارەها دۆلاری دزراو ئاشکرا بوو، ئەو کات بانکەکە دوای ئەوەی بڵقی قەیرانە داراییەکە نەك هەر گەورە بوو، بەڵکو تەقییەوە، چووە ژێر باری فشارەکان و بە فریای خۆی کەوت، ڕێوشوێنەکانیش بووە هۆی ئەوەی بڕێکی کەم دۆلار بخرێتە بازاڕەوە و خواست زیادی کرد و کارەساتی گەورە بەسەر سیستمە لاوازەکەی دارایی و نەختینەیی عێراقدا ڕووی دا، بە ڕای من فشار و سزاکانی بانکی فیدراڵی ئەمریکی لەسەر ئەو بانکانەی بەشداربوون لە کڕین و فرۆشتنی دۆلار، تەنیا بۆ ڕاگرتنی ئەو گەندەڵی و بەهەدەردانی پارە زۆرەی عێراق بوو، لەپێناو فریاکەوتنی نەزیفی ئاودیوکردنی دۆلاری ئەمریکی لە ڕێگەی ئەو بانکانە و بازاڕە نێوخۆییەکانەوە، بەوەی بانکی ناوەندی سیفەتی سەرەکیی خۆی بۆ بگەڕێتەوە، ئەویش سەربەخۆییە و نابێت بکەوێتە ژێر فشار و بەرژەوەندیی هیچ لایەنێکی دەرەکی و سیاسیی نێوخۆیی و، چیتر بێسەروبەریی و پشێوی بە بڕیارەکانی ئەو بانکەوە نەبێت.

*** بۆ دەربازبوون لەم ناجێگیرییەی بەهای دینار و گەڕانەوەی بەهای ڕاستەقینەی ١٠٠ دۆلار بە ١٣٢ هەزار دینارە، کە لە بانکی ناوەندی دەدرێت و تا ئێستا ئەم نرخە ڕاستەقینەیە لە ناو بازاڕە نێوخۆییەکاندا نییە،ئایا دەبێت چی بکرێت؟**

- لەگەڵ بوونی هەموو ئەم ڕەشبینییە، بەڵام هەمیشە لەو دیوی تونێلەکەوە ترووسکاییەك هەیە، ئەویش ئەوەیە بانکی فیدراڵیی ئەمریکا پێشنیاری کردووە و چارەسەرە، بەوەی سەکۆیەکی ئەلەکترۆنی دابنرێت، کە ناوی ئۆفاك سیستمە و هەموو ئەو بانکانەی بەشدار دەبن لە کڕین و فرۆشتنی دۆلار وردەکاریی پێشکەش بکەن، بەوەی دۆلارەکەیان بە کێ فرۆشتووە و چووەتە کوێ، هەروەها پێویستە هەموو حەواڵات کە پارە بۆ دەرەوە دەنێردرێت، دەبێت لە ڕێگەی سیستمی سیوفتەوە بێت، بە واتایەکی دیکە عێراق پابەند بێت بە سیستمی سیوفت لەسەر ئاستی دونیا، بەمەش مەترسیی ونبوون و چوونە دەرەوەی دۆلاری ئەمریکی بۆ میلیشیات و گرووپە چەکدارەکانی تیرۆریست و تاوانەکانی شووشتنەوەی پارە ڕێگەی لێ دەگیرێت.

*** لەم گێژاو و پشێوییە و بوونی عەقڵییەتێکی شموولی لە ناو هەموو دامەزراوەکانی فیدڕاڵییەتدا لە بەغدا، ئێمە لە هەرێمی کوردستان چۆن هەڵسوکەوت بکەین و چۆن خۆمان لەم هەموو گرفتە دارایی و نەختینەییە بپارێزین؟**

- ئەمە پرسیارە گرنگ و قورسەکەیە، ئێمە هەرێمێکی فیدڕاڵیین و خاوەنی دراو نین و دەسەڵاتی سیاسەتی داراییمان نییە، بابەتەکە و گۆڕانکارییەکە لەسەر ئاستی عێراقە وەکو دەوڵەت، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا ئەوەیە پشتگیریی پێشنیارەکانی بانکی فیدڕاڵیی ئەمریکا بۆ بانکی ناوەندیی عێراق بکەین و، پاڵپشتی ئەو ڕێوشوێن و بڕیارانەش بین کە بانکی ناوەندی دەری کردووە و ئاستی پێشوازیی بانکەکانی کوردستانیش زۆر بەرز بێت، دەبێت سەفقە و بزنێس و کارەکان لە ڕێگەی سیستمی سیوفتەوە بێت، نەك لە شێخەڵڵا و بازاڕی دۆلاری شارەکان، ئەمە هیچ پەیوەندیی بە پلان و دژایەتیکردنی ئەمریکاوە نییە، هەر خۆی لە خۆیدا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە ئەنجومەنی ئاسایش بە بڕیاری ١٤٨٣ حیسابێکی لە بانکی فیدڕاڵیی ئەمریکا کردەوە، بۆ هەموو داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراق و بە حیساب و پارەکانی ڕژێمی پێشووی عێراقیشەوە، ئەو بانکە ئاگاداری ورد و درشتی مامەڵە و سەفقە نهێنییەکانی ئاودیوکردنی دۆلارە، چونکە بانکی ناوەندی ڕەزامەندیی بە بانکی فیدراڵیی ئەمریکا دەدات، تاوەکو لەو حیسابە بانکییەدا پارەی بۆ بنێرێت، لەم ڕوانگەیەوە چارەسەری سەرەکی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە لە هەر دوو بانکی فیدڕاڵیی ئەمریکا و بانکی ناوەندیی عێراقەوە سەرچاوە دەگرێت.

**هەمووان لەسەر ئەوە هاوڕان کە ڕۆڵی بانکی ناوەندی زۆر لاوازە و هەر بڕیار و ڕێوشوێنێکی گرتبێتە بەر، تەنیا لە پەرچەکردار زیاتر هیچی دیکە نەبووە**

**هەموو ئەو بانکانەی بەشدار دەبن لە کڕین و فرۆشتنی دۆلار دەبێت وردەکاریی پێشکەش بکەن، بەوەی دۆلارەکەیان بە کێ فرۆشتووە و چووەتە کوێ**

**دەبێت سەفقە و بزنێس و کارەکان لە ڕێگەی سیستمی سیوفتەوە بێت، نەک لە شێخەڵڵا و بازاڕی دۆلاری شارەکان**

# بەرەو نەورۆزێکی ژینگەدۆستانە

وەك پیشەی سەدان ساڵی لەمەوبەری گەلەکەمان کە هەموو ساڵێك لەسەر لوتکەی چیا و گرد و تەپۆڵکە و شوێنە بەرزەکاندا، لە ئێوارەی رۆژی پێش نەورۆز ئاگری سەرکەوتن دەکرایەوە، ئێستاش هەمان رێورەسمی نەتەوەیی دەکرێتەوە بۆ یادی سەرکەوتنی کورد و یادی دەوڵەتی ماد و کۆتاییهاتنی لاپەڕەیەکی زوڵم و زۆرداری لە مێژووی نەتەوەکەماندا، ئەو نەتەوەیەی کە لەم رۆژە و لەم جەژنەدا بۆ تەواوی دونیا ئاشکرای دەکات، کە گەلێکی سەربەخۆی خاوەن ناسنامەی تایبەتی خۆیەتی و، نەتەوەیەکی دێرینی جیهان و ناوچەکەیە، کوردستانیش لانکەی دووەمی مرۆڤایەتییە.

بۆیە لە نەورۆژی جەژنی نەتەوەیی گەلەکەماندا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین، لەوانە:

**یەکەم: لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگە**

١- پێویستە ئاگرکردنەوە هێما و رەمزی بێت، لە شوێنێکی دیاریکراوی شارەکاندا بێت، بە داری وشك بکرێتەوە، نەك بە بەکارهێنانی تایە و لاستیك، کە دەبنە مایەی پیسبوونی ژینگە.

٢- پێویستە لە سەیران و گەشتەکانی بەهار و نەورۆزدا پاکوخاوێنیی ژینگە بە هەند وەربگرین و، زیان بە ژیان و ژینگە نەگەیەنین، هەمووشمان بە رێنماییە ژینگەییەکانەوە پابەند بین.

٣- دوورکەوتنەوە لە ژاوەژاو و زۆر بەکارهێنانی هۆرنی ئۆتۆمۆبێل و دەنگی بڵندی رادیۆ و ریکۆردەر، کە کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر دەروونی مرۆڤ.

٤- پاراستنی رووەك و زیندەوەر و دەرامەتە سرووشتییەکان و، دوورکەوتنەوە لە برینەوەی درەخت و، زیانگەیاندن بە دەغڵودانی جووتیاران و رەز و باغی هاووڵاتیان.

٥- خۆرۆشنبیرکردن بە مەرج و رەفتارە ژینگەییەکان لە کاتی سەیرانکردن و گەشتکردن بۆ نێو سرووشت و ژینگە.

**دووەم: لەسەر ئاستی خێزان:**

سەبارەت بە ئامادەکردنی خواردن، پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت.

١- تا بکرێت خواردن لە ماڵەوە ئامادە بکرێت، بۆ ئەوەی پێویست بە کردنەوەی ئاگر نەکات بۆ ئامادەکردنی لە شوێنی گەشت و سەیراندا.

٢- ئەوەندە خواردن لێ بنرێت کە زیاتر نەبێت لە ژمارەی ئەندامانی خێزان و ئامادەبووانی سەر سفرە و خوان.

٣- هیچ پاشماوەیەکی خۆراك نەمێنێتەوە بۆ فرێدان.

٤- لە دابەشکردندا بۆ هەر کەسەو بە قەدەر پێویستیی خۆی خواردن بکرێتە قاپەکەیەوە.

٥- ئەگەر پاشماوەیەکی میوە و رووەك مایەوە،



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵانی نووسیوە

بکرێتە پەینی سرووشتیی بۆ باخچەی ماڵەوە.

٦- زانینی ئەو ڕاستییەی کە لە ڕووی ئایینییەوە ئەوە فەرمانی خودایە کە فەرموویەتی: بخۆن و بخۆنەوە و زیادەڕەوی مەکەن لە بەکارهێناندا.

٧- زانینی ئەو ڕاستییەی کە لە ڕووی تەندروستییەوە زۆرخواردن لەم سەردەمی دانیشتن و کەم جوولەییەدا زیانی تەندروستیی زۆری بەدواوەیە.

٨- ئەگەر هەر خواردنێکیش لە شوێنی گەشت و سەیراندا مایەوە، بهێنرێتەوە بۆ ماڵەوە، بۆ ئەوەی تیمەکانی شارەوانی فڕێی بدەنە شوێنی تایبەت بە زبڵ و خاشاك.

٩- زانینی ئەو ڕاستییەش لە ڕووی نیشتمانییەوە کە ئاسایشی خۆراك کلیلی ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتییە.

١٠- بیرکردنەوە پێش پڕۆسەی ئامادەکردنی خواردن بێت، بۆ ئەوەی ژینگەکەمان هەمیشە دوور بێت لە زبڵ و خاشاك و خۆراکی فڕێدراو.

سێیەم: لەسەر ئاستی کەرتی تایبەت:

پێویستە پڕۆژەیەك وەك پڕۆژەی بەتایبەتکردنی سەیرانگە و شوێنە گەشتیارییەکان کاری لەسەر بکرێت لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەك: ناوی پڕۆژە: بەتایبەتکردنی سەیرانگەو شوێنە گەشتیارییەکان.

دوو: ئامانج لە پڕۆژە:

١- زیادکردنی داهات بۆ حکومەت.

٢- دابینکردنی هەلی کار بۆ هاووڵاتیان.

٣- دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ سەیرانکاران بە نرخێکی گونجاو.

٤- کەمکردنەوەی فشار لەسەر بودجەی حکومەت.

٥- هاندانی سەرمایەگوزاریی تایبەت بۆ وەبەرهێنان لە ناوخۆ.

٦- دابەشکردنی ئەرك لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت بە هاوبەشی.

٧- زیادکردنی گیانی پێشبڕکێ لە نێو کەرتی تایبەتدا بە قازانجی هاووڵاتیان.

سێ: میکانیزمی جێبەجێکردنی پڕۆژە:

١- پێدانی سەیرانگا و شوێنە گەشتیارییەکان بە کەرتی تایبەت بە سێ مەرج:

دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، خاوێنکردنەوەی بەردەوام، وەرگرتنی پارە و خەرجییەکی گونجاو.

٢- پێکهێنانی لیژنەیەك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە سەرۆکایەتیی وەزارەتی شارەوانی و بە ئەندامێتیی هەر یەك لە (دەستەی گەشتوگوزار، دەستەی وەبەرهێنان، دەستەی ژینگە) بۆ دیراسەتکردن و دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەکە و کەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە، بە مەبەستی هەمیشە مانەوەی سەیرانگە و شوێنە گەشتیارییەکان و ژینگەکەمان بە پاکوخاوێنی.



## تاڤگە عومەر ڕەشید:

# پێویستە پاڵپشتییەکی یاسایی بەهێز بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزی هەبێت

**تاڤگە عومەر ڕەشید بەڕێوەبەری گشتیی یاسا و مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان دەکات و، تیشك دەخاتە سەر ئەو کارانەی کە دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ پێشکەشی دەکات، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە دۆخی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی پێویست نییە و، سەرەڕای بوونی ئیرادەیەکی بەهێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەڵام پێشێلکارییەکان بەردەوامییان هەیە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** لە ئێستادا دۆخی مافی مرۆڤ بەگشتی لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی دۆخی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی پێویست نییە، پێشێلکاری زۆرە، سەرەڕای بوونی ئیرادەیەکی بەهێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام پێشێلکارییەکان بەردەوامی هەیە. بە گوێرەی بەدواداچوونەکانی ئێمە لە سەرجەم سێکتەرەکان پێشێلکاریی دیار تۆمار کراون و، ئەگەر ساڵی ٢٠٢٢ بە ساڵانی پێشووتر بەراورد بکەین، ئەوا پێشێلکارییەکان لە هەڵکشاندان، بەتایبەتیش ئەو پێشێلکارییانەی کە دەچنە چوارچێوەی تاوانەوە.

*** هۆی چییە پارێزەرانی مافی مرۆڤ نەیانتوانیوە پارێزگاری کردەیی لە مافەکانی خانمان بکەن؟**

- ڕەنگە نەتوانین بڵێین پارێزەرانی مافی مرۆڤ نەیانتوانیوە پارێزگاری لە مافەکانی ئافرەتان بکەن، بەڵکو کاریگەریی هەوڵەکان لەسەر ئەرزی واقیع وەکو پێویست نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری (کەسی و بابەتی)، دیارە هۆکاری کەسی زیاتر پەیوەستە بە توانا و ئیرادەی کارکردن و ڕەنگە ئەمیش هەندێك جار پەیوەست بێت بە هەندێك فکر و ئایدیا کە ببێتە ئاستەنگی کارکردن بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ئافرەت، یان وادەی باوەڕبوون بە پرسێکی دیاریکراوی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی هەبووە لە هەوڵی دەزگا و ڕێکخراوەکانیش بۆ بەدیهێنانی ئەم مافانە، هۆکارە بابەتییەکانیش بە هەند وەرگرتنی پرسەکانی ئافرەتانە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و ڕای گشتی» کە بەداخەوە لە ئێستادا جیاوازیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت لە پاراستنی ئەم مافانە لەسەر ئاستی دەسەڵاتە جیاوازەکان و بەتایبەتیش لە ڕووی یاسایی و جێبەجێکردنی یاساوە، کە ئەرکی دەسەڵاتی یاسادانانە و سستییەکی زۆر لە بەرەوپێشچوونی ئەم بابەتە بەدی دەکرێت، لە لایەکی دیکەشەوە جگە لەم هۆکارانە لە ئێستادا تەوژمێکی پەرچەکرداری دژی چالاکان و پارێزەرانی مافەکانی ئافرەت بەدی دەکرێت، کە قاڵبی کەسیی وەرگرتووە و هیچ پارێزبەندییەکی ئەوتۆ نییە بۆ بەرگریکردن لێیان و تەنانەت کار گەیشتووەتە ناوزڕاندن و بەخشینەوەی تۆمەتی بێ بنەما و چەندینی دی کە ڕۆژانە لە سۆشیال میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تێبینی دەکرێن.

زۆر گرنگە کە تواناکان لە هەموو ئاستەکان یەك بخرێت و پەرتەوازەیی لە پرسی ئافرەت نەمێنێت، چونکە ئەم پرسە پرسێکی گشتییە و پێویستە کاری هەمە چەشن و هەمە لایەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئاستەنگەکان ئەنجام بدرێت.

*** ئەو خزمەتانە چین کە دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ بۆ زامنی مافەکانی ئافرەت پێشکەشی کردوون؟**

- دەستەی مافی مرۆڤ دەزگایەکی نیشتمانیی چاودێرە بۆ پاراستن و چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی و مافەکانی ئافرەتیش وەکو کرۆکی مافەکانی مرۆڤە، ئەرکی دەستەیە کە کار بۆ پارێزگاریکردن لەم مافانە بکات و لە سەرجەم پێشێلکارییەکان دەسەڵاتە جیاوازەکانی هەرێم ئاگادار بکاتەوە، ئەو دەسەڵاتەی کە دەستە هەیەتی بە گوێرەی یاسا لە ماوەی ١٠ ساڵی کارکردنیدا لە بەشداریی کارای دەستە لە دەرکردن و هەمواری یاسا پەیوەندارەکانی ئافرەت بە هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان و لایەنە حکوومی و ناحکوومییەکان کاری بۆ کردووە و، سەرەڕای ئاستی پەیوەستبوونی لایەنەکانی جێبەجێکاری یاسا بۆ پاراستنی مافە یاساییەکانی ئافرەتان و ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار و بەدواداچوونی چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەتان لە کۆمەڵگە و بوونی تەوەرێکی تایبەت بە دۆخی ئافرەت لە ڕاپۆرتی ساڵانە و وەرزی دەستە و بوونی ڕاسپاردەی پێویست بۆ ئەم لایەنانە و ئەنجامدانی پرۆژەی تایبەت بە هوشیارکردنەوەی ئافرەتان لە مافەکانیان بە شێوازی جیاواز.

*** ئەو میکانیزمانە چین کە وا دەکەن، ئافرەت دوور لە جیاکاریی ڕەگەزی وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؟**

- بۆ دوورخستنەوەی ئافرەتان لە جیاکاری پێویستە کۆمەڵێك میکانیزمی جیاواز هەبێت، لە سەرووی هەموویانەوە بە گرنگ وەرگرتنی پێگەی ئافرەت لە سیاسەت و ستراتیژیەتی حکومەتە بە تەواوی دەسەڵاتەکانەوە و پاشان ڕەنگدانەوەی ئەم پرسە لە دەستوور و یاسا نیشتمانییەکان، تاوەکو پاڵپشتییەکی یاسایی بەهێز هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزی، جگە لەوەش بوونی ڕێژەی دیاریکراوی ئافرەت لە پێگەی بڕیار لە هەموو کەناڵە فەرمی و نافەرمییەکان بۆ چەسپاندنی پرسی ئافرەتان لە تەواوی بەرنامە و پلانی کاردا، خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ ئەوەیە کە دەبێت کار لەسەر پەروەردە بکرێت، چونکە پێگەیاندنی تاکێکی تەندروست و هەڵگری بیری مەدەنییەت و ناجیاکاری و یەکتر قبووڵکردن چارەسەری زۆربەی کێشەکانی پەیوەست بە ئافرەتانە کە بتوانین لە منداڵییەوە منداڵ بە بیرۆکەی یەکسانی و ناجیاکاری گۆش بکەین، ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی لەم پرسە دەگێڕێت، تاوەکو کۆمەڵگە بە تەواوی چین و توێژەکانەوە هوشیار بکەینەوە لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتان و دوورخستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵ لە هەموو جۆرە جیاکارییەك.

**تەوژمێکی پەرچەکرداری دژی چالاکان و پارێزەرانی مافەکانی ئافرەت بەدی دەکرێت، تەنانەت کار گەیشتۆتە ناوزڕاندن و بەخشینەوەی تۆمەتی بێ بنەما**

**زۆر گرنگە کە تواناکان لە هەموو ئاستەکان یەک بخرێت و پەرتەوازەیی لە پرسی ئافرەت نەمێنێت**

**بۆ دوورخستنەوەی ئافرەتان لە جیاکاری پێویستە کۆمەڵێک میکانیزمی جیاواز هەبێت، لە سەرووی هەموویانەوە بە گرنگ وەرگرتنی پێگەی ئافرەت لە سیاسەت و ستراتیژیەتی حکومەتە بە تەواوی دەسەڵاتەکانەوە**

**پێگەیاندنی تاکێکی تەندروست و هەڵگری بیری مەدەنییەت و ناجیاکاری و یەکتر قبووڵکردن چارەسەری زۆربەی کێشەکانی پەیوەست بە ئافرەتانە**

# خانمان میکانیزمەکانی نەهێشتنی جیکاری رەگەزی و چینایەتی شەن و کەو دەکەن

**ئافرەتان لە سەرانسەری جیهاندا تاوەکو ئەمڕۆش بە شێوەیەکی ڕێژەیی مافەکانیان پەراوێز خراوە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم و کرانەوەی دونیا خانمان بەهێزی بڕوابەخۆبوونیان دژی ئەو نادادییە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە، دەوەستنەوە و مێژووی تێکۆشانیان نەوە دوای نەوە بە جوڕئەتەوە دەگوازنەوە، خانمانی بەشداربوو لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان بابەتەکە زیاتر تاوتوێ دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەرخۆدان و خەباتی ئافرەتانیش لە هەموو جیهان لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ بۆ دەستەبەربوونی مافی ئافرەتان بەردەوام بووە، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ ئەم هەموو خەباتە دۆخی ئافرەت وەك پێویست نییە و پێویستی بە باشتربوونی هەیە». هاوکات گوتی: «میکانیزمی هەرە سەرەکی بۆ ئەوەی ئافرەت پارێزراو بێت، خودی ئافرەت خۆیەتی، واتە پێویستە ئافرەت خۆی لە هەموو کار و پرۆژەیەك کە هەوڵی بە بەکاڵاکردنی دەدەن، دوور بخاتەوە و باوەڕی بە خودی خۆی و تواناکانی خۆی هەبێت، گرنگە هەوڵ و تێکۆشانی بۆ پێگە و مافەکانی بەردەوام بێت، ئەمە وا دەکات ئافرەت خۆی لە خۆیدا هەست بە پێگەی خۆی بکات، بەتایبەتی بوونی ئافرەت لە شوێنەکانی دروستکردنی بڕیار و زانست، چەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاك و کۆمەڵگەی نەزان کە مافەکانی پێشێل دەکەن. هەروەها خوێندنەوەی بابەتە ڕۆشنبیرییەکان ئاستی ڕۆشنبیری و شێوەی بیرکردن و مامەڵەکردنی ئافرەت لەگەڵ مەوقفەکان بەرز دەکات».

فەزیلە شۆڕش جەختی لەوەش کردەوە کە «میکانیزمێکی دیکە کە ئافرەت و خێزان پارێزراو دەکات، یاسا و جێبەجێکردنی یاسایە، هەر لە ڕێگای یاساشەوە دەتوانرێت، ئافرەت لە زوڵم و پێشێلکردنی مافەکانی بپارێزێت».

ناسك سەعید بەرپرسی ڕاگەیاندنی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت:



«یەکسانی و جیاکاری نەکردن دوو چەمکی سەرەکیی مافی مرۆڤن؛ بەو مانایەی پێویستە هەموو مرۆڤێك بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، جگە لەوەش یەکسانیی رەگەزی بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز، پێویستییەکی سەرەکییە. گەیشتن بە یەکسانی لە نێوان رەگەزەکاندا، هەروەها نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن لەسەر بنەمای رەگەزی، مافی بنەرەتیی مرۆڤ و بەهاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانن، وەك لە چەندین ئامرازی سەرەکیی مافی مرۆڤدا جێگیر کراون. بەڵام جێگای سەرنجە، زۆرێك لە کاریگەرییەکانی مافی مرۆڤ کە لە چالاکییە بازرگانییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، رەگەزین، چونکە کاریگەرییەکی نارێژەیی لەسەر ئافرەتان هەیە. دەتوانین بڵێین لە زۆربەی چوارچێوە و دەستپێشخەرییەکانی بازرگانی و مافەکانی مرۆڤدا گرنگییەکی زۆر کەم بە پرسە جێندەرەکان دراوە.

زۆرجار، ئافرەتان و کچان بارگرانییەکی نارێژەیی کاریگەرییە نەرێنییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژینگەییەکان لە ئەستۆ دەگرن لە کاتێکدا کەمتر دەستیان بە یارمەتییەکانی وەك رەخساندنی هەلی کار، گرێبەستی دابینکردن، یان قەرەبووکردنەوە دەگات، کە لەوانەیە بەهۆی گەشەپێدانی کەرتی تایبەتەوە دروست ببێت».

مافی ئافرەتان ئەو مافە بنچینەییەی مرۆڤە کە نزیکەی ٧٠ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ هەموو مرۆڤێکی سەر زەوی چەسپێندراوە. ئەم مافانە بریتین لە مافی ژیانی ئافرەتان دوور لە توندوتیژی و کۆیلایەتی و جیاکاری بۆ ئەوەی بنیادی کەسێتی خۆی بنێت، بۆ ئەوەی خاوەندارێتی موڵك و ماڵی بکات بۆ دەنگدان بۆ بەدەستهێنانی مووچەیەکی دادپەروەرانە و یەکسان. دەتوانین بڵێین لە هەموو شوێنێکی جیهاندا هێشتا ئافرەتان لەو مافانە بێبەش دەکرێن، کە زۆر جار بەهۆی رەگەزەکەیانەوەیە».

بەرپرسی راگەیاندنی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «داهاتووی مافەکانی جیهانیی ئافرەتان لە مەترسیدایە». هاوکات بە پێویستی دەزانێت: «بیر لەوە بکەینەوە، ئایا ئافرەتان لە ئاستی جیهانیدا مافە بەزەحمەت بەدەست هێنراوەکانیان لەدەست دەدەن، یان هۆکارێکە بۆ سەرکەوتنێکی نوێ؟ بۆیە دەبینین سندوقی جیهانی بۆ ئافرەتان کار بۆ جیهانێك دەکات کە هەموو ژن و کچێك بتوانێت مافە مرۆییەکانی خۆی بەدی بهێنێت و چێژ وەربگرێت». هاوکات دەڵێت: «کاتێك کە ئافرەتان دەستیان بە مافەکانی خۆیان بگات لە مووچەی یەکسان و مافی خاوەندارێتیی زەوییەوە، تا دەستراگەیشتن بە خوێندن و مافی تەندروستیی دایکان، یەکسانی راستەقینە بوونی دەبێت».

لیا سەیفەدین بەرپرسی ئەنجومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کودستان لە سلێمانی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە کۆمەڵگەی کۆمەڵایەتی لە کوردستان لە رووی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئافرەت و روانین بۆ بابەتەکانیان، بە بەراورد لەگەڵ وڵات و کۆمەڵگە و نەتەوەکانی دراوسێ، ئاستێکی مامناوەندیی هەیە؛ ئەوەتا لە هەندێ شوێنی هەرێمی کوردستاندا پیاو ناسناوی ئافرەت واتا (دایکی، یان هاوژینی) هەڵدەگرێت و پێی دەناسرێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کۆمەڵگەیە بێبەش نییە لە ناهەقی و پێشێلکارییەکان دەرهەق بە ئافرەتان، ئەم هەڵسوکەوت و تێروانینانەش سەبارەت بە ئافرەتان، لە هەموو ناوچەیەکی هەرێم وەك یەك نییە». گوتیشی: «رۆژانە ئێمە گوێمان لە سووکایەتی و بەکەمزانینی ئافرەتانە، بێجگە لە نالەباریی دۆخی ئافرەتان لە رووی هاوسەرگیری و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، پەراوێزخستنی ئافرەتان لە لایەنی سیاسییەوە نادادییەکی دیکەیە، ئەمە پێویستیی بە کارکردنێکی زۆری دەستەجەمعی هەیە لەلایەن چالاکانی ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ بۆ هێنانەکایەی کەشێکی یەکسان بۆ هەر دوو رەگەز لە بوارە جیاوازەکاندا، بەگشتی دۆخی ئافرەت و پرسەکانی پەیوەستە بە خێزان، زانکۆ و پەیمانگا، ئابووری و پیشەسازی، دامودەزگای حزبی، میدیا بەگشتی و رەهەندی کۆمەڵگە هەتا دەگاتە پەرلەمان و سەرەوەیی دەسەڵات.

پێویستە گوێ لە رزگاربووان بگیرێت و باوەڕیان پێ بکرێت، کاتێك ئافرەتێك چیرۆکی توندوتیژیی خۆی باس دەکات، لەو کاتەدا یەکەم هەنگاو دەنێت بۆ شکاندنی سنوور و سووری ئازاردان. ئەوە لەسەر هەمووومانە کە ئەو شوێنە سەلامەتە بدەینە ئەو ئافرەتە کە پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی قسە بکات و گوێی لێ بگیرێت. هاوکات نەوەی داهاتوو فێر بکرێن کە رێز لە مافەکانی تاك و ئافرەت بگرن، هەروەها فێری ئەوە بکرێن، جیاوازیی رەگەزی و چینایەتی بوونی نییە و سەردەمی نوێ پێویستی بە کارکردن و ژیانکردنی پێکەوە و یەکترقبوولکردن هەیە، هەروەها دەبێت ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان بکرێت و گوێیان لێ بگیرێت، تا بتوانن دەستپێشخەریی خۆیان بۆ پاراستنی مافەکانی تاك و ئافرەت لە پێناو بەدەستهێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست بخەنەروو».

بەرپرسی ئەنجومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کودستان لە سلێمانی، رای وایە: بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ رزگاربووانی دەستی توندوتیژییەکان پێویستە دەستبەجێ لەکاتی داواکردنی هەر خزمەتگوزارییەك هاوکاری بکرێن، وەك پەناگە، هێڵی گەرم، راوێژکاری و هەموو پاڵپشتییەك بۆ رزگاربووانی توندوتیژی رەگەزیی پێویستییەکی بنەرەتییە. کۆکردنەوەی زانیارییە پەیوەندیدارەکان کلیلی جێبەجێکردنی رێوشوێنە سەرکەوتووەکانی خۆپاراستن و دابینکردنی پشتگیرییەکی دروستە بۆ رزگاربووان».




فەزیلە شۆرش:

**یەکسانی و جیاکاری نەکردن دوو چەمکی سەرەکیی مافی مرۆڤن بەو مانایەی پێویستە هەموو مرۆڤێک بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**



ناسك سەعید:

**سندوقی جیهانی بۆ ئافرەتان کار بۆ جیهانێک دەکات کە هەموو ژن و کچێک بتوانێت مافە مرۆییەکانی خۆی بەدی بهێنێت و چێژ وەربگرێت**



لیا سەیفەدین:

**پێویستە نەوەی داهاتوو فێری ئەوە بکرێن، جیاوازیی رەگەزی و چینایەتی بوونی نییە و سەردەمی نوێ پێویستی بە کارکردن و ژیانکردنی پێکەوە و یەکترقبووڵکردن هەیە**

دیمەن نادر:

# تەنیا دڵخۆشیم منداڵەکانمە و لە پێناو ئەوان حەز بە مانەوە لە ژیان دەکەم

گوڵان: کۆمەڵایەتی

دایک و قوربانیدان دوو چەمکی لێکدانەبڕاون، تەنانەت ئەو کاتانەش کە دایک بەبێ ویستی خۆی تەسلیمی واقعێکی تاڵ دەبێت، سڵ لە ماندووبوون ناکاتەوە و لەگەڵ ناخۆشییەکان دەجەنگێت، دایک لە پێناو سەلامەتی و ئاسوودەیی منداڵەکانی لەگەڵ هەموو ئازارێک رووبەڕوو دەبێتەوە بەڵام کۆڵ نادات. دیمەن نادر، ئەو ئافرەتە تەمەن ٤٢ ساڵەیە کە وەك خۆی باسیکرد، ماوەی پێنج ساڵە لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە دەجەنگێت.
دیمەن ساڵانێکە لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە و ئێستا لەگەڵ سێ منداڵەکەی دەژی. لەو ماوەیەدا چ وەك هاوسەرێك و چ وەك دایکێك رووبەڕووی کۆمەڵێك کەندو کۆسپی گەورە بووەتەوە و باسی ئەوەش دەکات کە گەورەترین نەهامەتییەکانی لەو کاتەوە دەستی پێکردووە، کە پزیشکێك لەوە ئاگاداری کردووەتەوە کە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووە و لە بەرامبەریشدا هاوژینەکەی بەبێ ئاگاداری ئەو بەجێیهێشتووە و دەستبەرداری منداڵەکانیشی بووە.

دیمەن پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە بە وردی بەرز و پشتیوانیی خوا و عەشقی منداڵەکانی تا ئێستا توانیویەتی لەگەڵ نەخۆشییەکەیدا رابێت. سەبارەت بە ژیانی رابردووی خۆیشی کە دەگەڕێتەوە بۆ ١٠ ساڵ پێش ئێستا و بەم جۆرە باسی قۆناغەکانی ژیانی دەکات:
«لەگەڵ سۆرانی هاوسەرم ١٠ ساڵ پێش ئێستا بڕیاری هاوسەرگیریمان دا. ماڵی باوکی سۆران دراوسێمان بوون و پەیوەندیی نێوان خێزانی هەر دووکمان زۆر باش بوو، هەر ئەوەش وایکرد، ئێمە بۆ یەکتر ببین. هەر دوای مارەبڕین لە سەر ئەوە رێککەوتین کە سەفەر بکەین بۆ ئەورووپا و کوردستان بە جێ بهێڵین، بەڵام کە یەکەم منداڵمان بوو، ئەوە دوای خستین، وتمان با هەندێك گەورە بێت و بەسەر پێ بکەوێت، ئەوە بوو هێشتا تەمەنی منداڵەکەمان سێ ساڵی پڕ نەکردبووەوە، کە ناوماڵ و زێڕ و سەیارە و ئەوەی هەمانبوو، کردمانە پارە و دوای رەزامەندی وەرگرتن لە دایك و باوکی هەر دووکمان بەرەوە تورکیا بەڕێ کەوتین. دواتر بە هەزار کێشە خۆمان گەیاندە ئەڵمانیا و بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك لە کەمپدا ماینەوە. دواتر ئیقامەمان وەرگرت و هەردووکمان تێکەڵی بازاڕی کار بووین. خوای گەورە دوو منداڵی دیکەشی پێداین، ئەو منداڵانەی کە لە هەر وڵاتێکی ئەورووپی لەدایك دەبن، بە بێ کێشە هەموو ئیمتیازاتی هاووڵاتیبوونی بۆ رەچاو دەکرێت. ئیتر سێ منداڵی جوانمان لە ئاوارەیی و دەربەدەری گەورە کرد، ساڵانێکی زۆر تاڵی و سوێری ژیانم چەشت، بەڵام من و سۆران رێز و خۆشەویستیمان رۆژ لە دوای رۆژ بۆ یەکتر زیاتر دەبوو، گیرفانم لە هاوسەرم جیا نەبوو، شان بەشانی ئەو و بگرە زۆر جار زیاتریش لەو کارم دەکرد، ئەوەی لە داهاتی خۆمان کۆمان کردبووەوە، لە کوردستان خانوو و زەویمان پێ کڕی، هەمووشی بەناوی سۆران کران، چونکە ئەوم لە گیانی خۆم خۆشتر دەویست، هیچ بەلامەوە گرنگ نەبوو بە ناوی کاممان بێت. ئەویش زۆر رێزی دەگرتم و بۆ منداڵەکانیش باوکێکی نموونەیی بوو. بەڵام دوای ئەوەی دەرکەوت تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووم، زۆر گۆڕا. پێنج ساڵ پێش ئێستا لە پزیشکەکەمم بیست تووشی شێرپەنجە بووم، ئەو هەواڵە بۆ من هێدمەیەکی دەروونی زۆر گەورە بوو، شەو و رۆژ بۆ منداڵەکان، بۆ هاوسەرەکەم دەگریام نەك بۆ دەردی خۆم، بەڵام هاوسەر و کەسوکارەکەم لەلام بوون،



دڵنەواییان دەکردم و چارەسەرەکەم بە جوانی دەڕۆیشت و بە قسەی پزیشکەکان قۆناغێکی سەختم تێپەڕاند، بەڵام سۆران تەنیا ماوەیەکی کەم بەرگەی گرت، دوای ئەوە مامەڵەی لەگەڵم گۆڕا، زوو زوو سەفەری کوردستانی دەکرد، زۆر شتی لێم دەشاردەوە، ئەو وای دانابوو من دوای دوو ساڵ دەمرم، بۆیە زوو زوو دەهاتەوە بۆ کوردستان، دواتر زانیم بە فیتی دایك و خوشکی هاوسەرگیری لەگەڵ کچە خاڵەکەی کردووە، ئەو کچە خاڵەی دەیان جار هاتۆتەماڵەکەم و نمەکی دەستی کردووم، بەڕاستی ئەو دۆخە کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستیشم دروست کرد، ئێستا زۆر بێزارم و تەنیا دڵخۆشیم منداڵەکانمە و لە پێناو ئەوان حەز بە مانەوە لە ژیان دەکەم و لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە وەك چۆن منداڵەکانم بێ باوك بوون، بێ دایکیشان نەکات، لە خوا دەپاڕێمەوە هێزی بەرەنگاربوونەوەم پێببەخشێت، تا ئەو کاتە بمژیێنی و تەمەنم بداتی تا منداڵەکانم گەرە دەبن و دەکەونە سەر پێی خۆیان، چونکە لە خوای گەورە بترازێ هیچ کەس شك نابەین. ئەمڕۆش بە وەرەی بەرزم و پشتیوانیی خوا و عەشقی منداڵەکانم تا ئێستا توانیومە بەسەر نەخۆشییەکەدا زاڵ بم، دڵنیام کە خوای گەورە لەو هەورازە سەرم دەخات و دڵنیاش ئاسۆی رزگاربوونم زۆر نزیکە و گرەو لە شێرپەنجە دەبەمەوە.»

# هونەری دوو نەتەوە

**ڕۆژانی ٢٦ی شوبات تا ٣ی ئاداری ئەم ساڵ، لە لایەن ناوەندی (٧) ڕەنگەوە، پیشانگای (هەنگاوی ڕەنگەکان ٣) لە هۆڵی مۆزەخانەی نیشتیمانیی ئەمنە سوورەکە لە ناوەڕاستی شاری سلێمانی کرایەوە. لەو پیشانگایەدا (٤١) هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تاران، واتە هونەرمەندانی کورد و فارس بە (تابلۆ، پەیکەر، خۆشنووسی، فۆتۆگراف) بەشدار بوون.**

**تاریق کارێزی**

پیشانگای هەمەچەشنی کۆمەڵێك هونەری دیدەیی، دەرفەتێکی فراوان دەخاتە بەردەم میوانی پیشانگاکە تا بە گوتاری ستاتیکا دیدەییانەی کۆمەڵێك هونەرمەند، لە چەندین ڕشتەی هونەردا ئاشنا بێت. نمایشەکەش دەرفەتێکی گەورەتر دەبێت بۆ بینەران، کاتێك بەرهەمەکان لە دەرەوەی باشووری کوردستانەوە هاتبن، بەوەی دەیان هونەرمەندی نەتەوەکانی ئێران بەرهەمی خۆیان پێشکەش دەکەن، ئەمە بۆ ناوەندی هونەر بۆ هونەردۆستان، دەرفەتێکی زێڕینە.


ئەوەندەی نمایشەکە پیشانی دا، بینەری بەرهەمەکان هەست بە ڕەهەندێکی جیاواز لە دیدگا و هەست و تەکنیك و بابەت و تانوپۆی بەرهەم دەکات. ژینگە و جوگرافیای جیاواز، هونەری جیاواز و تایبەتمەند دەئافرێنن. لە نێو جوگرافیای بەرینی ئێراندا، هونەری شێوەکارانی کوردی ئەو وڵاتە، خەسڵەتێکی تایبەت دەخاتە ڕوو، بە تایبەتی لە ڕووی دیدگا و فیگەر و بابەت و کەشی گشتیی بەرهەمەوە. خەیاڵ و ئەندێشە بە شێوەیەکی فراوان لەو پیشانگایەدا ئامادە بوو، هونەری کورد و فارس وەك دوو نەتەوەی دراوسێ، کە هەردوو نەتەوەکە بە ڕایەڵێکی ئەستوور، پاشخانێکی هاوبەشی مێژوو کۆیان دەکاتەوە، مەزندە وایە لە یەکدییەوە نزیك بن. ژینگەی هەردوو لاش وەك دوو نەتەوەی ڕۆژهەڵات، تا ئەندازەیەکی زۆر لە یەکەوە نزیکە، بەڵام هەر یەکەیان خاوەن پاشخانی کولتوور و ئەندێشە و میراتی تایبەت و شارستانیی خۆیانن، ئەمەش لە هونەردا بە چڕی ڕەنگ دەداتەوە. لەم پیشانگاکەشدا ئەو ڕاستی بە چڕی هەستی پێ دەکرا.


بەدەم خوێندنەوەی کۆی پیشانگاکەوە، جێی خۆیەتی بپرسین، ئاخۆ فەلسەفەی کۆ کردنەوەی هەردوو هونەری (خۆشنووسی و فۆتۆگراف) لەگەڵ هەردوو هونەری نیگار و پەیکەر، چ ئامانجێکی لە پشت بوو؟ بەڵێ هەر چواریان هونەرن و دەچنە














نێو بازنەی هونەرەیلی شێوەکاری، بەڵام بە ئەندازەیەکی زۆر خۆشنووس و فۆتۆگراف دوو شەقڵی تایبەتن، هی ئەوەن پیشانگای تایبەت بە خۆیان بۆ بکرێتەوە، هەڵبەت پەیکەر و نیگار دوو هونەری فرە لە یەکدییەوە نزیکن، نەریتیش وایە ئەم جووتە هونەرە لە یەك نمایشدا کۆ بکرێنەوە. ئەم سەرنجەی ئێمە لە بەهای پیشانگاکە کەم ناکاتەوە، بەڵام خواستی ئەوەی لە نمایشدا پۆلێنکاری ڕەچاو بکرێت، نەریتێکە لەگەڵ فەلسەفەی بینین و دیدگای ستاتیکانەدا کۆکە.

لە ڕووی کەرەستە و تەکنیکەوە، بەکار هێنانی مافوور و داوی ڕەنگینی تەون و چنین وەك تانوپۆ بۆ تابلۆ، مایەی سەرنجە و ئەو ڕاستییەش دووبارە دەکاتەوە کە لە وتارێکی پێشوومان لە (گوڵان)دا، باسی ئەوەمان کرد، مافوور و تەکنیکی چنینی بۆ خۆی هونەرێکی سەربەخۆیە و شایستە بەوەیە لە نێو ڕشتەی هونەرەیلی جواندا جێی خۆی بگرێت. سیمای ڕێچکەی شێوەکاریی سنە وەك ڕێچکەیەکی کوردستانیانەی هونەری شێوەکاری، لەم پیشانگایەدا زۆر بە چڕی ئامادە بوو، ئەم ڕێچکەیە تا دێت بە هەوڵی هونەرمەندانی ئەو شارە، چڕتر ڕەنگرێژ دەبێت و ستاتیکای کولتوور و میراتی کورد، کە وەك شافیگرە دەڕوانێتە مرۆڤ، کرۆك و گرێژەنەی هونەرەکەیە.



# باوکی ئەنجلینا جۆلی بە شێت وەسفی دەکات



# شەمس گومانی لە هونەرمـ

شەمسی کچە هونەرمەندی کوێتی، هێرشی کردە سەر بەشێك لە هونەرمەندان و تۆمەتباری کردن بە درۆکردن، گوایە بڕێکی زۆر پارەیان بەخشیوە بە قوربانیانی بوومەلەرزەکەی سووریا و تورکیا. شەمس لە ژمارەیەك پۆستدا لە ڕێگەی ئەکاونتی تایبەتی خۆیەوە لە تویتەر، رایگەیاند کە هەندێك کەسایەتیی ناودار سوودیان لەو قەیرانە وەرگرتووە کە گەلی سووریا تێی کەوتووە، بۆ ئەوەی خۆیان وەك کەسێکی باش نیشان بدەن و داوای لێ کردن بێن ڕاستەوخۆ بەشداری بکەن لە گەیاندنی هاوکاری و، دابینکردنی فریاگوزاریی پێویست بۆ کەمدەرامەتان و بریندارەکان، نەك تەنیا بە قسە و لێدوان. شەمس لە کۆمێنتێکدا دەڵێت: «پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو کارەساتە بوەستێنێت کە بەسەر گەلی سووریای برادا هاتووە، کە جگە لە بەرجەستەکردنی دابەزینی ئەخلاقی و مرۆیی هیچی تر نییە، بەها مرۆییەکان دابەش ناکرێن، دەبێت گەلی سووریاش هاوکاری بکرێت هەر وەك چۆن هاوکاریی قوربانیانی تورکیا دەکرێت، ئازارەکانی گەلی سووریا لە ساڵی ٢٠١١وە درێژکراوەتەوە».
لە تویتێکی دیکەدا روو لە هونەرمەندان دەکات و دەڵێت: «هەمووتان، لە کاتی ئاهەنگدا، توانیتان بچنە سووریا، ئێستاش بە هەمان شێوە بوێری بن و لە کاتی قەیرانەکاندا بچن و هاوکارییەکانتان پێشکەش بە خەڵك بکەن، لە خودا بترسن لە درۆکردن و لە ئیستغلالکردنی

ژیانی ئەستێرەی نێودەوڵەتی ئەنجلینا جۆلی پڕە لە وێستگەی مرۆیی کاریگەر و ڕەنگە هەریەکێك لەم وێستگانە ئیلهامبەخش بن بۆ سینەماکاران، بۆ ئەوەی فیلمی لەسەر دروست بکەن.

ئەنجلینا جۆلی کێیە کە ئەستێرەی فیلمە نێودەوڵەتییەکانی هۆلیوود و باڵیۆزی نیازپاکییە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، تەنانەت چیرۆکی خۆشەویستییەکەی کە بە جیابوونەوە لە ئەستێرە براد پیت کۆتایی هات، ناسراوە، بەڵام پەیوەندییەکەی لەگەڵ باوکی تا ڕاددەیەك شاراوەیە.

جۆن ڤۆیت باوکی ئەنجلینا جۆلی بە هەمان شێوە ئەکتەرێکی هۆلیوود بووە، و ئەویش وەك کچەکەی خەڵاتی «ئۆسکار»ی بەدەست هێناوە، بەڵام ناوبانگەکەی هەمان ناوبانگ نییە، بەڵکو زیاتر و ئەستێرەییەکەی سێبەری بووە.

جۆن ڤۆیت هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئەنجلینا جۆلی بچێتە ناو جیهانی هونەرەوە، لەگەڵیدا بەشداریی فیلمی «Lookin› to Get Out»ی کردووە، کە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا نمایش کرا، بۆ ئەوەی بڕیار بدات بچێتە جیهانی هونەر و ببێتە ئەکتەرێکی پیشەگەر.

جۆن ڤۆیت ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیانی پیشەیی ئەنجلینا جۆلی هەبوو، فێری کرد کە چۆن خۆی لە کارەکتەرەکە دەربخات و چۆن قسە لەگەڵ بینەر بکات و، چۆن بە شێوەیەکی ئیلهامبەخش و کاریگەر مامەڵە بکات و ئەویش وەك پاشای دراما وەسفی کرد.

سەرەڕای ئەمەش پەیوەندیی نێوان ئەنجلینا جۆلی و باوکی زۆر باش نییە و هەمیشە گرژی زاڵ بووە بەسەر ئەم پەیوەندییەدا، جۆن ڤۆیت بەوە وەسفی کردووە کە تووشی تێکچوونی دەروونی بووە، لە کاتێکدا ئەنجلینا جۆلی تۆمەتباری کردووە بە فێڵکردن لە دایکی.

ئەنجلینا بڕیاری دا کۆمەڵێك منداڵ بەخێوبکات و بەشداری لە هەڵمەتە مرۆییەکاندا بکات لە سەرانسەری جیهاندا، بۆ پاڵپشتیکردنی منداڵانی قوربانی شەڕ و برسێتی، لە کاتێکدا وێنەی لەلایەن فۆتۆگرافەرەکانەوە لەگەڵ. منداڵەکانی، لە وێنەی دایکی دۆستانەدا دەردەکەوێت، کە تا ئەوپەڕی ڕێز و خۆشی دەوێت و ئەنجلینا جۆلی وێنەی دایکێکی نموونەییە، ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خۆی تەمەنێکی سەختی منداڵیی بەسەر بردووە، وەك چۆن بە چاوی خۆی شاهیدی خیانەتەکەی باوکی بوو لە دایکی، ناکۆکی لە نێوان ئەو و جۆن ڤۆیتدا سەری هەڵدا و گەشەی کرد، کە بەم دڕندەییە نەوستا، بەڵام ئێستا لە بەردەم میدیاکاندا کچەکەی تۆمەتبار دەکات بە شێتی.



## ـــــەندان هەیە

دۆخی قوربانیان، تۆ و ڕۆژنامەنووسەکانت کە درۆکە بڵاوی دەکەنەوە کە هەوڵ دەدەن وەك پاڵەوان نیشانت بدەن، با ویژدانتان هەبێت».

سەبارەت بە میدیاکانیش دەڵێت: «بوومەلەرزەیەکی وێرانکەر بوو، بەڵام نەفرەت لێکراوترین ئەو میدیایانەن کە وێنەی قوربانییەکانیان قۆستەوە بە مەبەستی تایبەت، لە هەموویان نەفرەت لێکراوتر هەندێك هونەرمەندن، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە پارەیەکی زۆریان بەخشیوە بەو کەسانەی کە زیانیان بەرکەوتووە و یەك ڕیاڵیش نادەن بە کەسانی پێویست، بەردەکانی سەر زەویش دەزانن کە ئەوان درۆزنن».

## ئالین بۆ گوڵان:

# لەڕۆژی لەدایکبوونیدا سرودی (بارزانی مێریٚ مێرخاس) بڵاو دەکەمەوە



**دوای چەندین ساڵ بێدەنگی و پێشکەش نەکردنی هیچ بەرهەمێکی هونەری، ئەمساڵ خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان (ئالین) ژمارەیەك بەرهەمی نوێی بڵاوکردەوە، لەوانە (کەچ و خورت) کە بە بۆنەی رۆژی ئاڵای کوردستان دواتریش (چاچان)یٚ و چەند بەرهەمێکیشی ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، کە بڕیار وایە لە ماوەکانی داهاتوودا بڵاویان بکاتەوە.**

سەبارەت بە بەرهەمی داهاتووی لە لێدوانێکدا بۆ گوڵان گوتی: «لەساڵیادی لەدایکبوونی باوکی رۆحیی نەتەوەی کورد بەرهەمێکی نویٚ بڵاو دەکەمەوە بە ناوی (بارزانی مێریٚ مێرخاس) کە لە تێکستی ئەسلان ئەشکانە».

سەبارەت بە پەیامی لە بڵاوکرد نەوەی ئەم سرووده ئالین گوتی: «پەیام و ئامانجی من لە بڵاوکرد نەوەی ئەم کلیپە لەو رۆژە پیرۆزەدا، بریتییە لە گەیاندنی پەیامێك، کە بارزانی نەمر، قارەمان و سەرکردەی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانە، خەبات و بەرخودانی بۆ هەموو پارچەکان بووە بەبیٚ جیاوازی، چونکە چۆن کوردانی هەموو جیهان بارزانی بە رەمز و سومبولی نیشتمانپەروەری و خەباتگێڕی دەزانن، بە هەمان شێوە دوژمن و داگیرکەرانی هەموو پارچەکانی کوردستانیش بە هۆکاری یەکخستنی کوردییان زانیوە، ئەماش نیشانەی گەورەیی ئەم سەرکردە مێژووییەیە،

هەر لە رێگەی ئەم بەرهەمەوە پەیامێك ئاراستەی دوژمن و نەیاران دەکەم، کە ئێمەی گەلی کوردستان هیچ کاتێك دەست لە خەون و ئاواتەکانمان هەڵناگرین و، تا کۆتایی خۆمان وەك میللەت و کوردستانیش وەك وڵات دەپارێزین و لە هەر بارودۆخێکدا ئێمە ئامادە نین دەست لە خەبات هەڵبگرین».

ئالین هەروەها دەڵێت: «هەمیشە گوتوومە کە خەمی هەر چوار پارچەی کوردستان بە خەمی خۆمی دەزانم و، هەر چوار پارچەیان بۆ من وەك رۆژئاوا وان و جیاوازییان نییە، خۆشی

# ناجیا عوشاق ئێوارانی پاییز بڵاو دەکاتەوە



**ئێوارانی پاییز دووەم کلیپی خانمە هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەم گۆرانییە نوێیەی ناجیا لەلایەن ئەحمەدی عوشاق دەرهێنانی بۆ کراوە و بەرهەم هاتووە، میکس وماسترینگی فەرهاد کوهی، وێنەگرتن بەهنامی چاك-ە. کلیپەکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار کراوە.**

ناجیا عوشاق کە دەرهێنەری چەندین کورتە فیلمی سینەماییە، دەربارەی دەرهێنەرەکانی فیلمی سینەمایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت: «ئەگەر دوور لە گۆرانی باس لە دۆخی هونەر و کایە ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژهەڵات بکەم بەراورد بە باشووری کوردستان، دەتوانم ئەوە بڵێم کە ڕەوشی هونەر پێشکەوتوو ترە لە ڕۆژهەڵات، چونکە لەوێ دەرفەتێکی زیاتر بۆ هونەرمەندان و دەرهێنەرانی فیلمە سینەماییەکان ڕەخساوە، کە بتوانن پەیوەندی بە یەکەوە بکەن و لە شوێنی تایبەت کۆببنەوە و بیروبۆچونەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن».

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان هونەرمەندانی رۆژهەڵاتی کورڕستان گوتی: «جێگەی خۆشحاڵییە کە هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات هەردەم ئامادەن بۆ هاوکاریکردنی یەکتری لە ئەنجامدانی کارە هونەرییەکاندا، ئەوەش وای کردووە کە ئەگەر حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاریی هونەرمەندانیش نەکەن، زۆر کاریگەرییان لەسەر ناکات، هەروەها هەموو بەشە جیاوازەکانی هونەر پێگە و هەواداری تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، زیاتر گرنگی بە هونەری سینەما دەدرێت و، توانراویشە بە دەیان فیلمی سینەمایی دەرهێنانی بۆ بکرێت، کە ببنە جێگەی سەرنجی ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی بواری هونەری سینەما».

ئەو دەرهێنەرەی سینەما گوتیشی، بەرارود بە ساڵانی ڕابردوو ڕۆڵێکی زیاتر بە ژنان دراوە لە بابەتە هونەرییەکاندا، چونکە ژنان بۆ خۆشیان هەنگاوێکی گەورەیان ناوە و توانیویانە بەربەستەکانی کۆمەڵگە بشکێنن و تواناکان وەگەڕ بخەن، تەنانەت لە هەندێك کاری هونەریدا ڕۆڵی ژنان زیاترە لە پیاوان».

ناخۆشی و دەرد و مەینەتییەکان هەر پارچەیەکی کوردستان خۆشی و ناخۆش و مەینەتی منن، بۆیە ئەوەی لە توانامدا هەبێت بۆ رۆژئاوا ئەنجامم داوە، چ لە رێگەی کلیپەکانمەوە وەك کلیپ (یەکێتی برایەتی) تێیدا داوای یەکگرتن و برایەتی نێوان پێشمەرگە و شەرڤانان دەکەم، هەروەها گۆرانییەکانی (بلبلێ دلشاد) و (ئەی فەلەك ژ بو تە دناڵم) و چەندین بەرهەمی دیکە».



ساڤیا محەمەد

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی تەق تەق:

# لەگەڵ یانە تازەکەم ئاسوودەم و چاوەڕێی ئەنجامی باشیان لێ دەکرێت

یانەی تەق تەقی سەر بە قەزای کۆیە هەموو ساڵێك لەگەڵ دەستپێکی خولەکانی باڵەی کچانی یانەکانی کوردستان و عێراق یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی خولەکانە، بۆ ئەمساڵیش چەندین کچە یاریزانی بەتوانای لە یانەکانی دیکەی کوردستان گواستۆتەوە ریزی تیپەکەی، بە ئامانجی کێبڕکێکردن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، لە ئێستادا سەرقاڵی ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکانن لە ناحیەی تەق تەق، یەکێك لە کچە بەتواناکانی کوردستانیش کە ئەمساڵ لە یانەی سلێمانییەوە پەیوەندی بە یانەی تەق تەقەوە کردووە (ساڤیا محەمەد)ـە، کە یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەی دەربەندیخان و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەی سلێمانی و ئافرەتانی هەولێر، ئێستا دەیەوێت لەگەڵ یانە تازەکەی نازناو و ئەنجامی گەورە تۆماربکات، ساڤیا لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی سلێمانییە و قوتابی قۆناغی چوارەمی پەیمانگای وەرزشیی سلێمانییە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** ئاستی یاریی بالە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- ئاستی یاریی بالە گۆڕانکاری تێدا نییە، هەموو ساڵێك وەك یەکە.

*** کەمیی کردنەوەی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێشکەوتنی نوێ بە خۆیەوە نەبینێت؟**

- بێگومان خول و پاڵەوانیەتییەکان وا دەکەن یاریزانەکان زیاتر هەوڵبدات و یاریزانی زیاتر بێتە یارییەکەوە و حەزی بۆ یارییەکە زیاتر بێت، ئەمەش یاریی بالە زیاتر دەناسێنێت لە نێو کۆمەڵگەدا.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە قۆناغێکی تازە ببڕێت بۆ بەرەوپێشچوون؟**

- خول و پاڵەوانێتی زیاتر بکرێتەوە و گرینگی بە یانەکان بدرێت.

*** گرفتی یارییەکانی بالە لە چیدا دەبینیت؟**

- گرینگی نەدان بە یاریزان و خول و پاڵەوانێتی.

*** بۆچی ریزی یانەی پێشووت جێهێشت؟**

- وام پێ باش بوو گۆڕانکارییەك دروست بکەم لە ژیانمدا.

*** بەنیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- دەمەوێت بەردوامبم لە هەوڵدانم بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی خۆم و بەرەوپێشبردنی وەرزشیی کوردستان.

*** لەگەڵ ئەو بۆ چوونەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن بۆ سوودوەرگرتنی زیاتر؟**

- ئەگەر ببێتە هۆی بەرەوپێشبردنی ئاستی وەرزشیی کوردستان بەڵێ زۆر ئاساییە.

*** چۆن بوو بڕیارت دا لە یانەی سلێمانییەوە ڕوو لە یانەی تەق تەق بکەی؟**

- ڕاستە یانەکە یاریزانەکانی ئەزموونی یارییان کەمە، بەڵام چاوەڕێی ئەنجامی باشیان لێ دەکرێت، ئاسوودەم لەگەڵ یانە تازەکەم.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- هیوادارم بەرپرسانی وەرزش گرینگی بدەن بەم وەرزشە و لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە وەکو هاندەر بەشداربن لە خول و پاڵەوانێتییەکان، ئەمە باشترین هاندانە بۆ ئێمەی یاریزان.

*** خەونی ئەوەت نییە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت و تۆش یەکێك لە ئەندامەکانی بیت؟**

- خەونم ئەوەیە ببم بە یاریزانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەم و جێگای شانازییە و خەونی هەموو یاریزانێکە.

***بۆ تۆ ئەستەم نییە لە ڕێگەی دوورەوە دێتە تەق تەق بۆ وەرزشکردن؟**

- بەڵێ کێشە هەیە، بەڵام خەونەکانم هانم دەدەن هەموو ڕێگە سەختەکان ببڕم.

*** بەهیوای ئەوەیت بگەیتە ریزی هەڵبژاردەی عێراقی؟**

-پەنا بەخوا هیچ شتێك مەحاڵ نییە بەو هیوایەم.

*** بە چ یاریزانێکی بیانی سەر سامی؟**

- من سەیری هەموو یاریزانێك دەکەم لە هەر یاریزانە و شتێك هەیە پێی سەرسام .

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-دەمەوێ سوپاسی گۆڤاری گوڵان بکەم، دڵخۆشم کە کەسانێك دەبینم گرنگی بە وەرزش و وەرزشکار دەدەن.

# ریال مەدرید چاوی لەسەر ئەستێرەیەکی ئەی سی میلانە

چارەنووسی رافاییل لیاو ئەستێرەی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی نادیارە پاش ئەوەی بەرپرسانی یانەکە نەگەیشتنە ڕێکەوتنی کۆتایی بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی ئەو ئەستێرەیە، کە گرێبەستەکەی لە هاوینی ٢٠٢٤ تەواو دەبێت.
ڕۆژنامەی (لاگازێتا دیلۆ سپۆرت)ی ئیتاڵی ئاشکرایکردووە، خۆرخی مێندێز بەڕێوەبەری کارەکانی رافاییل لیاو لە ماوەی رابردوودا لەگەڵ بەرپرسانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کۆبووە لەگەڵیاندا باسی چارەنووسی ئەو یاریزانە کردووە و پرسیاری لەبارەی ئەگەری چوونی بۆ ریال مەدرید کردووە.
ڕۆژنامەکە زیاتر دەڵێت: پێناچێ بەرپرسانی ریال مەدرید، ئومێدێکی ئەوتۆیان دابێتە مێندێز بۆ گواستنەوەی لیاو بۆ یانەکە، چونکە پێیانوایە بوونی ڤینیسیۆس جۆنیۆر لە یانەکەیاندا، کە لە هەمان شوێنی لیاو یاری دەکات هۆکارە بیر لە هیچ یاریزانێکی دیکە نەکەنەوە بۆ ئەو شوێنە.
بەپێی هەمان ڕۆژنامە، بەرپرسانی ریال پێیانوایە ئەوان شوێنی دیکەیان هەیە لە یاریگەدا، کە کێشە و گرفتی هەیە و پێویستی بە پڕکردنەوەیە.
هەمان ڕۆژنامە دەڵێ، لیاو لای خۆیەوە بەبیرۆکەی چوونی بۆ ریال مەدرید زۆر دڵخۆش نییە، چونکە پێیوایە دەبێتە یەدەگی ڤینیسیۆس و ئەوەش بژاردەیەکی جێگەی دڵخۆشی نییە بۆ ئەو یاریزانە، کە چاوی لەوەیە زۆرترین کات یاری بکات.
میدیاکانی ئیتاڵیا دەڵێن، وێڕای نەگەیشتنە ڕێکەوتن بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی نێوانیان، بەڵام لە داهاتوویەکی نزیکدا، هەردوولا دانوستاندن بۆ هەمان مەبەست دەستپێدەکەنەوە.




# مان سیتی کەمترین پارەی بۆ مووچەی یاریزانان خەرجکردووە

ڕۆژنامەی تایمزی ئینگلیزی لیستی ئەو یانانەی بڵاوکردەوە، کە لە وەرزی رابردوو زۆرترین پارەیان بۆ مووچەی یاریزانان داوە، یانەی مانچستەر سیتی پلەی سێیەمی ریزبەندی گرتووە.
ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا دەریخستووە لە وەرزی ٢٠٢١ ـ ٢٠٢٢ مانچستەر یۆنایتد بڕی ٣٨٤ ملیۆن پاوەندی وەکو مووچە داوەتە یاریزانەکان و پێشەنگی زۆرترین خەرجی گرتووە.
یانەی لیڤەرپوول ئەگەرچی لە دۆخێکی ناجێگیردایە، بەڵام بە مووچەی ٣٦٦ ملیۆن پاوەند پلەی دووەمی ریزبەندییەکەی گرتووە، ئەمەش بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٧ خەرجییەکانی بۆ سەرووی زیاتر لە ١٥٨ ملیۆن پاوەند بەرزبووەتەوە، واتە بە ڕێژەی ٧٥٪ خەرجییەکانی زیادیکردووە.
مووچەی یاریزانانی لیڤەرپوول زیاتر بەهۆی ئەوە بەرز بووەوە کاتێك هاوینی ڕابردوو گرێبەستی محەمەد سەلاح ئەستێرەی میسری بە مووچەی هەفتانە ٣٥٠ هەزار پاوەند نوێکردەوە.
یانەی مانچستەر سیتی پاڵەوانی وەرزی ڕابردوو لە لیستی مووچەدا پلەی سێیەمی بەدەستهێنا بە خەرجکردنی ٣٥٤ ملیۆن پاوەند، چێڵسیش ٣٣٣ ملیۆن پاوەندی لە مووچەی یاریزانەکانی داوە.
تۆتنهام لە بارەی مووچەی تیپەکەی پێش ئەرسناڵی ڕکابەری کەوتووە لە پلەی پێنجەم دێت بە پێدانی ٢٠٩ ملیۆن پاوەند، بەمەش بە ڕێژەی ٣ ملیۆن پاوەند پێش ئەرسێناڵ کەوتووە، کە ئێستادا پێشەنگی ڕیزبە ندی خولی ئینگلیزی گرتووە.



# پاریس سانت جێرمان دەستبەرداری نیمار دەبێت

یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی، پێکانی توندی نەیمار دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە یەکجاری دەستبەرداری ئەو یاریزانە بێت.

پاریس سانت جێرمان ئاشکرای کرد، نەیمار دووچاری پێکانی قورس بووە لە بەستەرەکانی پاژنەیدا و بەردەوام دووبارەبوونەوەی ئەو پێکانە، وایکردووە پزیشکەکانی یانەکە ئامۆژگاری بکەن نەشتەرگەری ئەنجام بدات.

یانەکە رایگەیاندووە، دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری ئەم وەرزە بۆ ئەم یاریزانە تەواوبوو، چونکە پێویستی بە سێ تاوەکو چوار مانگ چارەسەر هەیە.

هەرچەندە نەیمار لە دوای هەواڵی نەشتەرگەرییەکە رایگەیاند، کە بە وزە و هێزێکی زیاترەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام پێدەچێ بەرپرسانی ئەو یانەیە بەپێچەوانەوە بیر بکەنەوە، بەتایبەت لویس کامپۆسی بەڕێوەبەری وەرزشیی یانەکە.

رۆژنامەی (لیکیپ)ی فەرەنسی ئاشکرایکرد تاوەکو ئێستا وێرای ئەو پێکانە قورسەی، کە تووشی بووە، بەڵام نەیمار ئومێدەوارە بگەڕێتەوە مەشقەکانی سانت جێرمان و بیرۆکەی رۆیشتن لە یانەکە رەتدەکاتەوە، بەڵام کامپۆس گوتوویەتی ئەوە هەلێکی باشە بۆ ئەوەی یانەکە بەیەکجاری دەستبەرداری نەیمار بێت و ئەگەری فرۆشتنی یەکجاری بخاتە بەردەستی بۆ ئەوەی بەزوویی بڕیار بدات.



# کێشەی ئەنچیلۆتی و پێرێز گەورە بوو

سەرۆکی یانەی ریال مەدرید لەگەڵ کارلۆ ئەنچیلۆتی کۆبووەوە و لە راهێنەرە ئیتاڵیەکە تووڕەیە.

پێگەی رێلێڤۆی ئیسپانی بڵاویکردەوە فلۆرەنتینۆ پێرێز سەرۆکی ریال مەدرید دوای تەواوبوونی یارییەکەیان بەرامبەر بێتیس چووەتە ژووری جلگۆڕین بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ کارلۆ ئەنچیلۆتی بکات.

سەرچاوەکە هێمای بۆ ئەوە کردووە هەندێک لە بڕیارەکانی ئەنچیلۆتی جێگەی رەزامەندی کارگێری یانەکە نییە، لەمبارەیەوە پێرێز قسەی لەگەڵ کارلۆ کردووە، هەر بەم هۆیەوە کۆنگرەی رۆژنامەوانییەکەی دواکەوت.

پێگەی رێلێڤۆ ئاماژە بەوەش دەکات، کە پێرێز لەدوای یارییەکان زۆر بە کەمی دەچێتە ژووری جلگۆڕین و پێرێز بە نزیکەکانی راگەیاندووە، کە رازی نییە لە شێوازی پێکهاتەی ئەنچیلۆتی و گۆڕانکارییەکانی.

لە کۆتاییدا سەرچاوەکە ئاشکرای دەکات جەنگی ساردی نێوان ئەنچیلۆتی و پێرێز ئەو کاتە دەستیپێکرد، کە لە سوپەری ئیسپانیا گەڕانەوە و نازناوەکەیان بۆ بەرشلۆنە لە دەست دا.



### ئەرسەلان جەلال:

# هەندێک ڕاهێنەرە هەیە نازانن چیان پێ دەکرێت ئەوەش هەڵەیەکی کوشندەیە بۆ ناوی ئەوان




ئەرسەلان جەلال ناوێکی دیاری وەرزشییە لەسەر ئاستی کوردستان، بەتایبەت لە شاری سلێمانی ڕاهێنەری چەندین یانەی شارەکانی کوردستان بووە، لەگەڵ ئەوەی ئەم وەرزە ڕاهێنەرایەتیی هیچ یانەیەکی کوردستانی نەکرد، سەرەڕای ئەوەی گرێبەستی پێشکەش کرا بوو لە یانەکانی دیکەی کوردستان، بەڵام ئامادە نەبوو ڕاهێنەرایەتیی هیچ یانەیەك لە ئەستۆ بگرێت، لەبارەی هۆکاری دانیشتنی لەم وەرزە ئەرسەلان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ ئەمساڵ تاکو ئێستا لەگەڵ هیچ یانەیەك ڕێك نەکەوتووم، بۆساڵی داهاتووش بێگومان هەر یانەیەك بزانم بۆ هەردوو لا گونجاوە کاری لەگەڵ دەکەم، لەم وەرزە هەر چەندە هەندێك یانە هەبوو لە نێوان قۆناغەکان، بەڵام من پێم گونجاو نەبوو، چونکە لەگەڵ تمووحی من نەبوو، من دەمەوێ لە هەر شوێنێك کارم کرد جێ دەستم دیار بێت، نامەوێ بەس بڵێن ڕاهێنەرە، من دەمەوێ گۆڕانکاری بکەم، هەندێك ڕاهێنەر بەس پێیان بڵێ وەرن دەچن و نازانن چیان پێ دەکرێ، ئەمەش هەڵەی کوشندەی ڕاهێنەرە، بۆ ئەمساڵ جارێ هیچ بڕیارێك نییە و خولەکان لە کۆتاییدان، دەمەوێ بۆ ساڵی داهاتوو پلانی باشتر دابنێم، بۆ ئەوەی بتوانم لەگەڵ یانەیەك کار بکەین و شوێن پەنجەمان دیار بێت لە وەرزشی کوردستان».

# ڕەمزی ساڵح چوارقوڕنە دەبەینە قۆناغێکی باشتر



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی چوارقوڕنەی دەڤەری ڕاپەرین ئەم وەرزە تاکە نوێنەری دەڤەرەکەیە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کە لە کۆی ئەنجامدانی ١٧ یاری خاوەن ٢٣ خاڵە و لە ریزبەندی یازدەمین دێت لە ریزی تیپەکان، ئەم وەرزە دوو ڕاهێنەر دەستیان لە مەشقی یانەکە کێشاوەتەوە بەهۆی بەدەستنەهێنانی ئەنجامی شایستە، بۆ ئەم یارییانەی داهاتووش کارگێڕیی یانەکە بەفەرمی ئەرکی مەشقدانەوەی بە ڕاهێنەری یانەی قەڵادزێ ڕەمزی ساڵح سپارد. لە بارەی بارودۆخی تیپەکەش ڕەمزی ساڵح ڕاهێنەری نوێی یانەی چوارقورنە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بارودۆخی تیپەکە زۆر باشە، تیپێکی تۆکمە و پڕ لە یاریزانی بەتوانایە و ئەم وەرزەی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان کێبڕکێی بە دەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکەین لەگەڵ سەرجەم تیپەکانی خولەکە، وەکو گرفتیش هیچ گرفێتکمان نییە، دەمانەوێ ئاست و ئەنجامی تیپەکە وەکو پێویست بکەین لە یارییەکانی داهاتاو ئاست و ئەنجامی باشتر و شایسە تر پێشکەش بکەین، هاوکات گوتیشی: «متمانەم بە تیپەکە هەیە کە بتوانین هەموومان بە یەکەوە لە یارییەکانی داهاتوو ئاست و ئەنجامی تیپەکەمان باشتر بکەین و لە ریزبەندی یانەکانیش چەند خانەیەك بچینە پێشەوە، سوپاسی کارگێڕیی یانەکەش دەکەین کە پاڵپشتی باشی تیپەکە دەکەن، هەموومان بە یەکەوە هەوڵی بەدەستهێنانی ئەنجامی باش و شایستە تر دەدەین، یانەکانی ئەم وەرزەش هەمووی بەهێزن و چاویان لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە لە خولەکە، ئەوەی لە توانامانداا بێت درێغی ناکەین بۆ سەرخستنی یانەی چوار قوڕنە بۆ قۆناغێکی باشتر».



## کامەران عەلی:

# لاوانی نەورۆز چاوەڕوانی دوارۆژێکی باشیان لێ دەکرێ

تیپی لاوانی یانەی نەورۆزی شاری سلێمانی بەردەوام لە مەشق و ئامادەکاریدایە بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانی خولی لاوانی یانەکانی عێراقی، یانەی نەورۆز ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی پێشوو، خاوەن ئاستێکی باشە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، بە هەمان ریتم و سیناریۆ تیپی لاوانی یانەکەش کە خاوەن کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرز و پاشە، ئایندەیەکی باشیان لێ چاوەڕوان دەکرێت بۆ داهاتووی یانەکە، لە بارەی ئامادەکاریی تیپەکەش کامەران عەلی ڕاهێنەری لاوانی یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی تیپەکەمان زۆر باشە و ئەمساڵ دەمانەوێ بە بەهێزیەوە بەشداری لە یارییەکانی خولی لاوانی یانەکانی عێراقی بکەین، ئەمساڵ کۆمەلێ یاریزانی لاوی نوێ چاوەڕێی کاری باشیان لێ دەکەین، پەنا بە خودا بۆ دوا ڕۆژی یانەکەشمان گرنگیی و سوودی باشیان دەبێت و دەبنە ئایندەی یانەکەمان، ئێمە بەردەوامین لە ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکانمان بۆ ئەوەی بتوانین ئامادەکاری پێویست بکەین بۆ هەر خول و پاڵەوانیەتییەك ئامادەبین، یانەی نەورۆزیش گرینگی زۆر بە سەرجەم تیپەکانی دەدات لە یانەکە»، کامەران عەلی هەوەها گوتیشی: « ئێمە وەکو ڕاهێنەران چاومان لە سەر ئەو تیپەیە کە ڕۆژانە ماندووین بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەمی باشمان هەبێت لە یانەکە، لە خولی لاوانی یانەکانی عێراقیش ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین، وەکو گرفتیش هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لە یانەکە، دەمانەوێ یاریزانی باش بەرهەم بهێنین و بتوانین لە دروستکردنی یاریزاندا پێشەنگ بین و خزمەتی وەرزشیی کوردستان بکەین».



# ئەگەر یەک مانگ شەکر نەخۆیت چی روو دەدات!

ئەمە سەلمێنراوە کە خواردنی بڕی زیادی شەکر ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان بەرز دەکاتەوە، هاوکات لەگەڵ کاریگەریی نەرێنی لەسەر تواناکانی مێشك. با بزانین کە نەخواردنی شەکر چی بەسەر لەشدا دێنێت؟ پاش وازهێنان لە خواردنی شەکر بە ماوەیەکی کورت: ئاستی شەکری خوێن دادەبەزێت



هاوکات لەگەڵ ئارەقەکردن و ناڕەحەتیی دەروونی. پاش چەند کاتژمێرێك: ئارەزووی خواردنی بۆ خۆراکی پڕچێژ زیاد دەبێت. پاش چەند رۆژێك لە وازهێنان: هەستکردن بە ئارامی بەرجەستە دەبێت، هەروەها بەپێی کەسەکە نیشانەی جیاواز سەر هەڵدەدەن وەکو: سەرئێشە، کەمیی ئاستی وزەی لەش، هەندێك جاریش رێك پێچەوانەی ئەم نیشانانە بەدی دەکرێن بە شێوەی هەستکردن بە چالاکی و بەرزبوونەوەی ئاستی وزەی لەش، بەبێ بوونی ئارەزووی حەزی خواردنی شەکر و شیرینی، ئەگەرچی لەوانەیە کە هاوکات بێت لەگەڵ هەستی برسیبوون و تینووبووندا. پاش یەك مانگ لە وازهێنان: ئارەزوو بۆ خواردنی شەکر و شیرینی نامێنێت، هاوکات لەگەڵ هەستکردن بە سوودە تەندروستییەکانی وازهێنان لە شەکر، کە بریتین لە: کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، باشتربوونی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن واتە خۆاپارستنی زیاتر لە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك، جێگیربوونی ئاستی شەکری خوێن لە سنووری ئاساییدا، واتە خۆپاراستنی زیاتر لە نەخۆشیی شەکرە، باشتربوونی تەندروستیی ددانەکان و خۆپاراستنی زیاتر لە کلۆربوونیان، خۆپاراستنی زیاتر لە ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن.





## سوودەکانی کەم خواردنی گۆشت

پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە بۆ تەندروستیی باشتر واباشترە کە زیاتر خۆراکی ڕووەکی بخورێت و بڕی گۆشتەکان کەم بکرێنەوە، بۆنموونە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و نەخۆشیی شەکرە کەم دەبێتەوە. سوودەکانی کەمکردنەوەی گۆشت لە خۆراکی ڕۆژانەدا:

- کەمبوونەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە، بۆنموونە لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە ڕۆژانە خواردنی تەنیا ٥٠ گرام گۆشت ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە تا ڕێژەی ١١٪ بەرزدەکاتەوە.
- زیاتر ژیان، لەوکاتەی کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ یان زیاتر ژیاون کەسانی ڕووەکی بوون و بە کەمی گۆشتیان خواردووە.
- کەمبوونەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك Stroke، چونکە ئەمە ڕوونە کە زیاد خواردنی گۆشتی سوور هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن کە هەردووکیان ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ و نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك زیاد دەکەن.

## پەستانی بەرزی خوێن چی بەسەر دڵدا دەهێنێت؟

بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن Hypertension بارگرانیی زۆر دەخاتە سەر دڵ و گرفتی زۆری بۆ پەیدا دەکات، بۆنموونە ئەگەر بە تەواوی کۆنترۆڵ نەکرێت دەبێتە ئەگەری نەخۆشیی خوێنبەرکانی دڵ CAD بە ڕێژەی ٤٧٪، پەککەوتنی دڵ بە ڕێژەی ٢٥٪، هەروەها ئەستووربوونی ماسوولکەی دڵ. بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن هۆکارە بۆ ئەستووربوونی دیواری ماسوولکەیی سکۆڵەی چەپ LVH چونکە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن توانای دڵ بۆ پەمپکردنی خوێن بە توندی کەم دەکاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاوسان یان گەورەبوونی قەبارەی دڵ، دەرئەنجام لە فرمانەکانی دڵ دەکاتەوە و سکۆڵەی چەپ لاواز و سخ دەبێت. بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن دەبێتە ئەگەری تەسکبوونەوەی خوێنبەرەکانی تاجی دڵ کە ئۆکسجین بە ماسوولکەی دڵ دەگەیەنن، ئەمەش ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ Heart attack زیاد دەکات، کە گەلێك جار کوشندەیە، هەروەها لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری پەیدابوونی تۆپەڵی مەییوی خوێن Blood clots کە بە تەواوی ڕێگە لە گەیشتنی خوێن بە ماسوولکەی دڵ دەگرن. ئەستووربوونی سکۆڵەی چەپ و نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ دووئاراستەیین، واتە هەر یەکێك هاندەرە بۆ ڕوودانی ئەوی دی.

# بۆچی نابێت پشت ئێشە فەرامۆش بکرێت؟

ئازار لە بەشی خوارەوەی پشت کە بۆ قاچەکان بڵاوبێتەوە و هاوکات بێت لەگەڵ گرفت لە جووڵە یان چالاکیی فیزیکیی رۆژانەدا، لەوانەیە کە لە ئەنجامی خزینی کرکراگە یان قۆریی دیسکی نێوان بڕبڕەکانی پشت بێت Disc herniation کە بە وێنەگرتنی رەنینی موگناتیسی MRI دەستنیشان دەکرێت. هەندێك جار ئازاری پشت لەبەر نەخۆشیی دیکە لە دەرەوەی ستوونی پشتدا روو دەدات، کە نیشانەکانی بریتین لە سووك نەبوونی ئازاری پشت پاش حەسانەوە و زیادبوونی ئازار لەکاتی شەودا، بۆنموونە کەمیی مەشقی وەزرشی، کێشی زیاد و قەڵەوی، جگەرەکێشان، هەڵگرتنی تەنی قورس بە شێوەیەکی نارێك، لەگەڵ گرفتە دەروونییەکان. ئەو نیشانە مەترسیدارانەی کە ئەگەر هاوکات بن لەگەڵ پشت ئێشە، کە هەرگیز نابێت فەرامۆش بکرێن بریتین لە: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، کەمبوونەوەی کێشی لەش بەبێ هۆکارێکی روون، تووشبوون بە هەر جۆرێکی شێرپەنجە لە هەر بەشێکی لەشدا، بەردەوامبوونی ئازاری پشت بۆ ماوەی چوار هەفتە یان زیاتر، زەبر بۆ بڕبڕەکانی پشت، پشت ئێشە پێش تەمەنی ٢٠ساڵی و پاش تەمەنی ٥٠ ساڵی.




# نووستن کەمتر لە شەش کاتژمێر مەترسی بۆ تەندروستی هەیە

نووستن بۆ ماوەی کەمتر لە شەش کاتژمێر گرفتی زۆر بۆ تەندروستی پەیدادەکات کە بریتین لە:

- نەخۆشیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان وەکو: نارێکبوونی لێدانەکانی دڵ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نۆرەی دڵ، هەروەها پەککەوتنی دڵ.
- پەستی و خەمۆکی.
- کەمبوونەوەی تواناکانی مێشك بەتایبەتی زووبیرچوونەوە و کەمبوونەوەی تەرکیز، لەگەڵ گرفت لە بڕیاردانـدا.
- گرفتەکانی پێست بە شێوەی پەیدابوونی ئەڵقەی تاریك لە دەوری چاوەکاندا Dark circles، دەرکەوتنی هێڵی وردی لۆچبوون، لەگەڵ زبربوونی پێست.
- زیادبوونی کێشی لەش لەوکاتەی کە کەم خەوتن هاندەرە بۆ زیاد دەردانی هۆرمۆنی گهلێرین Ghre-lin کە هەستی برسیبوون زیاد دەکات، هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی دەردانی هۆرمۆنی Leptin لێپتین کە بە هۆرمۆنی تێربوون و کەمکردنەوەی ئارەزووی خواردن ناسراوە.





# بە پیادەڕۆیی ڕۆژانە ٥٠٠ هەنگاو دڵت بپارێزە

لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی کۆمەڵەی ئەمریکیی تەندروستیی دڵ AHA هاتووە کە تەنیا بە ٥٠٠ هەنگاو پیادەڕۆیی ڕۆژانە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و سووڕان کەم دەبێتەوە، بەتایبەتی نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، پەککەوتنی دڵ لەگەڵ جەڵتەی مێشك، هەروەها ڕۆژانە ٣٠٠٠ هەنگاو پیادەڕۆیی هێشتا سوودی تەندروستیی زیاتری هەیە. لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژە بەمەش کراوە کە ٥٠٠ هەنگاو پیادەڕۆیی خێرا Brisk walking ڕۆژانە لە کەسانی تەمەن ٧٠ ساڵ و بەسەرەوەدا کە دەکاتە نزیکەی ٤٠٠ مەتر، ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان تا ڕێژەی ١٤٪ کەم دەکاتەوە، هەروەها ٤،٥٠٠ هەنگاو پیادەڕۆیی ڕۆژانە ئەم ئەگەرە تا ڕێژەی ٧٧٪ کەم دەکاتەوە. پیادەڕۆیی هاندەرە بۆ بەهێزکردن و باشترکردنی کوالێتیی ماسوولکەی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن بەتایبەتی لە بەساڵاچوواندا، هەروەها کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، کەمکردنەوەی کێشی لەش، سووککردنی سترێس، لەگەڵ پاراستن و باشترکردنی تەندروستیی ئێسکەکان.

# هۆکاری هەستکردنی بە گەرمبوونی پێیەکان



بە شێوەیەکی گشتی، هەوکردنی دەمارەکان Neu-ropathy لە قاچدا هۆکاری سەرەکییە بۆ گەرمبوونی پێیەکان. دەمارە هەوکردووەکان سیگناڵی ئازار بۆ مێشك دەنێرن، بە بێ بوونی هیچ زەبر و برینێك لە پێیەکاندا. گەرمبوونی پێیەکان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هاوکاتە لەگەڵ هەستکردن بە تەزین یان سڕبوونی پێیەکان و زیاد هەستیاربوونیان بۆ بەرکەوتن Hyperesthesia لەگەڵ ئازار، یان هەستکردن بە سووتانەوە لە پێیەکان، بەتایبەتی لەکاتی پیادەڕۆییدا. هۆکارەکان: نەخۆشیی شەکرە و خواردنەوە ئەلکهولییەکان باوترین هۆکارن، ئینجا نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە، کەمیی ڤیتامینەکانی B6 یان B9(فۆلەیت) یان B12، ڕاهاتن لەسەر ئەلکهول، ئایدز، زیانی لابەلای هەندێك دەرمان، سستبوونی گلاندی دەرەقی، ژاراویبوون بە کانزای قورسی وەکو قورقوشم، جیوە یان ئارسنیك Arsenic، هەوکردنی پێستی پێیەکان بە کەڕوو، هەوکردنی بۆڕییەکانی خوێن Vasculitis لە پێیەکاندا.

# پێشانگای س

رەنگە زۆربەتان پێشانگای ساڵانەی CESتان بیست بێ، پێشانگای ئامێرە تەکنەلۆژییە دیجیتالییەکانی سەردەم کە لە شاری (لاس ڤیگاس) بەڕێوە دەچێت. پێشانگایەکی گەورەی ساڵانەی دیکەش هەیە بەناوی MWC کە کورتکراوەی دەستەواژەی(Mobile World Congress) ە واتە کۆنگرەی ساڵانەی مۆبایل..

ئەم کۆنگرەیەی مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩٨٧ دەگەڕێتەوە، ئەوکات کە مۆبایل هێشتا لە خاڵی دەستپێك دابوو. تاکو ساڵی ٢٠٠٦ بەناوی 3GSM ناسرابوو و لە شاری (کان) بەڕێوە دەچوو. لەو



## لاپتۆپی رۆڵەیی لینۆڤۆ

لە پێشانگای ساڵانەی MWCدا، لینۆڤۆ نوێترین لاپتۆپی خۆی خستەڕوو، لاپتۆپێك کە لە دیزایندا ناوازەیە و وەك هیچ لاپتۆپێکی دیکە ناچێت، هەرچەندە هەندێك شێوەی لە تەلەڤزیۆنە تایبەتییەکەی LG دەچێت کە ئەویش بەشێوەیەکی رۆڵی دەچێتەوە پاڵ خۆی.

لاپتۆپە ناوازەکەی لینۆڤۆ ١٢,٧ ئینجە و کوالیتی نیشاندانی ٢٠٢٤ لە ١٦٠٤ پیکسلدایە، بەڵام کاتێك نیازت هەبێ شاشەکە بەتەواوی لە رۆڵەکە بێتە دەر و گەورەتر بێت دەبێتە شاشەیەکی ١٥,٣ ئینجی و کوالیتی نیشاندانیشی زیاتر دەبێت. مەودای گەورەکردن و بچووککردنەوەی تەنیا دە چرکە دەخایەنێ. هەرچەندە لاپتۆپەکە تەنیا وەك نموونە بەرهەم هاتووە و نەخراوەتە بازاڕەوە، بۆیە زانیارییەکی ئەوتۆ لەبارەی سەختە ئامرازەکانییەوە نییە، تەنیا ئەوەی بەرچاوە چەندین شوێنی USB هەیە و کیبۆردێکی ستاندەر و تۆچ پەدێکی هەیە. لەبارەی رام و داتاگە و شتەکانی دیکەوە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ نییە.

## مۆبایلە ناوازەکەی مۆتۆرلا

مۆتۆرلا گەرچی مێژوویەکی لەمێژینەی هەیە لە بەرهەمهێنانی مۆبایلدا، بەڵام نەیتوانیوە خۆی لە ئاستی براندە گەورەکانی جیهان بنوێنێ، سامسۆنگ و هواوی و ئایفۆن و ...تاد. بەڵام ئەو مۆبایلانەی کە کۆمپانیای ناوبراو بەرهەمیان دێنێ ناوازەن هەم لە دیزایندا و هەم لە توانا و تایبەتمەندییەکانیدا.

لە کۆنگرەی ساڵانەی MWC مۆتۆرلا مۆبایلی جۆری Rizr ی خستەڕوو. مۆبایلێك بەتایبەتمەندییەکی زۆر نایاب و ناوازە.. مۆبایلەکە گەورە و بچووك دەبێتەوە. بە داگرتنی دووگمەیەك مۆبایلەکە لە سایزی ٥ ئینجیەوە دەبێتە مۆبایلێکی ٦,٥ ئینجی. ئەگەر دوگمەکە دابگریەوە ئەو بەشە زیادیە دەچێتە پشتەوە و دەبێتە شاشەی دووەم. لە پشتەوە دەکرێت کاتژمێر، ئاگادارییەکان و کەش و هەوا و نیشاندانی شەحنی باتری ببینی. کاتێکیش بە نیازی وێنەیەکی سلفی بگری ئەو بەشە لە شاشەکە دەچێتە خوارتر تا کامێرای پێشەوە و هەروەها سپیکەری دەنگ دەربکەوێت.



# سالآنەی MWC

ساڵەوە ناوەکەی گۆڕدرا و ئێستا شوێنی بەڕێوەچوونیشی لە (کان)ەوە گۆڕاوە بۆ شاری (بارسلۆنا).
ئەمساڵیش پێشانگای سالآنەی MWC لە ٢٠٠٣/٢/٢٧ دەستی پێکرد و هەتا ٢٠٢٣/٣/٢ بەردەوام بوو. لەو پێشانگایەدا زیاتر لە سەد هەزار کەس بەشداری دەکەن و جگە لە نیشاندان چەندین سیمیناری تایبەت بە تەکنەلۆژیا بەتایبەتی مۆبایل بەڕێوە دەچێت. لێرەدا گوڵبژێرێك لەو ئامێر و کەرەسە تەکنەلۆژیا دیجیتالیانەی کە لەداهاتوودا بەرهەم دێن و دەکەونە بازاڕ باس دەکەین.



## مۆبایلەکانتان بە مانگی دەستکردەوە دەبەسترێنەوە

لە پێشانگای سالآنەی MWCی بارشلۆنادا کۆمپانیای مۆتۆرلا ئامێرێکی خستەڕو کە بە defy satelite Link ناسراوە، ئامێرێك کە لەگەڵ مۆبایلی ئایفۆن و ئەندرۆید پەیوەند دەدرێ و دەکرێت بەهۆیەوە پەیام یا لۆکەیشنی خۆت بۆ شوێنی مەبەست بنێری. کاریگەری ئەو ئامێرە بۆ ئەو کاتانەیە کە کەوتوویەتە شوێنێکی دوورە دەست و هیچ خزمەتگوزارییەکی مۆبایلی لێ نییە و بە قەولی کۆڕەك لە دەورەوەی بازنەی. لەکاتێکی وادا ئامێرەکە پەیام و لۆکەیشنی مۆبایل وەردەگرێ و بۆ ئەو کەسانەی بەرێ دەکات کە بەکارهێنەر داوای هاوکاریان لێدەکات.

دوور نییە لە داهاتوودا هەر ئەو ئامێرە ئینتەرنێتی سەتەلایتی ستارلینك بۆ سەر مۆبایلەکان بگوازێتەوە. تێچووی هاوبەشیکردنی مانگانەی ئەو خزمەتگوزارییە ٥ دۆلارە.




## هواوی کاتژمێرێکی زیرەکی نوێ بەرهەم دێنێ

لە پیشانگا یا کۆنگرەی سالآنەی MWC ی بارشلۆنادا «هواوی» نوێترین کاتژمێری خۆی بەناوی (Huawei Watch GT Cy-ber) خستەڕوو. کاتژمێرێك جیاوازی لەگەڵ کاتژمێرەکانی دیکەدا ئەوەیە بەکارهێنەر بە ویستی خۆی چوارچێوە و دیکۆری کاتژمێرەکە دەگۆڕێت و دەتوانیت لەگەڵ رەنگی جلوبەرگدا بیگونجێنی. کاتژمێرەکە دوو جۆرە، جۆرێکیان لە سیرامیك و پۆڵای دژە ژەنگ دروستکراوە و جۆرەکەی تریان لە پلاستیکی پتەو دروستکراوە.

سایزی شاشەکەی ١,٣٢ ئینجە و لە جۆری AMOLEDیە. هەتا قولایی پێنج مەتر لە ئاودا کێشەی بۆ نایەتە پێش. بە جارێك شەحنکردنەوە هەتا هەفتەیەك دانابەزێت. وەك زۆربەی کاتژمێرەکانی دیکە چاودێری تەندروستی و راهێنانی وەرزشی تێدایە و لەگەڵ مۆبایل بە هەردوو سیستەمەکەیەوە پەیوەند دەدرێت.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی ئەنیمەیشن و وێنەی سێ دەوری

گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دروستكردنی فیلمی جوڵەدار (ئەنیمەیشن) و هەروەها بۆ دروستكردنی وێنەی سێ دەوری 3D. پرۆگرامی Aurora 3D Presentation یەكێكە لەو پرۆگرامە بەهێزانە، كە بۆ دروستكردنی سلایدشۆی سێ رەهەندی سوودی لێوەردەگیردرێت. بە خێراییەكی زۆر دەكرێت بە ئاسانی سلایدشۆی سەرنج راكێش دروست بكرێت. لەو بوارەدا زۆر سەركەوتووترە لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ و هاوشێوەكانی. هەروەها دەكرێت بۆ دیزاین كردنی ئەنیمەی سێ دەوری multimedia سوودی لێوەربگیرێت. هەروەها دەكرێت وەك جێگرەیەكی باشیش بێت بۆ پرۆگرامی پاوەرپۆینت و هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە پاوەرپۆینتدا هەیە لەو پرۆگرامەشدا هەیە بە زیادیشەوە. پاش تەواو بوونی كارەكە دەكرێت وەك فایلێكی EXE خەزن بكرێت.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت چۆن مۆبایلەكەم بە تەلەڤزیۆنەوە پەیوەند بدەم؟**

خوێنەری بەڕێز ئەگەر تەلەڤزیۆنەكەت سمارت بێت، بە ئاسانی لە ڕێگای وای-فایەوە پەیوەند دەدرێت، لە بەشی sitting ی تیڤیدا بەشێك هەیە تایبەتە بە پەیوەندی مۆبایل و لەوێدا لە مۆبایل دەگەڕێت، تیڤیەكە خۆی پێشنیاری پرۆگرامێكی تایبەت بە پەیوەندی دەكات كە دەبێت لەسەر مۆبایل دایبنێی.. دەتوانی خۆشت لە مۆبایلەكەتدا چ ئەندرۆید بێ یا ئایفۆن بە دوای ئاپی تایبەت بە پەیوەندی دابگەڕێی.

ئەگەر تیڤیەكەشت سمارت نەبێت، ئەوە دەكرێت لە ڕێگای دینگلی تایبەتەوە وەك ئەندرۆید بۆكس، یا كرۆم كاستەوە كە ئامێرێكی بچووكە لە HDMI تیڤی دەخرێت لەگەڵ مۆبایلەكەت پەیوەندی بدەی. یا لە ڕێگای كێبڵی تایبەت كە لە مۆبایل فرۆشەكان هەیە.




## ڕۆبۆتی Pepper

ڕۆبۆتی پیپەر Pepper یەكەم ڕۆبۆتی هاوشێوەی مرۆڤە، وەك مرۆڤێك هەستی خۆی دەردەبڕێ و كردار و هەڵسوكەوتەكانی خۆی لەگەڵ هەڵسوكەوتی بەكارهێنەرەكەی دەگونجێنێ. هەستەكانی وەك خۆشی، خەم، توڕەیی و سەرسوڕمان لەو ڕۆبۆتەدا هەن. كاتێك پێدەكەنی بە ڕووتەوە پێدەكەنێتەوە. بە تووڕە بوون و هەڵچوون ئەویش توڕە دەبێت و جار هەیە بە هیچ جۆرێك وەڵامت ناداتەوە. ڕۆبۆتی ناوبراو بۆ ڕاكێشانی كڕیار زۆرتر لە شوێنە بازرگانییەكان وەك سۆپەرماركێتەكان دادەنرێ.

## بەهێزترین لاپتۆپی سێ ڕەهەندی بێ چاویلکە



کۆمپانیای asus لە پێشانگای CES ئەمساڵدا، بەهێزترین لاپتۆپی خۆی خستەڕوو، ئەویش لاپتۆپی جۆری ASUS ProArt Studiobook ١٦یە، لاپتۆپێکی سێ ڕەهەندی بەهێز کە بەبێ چاویلکەش دەکرێت دیمەنەکان بە سێ ڕەهەندی واتە 3D ببینی. لاپتۆپەکە ئەوانەی کاری دیزاین و نەخشەسازی دەکەن دەتوانن سوودی لێوەربگرن. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی لاپتۆپەکە ئەمانەن:

کێشی ٢,٤ کیلۆگرامە، یەکەی لێکدانەوەی لە جۆری AMD Ryzen 9یە. ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە. هاردی ناوخۆی واتە (داتاگەی) یەك ترابایتە. شاشەکەی ١٦ ئینجە و لە جۆری OLEDیە. دوگمەیەکی سکرۆڵی تایبەتی هەیە بۆ ئەرکی گرافیك و ڤیدیۆ ئاسانکاری زۆر دەکات، بەتایبەتی لەگەڵ پرۆگرامەکانی تایبەت بە adobe دەگونجێت.



## ماڵپەڕێک بۆ گۆڕینی فۆرماتی وێنە

وێنە دیجیتاڵییەکان فۆرماتەکانیان جیاوازن، هۆکارەکەش زۆرە، چونکە هەندێك وێنە تایبەتن بە گرافیك و هەندێك وێنە بۆ نیشاندان و هەندێك وێنەش بۆ بڵاوکردنەوە لە ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. تەنانەت کامێرا دیجیتاڵییەکانیش فۆرماتی وێنەگرتنیان جیاوازە. بۆ ئەوەی فۆرماتی وێنەیەك بە وێنەیەکی دیکە بگۆڕی، پێویستتە بە پرۆگرامی تایبەتییە، ئەگەر بتهەوێ بە خێراییش بیگۆڕی ئەوە پێویستە ماڵپەڕی تایبەت بە گۆڕینی فۆرمات بەکار بێنی. ماڵپەڕی www.im-g2go.com یەکێکە لە ماڵپەڕە تایبەتییەکان، گشت فۆرماتێك دەگۆڕێ. دەکرێ بە کۆش فۆرماتەکەکان بگۆڕێ، واتە چەندین وێنەیەك یەکجار فۆرماتەکانیان بگۆڕدرێت. نە تەنیا فۆرمات بەڵکو سایز و ڕەنگیش بگۆڕی و فیلتەریش دابنێی.

## کامێرایەکی بەهێز بۆ ڤیدیۆ کۆنفرانسەکان

بەڕێوەبەری سیمینارێکی گەورەی و لە ڕێگای دوورەوەش بە هەزاران بینەرت هەیە، نیازت هەیە دەقی کۆنفرانسەکە بە وردەکارییەکانەوە بگوازیەوە، بە کامێرای سەر لاپتۆپ یا مۆبایل ئەوەی پێیدەگوترێ وێبکام ئەمە ناکرێ، چونکە هەموو گۆشە و لایەنەکان نابیندرێن. هەروەها لەیەك کاتدا ناکرێ هەم ئاخێوەر و هەم کەسانی گوێگر ببینی.




کامێرای بەهێزی EMEET Meeting Cap-sule Pro کامێرایەکی زیرەکە و بۆ ئەم مەبەستە دانراوە، کوالیتی نیشاندان K4ە و کامێرایەکی ٣٦٠ پلەیە، واتە لە یەك کاتدا ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، جگە لەوەی خوار و سەرێش نیشان دەدات. ٣ حاڵەتی لێنزی هەیە لەگەڵ ٥ حاڵەتی کۆنفرانس. کاتێك کامێراکە بەرەو سەرێیە، دوو حاڵەتی کۆنفرانسەکە نیشان دەدا، لە خوارەوەش بەشی پانۆڕامای دانیشتوانی ناو سیمینارەکە نیشان دەدا، تەنانەت دەتوانی ڕوخساری ئاخێوەر بجوڵێنی. سیستەمی ئینتەرنێتی Hi-fi هەیەی لەگەڵ دە مایکی تایبەت بۆ ئەوەی لە هەموو لاوە دەنگ وەربگرێ، لەگەڵ سپیکەرێکی بە بەهێزی ١٥ وات.





# هەنگاوەکانی سافبوونی پێستی ڕوخسار

گرنگیدان به جوانیت مانای کارامەیی و قەشەنگیت نیشان دەدات، تا چەند ڕوخسارت پاك و ڕازاوە بێت، زیاتر سەرنجڕاکێشتر و شیکتر دەردەکەویت، بۆ ئەوەی پێستت ساف و جوان بێت، جگە لە هەنگاوەکانی ڕۆژانە کە گرنگیدان و پاککردنەوە و ماکیاژ کردنە، چەند هەنگاوێکی دیکەش هەن کە پێستی ڕوخسار زیاتر گەشاوەتر دەکەن، لێرەوە ئاشنایان بە، سەرەتا پێویستە هەنگاوەکانی پارێزگاری لە پێستی ڕوخسار بگریتەبەر وەك: پاککردنەوەی دوای ماکیاژ، کەم بەکارهێنانی کەرەستەکانی ماکیاژ، ماندووبوون و سترێس، شووشتن بە ئاوی شلەتێن یان سارد، مەساجکردن، بەکارهێنانی کرێمەکانی تەڕکردن و نەرمکردنەوە و زیندووکردنەوەی خانەکانی پێست، دواتر دەتوانیت ڕێکارەکانی جوانکاری بۆ پێستت وەربگریت وەك: ئامادەکردنی ماسکەکان، لە کەرەستەی ئاسایی و بە ڕێگەیەکی سادە دەتوانیت دروستیان بکەیت، دەتوانی لیمۆ و شیر تێکەڵ بکەیت، بۆ کرانەوەی ڕەنگی پێست، بە تێکەڵکردنی کەوچکێکی گەورەی شیری شل، لەگەڵ کەوچێك هەنگوین و لیمۆیەك، دواتر وەك گیراوەیەك بیکە بە ماسك و لە ڕوخسارتی بدە بۆ ماوەی ٢٠ خولەك. گیراوەی دووەم، پەتاتەیەك پاك بکە و دواتر بیکە بە پارچەی بچووك و لە عەسارەی بدە، پاشان وەك گیراوەیەك لە پێستتی بدە. گیراوەی سێیەم، دوو کەوچك لە کەرە بهێنە، دوو کەوچك هەنگوینی لەگەڵدا تێکەڵ بکە، تاوەکو دەبێتە هەویرێکی شل، بۆ ماوەی (١٥) خولەك وەك ماسك لە ڕوخسارتی بەکاربدە.


# ستایلی خشڵەکان بەپێی سەردەمی کلاسیک هەڵبژێرە



خشڵەکان هەر یەکە لە سەردەمێکدا دەرکەوتوون، بەم چەشنە بوونەتە مۆدێکی کلاسیک، کە هەر یەکێکیان بەپێی شێوە و نەخش و جۆرەکانی ئێکسسوارەکان بۆ چەند سەردەمێك پۆلێن دەکرێن، کاتێك شارەزای پۆلێنەکانیان بیت، ئەو کاتە بە ئاسانی دەتوانی جۆرەکەی خۆت دەستنیشان بکەیت، خشڵەکانی سەردەمی یەکەم لە نێوان ساڵانی (١٨٣٦ تا ١٩٠١) بە مۆدی کریستاڵەکان ناسراون، یان ئەو ئێکسسوارانەی ڕەنگیان ڕوون و سپییە، هەروەها ئەو ئێکسسوارانەی شێوەی گوڵیان پێوە دیارە. سەردەمی دووەم بریتییە لە (١٨٩٠ تا ١٩١٩)، گوزارشت لە ئێکسسوارەکانی شێوە ورد و بچووك دەکات، کە بۆ دەرچوون و دەوامی فەرمی گونجاون. ستایلی ئێدواردی کە لە ساڵانی (١٩٠١ تا ١٩٢٠) دەگرێت، بریتییە لەو ئێکسسوارانەی کە تێکەڵن و چەندین شێوە لە خۆ دەگرن، بۆ ئاهەنگ و بۆنەکان دەپۆشرێن و لە ڕەنگەکانی سپی و ڕەشن. ستایلی (ئارت دیکۆ)ی (١٩٢٠ تا ١٩٣٥) بریتییە لە جۆرەکانی بەرد و یاقووت و ئەڵماس، کە بۆ زەماوەند و هاوسەری بەکاردێت. ستایلی ئەلریترۆ، باس لە ستایلی ساڵانی (١٩٣٥ تا ١٩٥٠) دەکات کە بریتییە لە ئێکسسواری شێوەی میدالیا و بەردی گەورە و موورو و مەرجانی نێو دەریاکان.

# شێواز و ئەتەکێتی بەکارهێنانی مۆبایل





ئامێرەکانی پەیوەندی لە ئێستادا بوونەتە کەرەستەیەکی گرنگ و پێویست لە ژیانی ڕۆژانەدا، تەنانەت وەك خشڵ و ئێکسسوارێکی دەستی لێ هاتووە، وەك چۆن بازن و دەسبەند و ملوانکەکان گرنگن، بەم چەشنەش مۆبایلەکەت بکە خشڵێکی ڕازاوە، هەڵبژاردنی جۆری ئامێرەکەت بەپێی خواستی خۆتە، بەڵام دواتر پێویستە کاری ڕازاندنەوە و ناسك بوونی بۆ بکەیت، وەك دانانی کەڤەرێکی کە ڕەنگەکەی گوزارشت لە شێوازێکی کچانە بکات، هەروەها وردە خشڵی بچووکی وەك قردێلە و مووروی بۆ ببەستە، بە مەرجێك هێندە قەرەباڵغ نەبێت وە کە کەسێکی هەرزەکار دەر بکەویت، تۆنێکی ڕێك و ناسك بۆ زەنگی مۆبایلەکەت دابنێ، کە منداڵانە نەبێت، ئەگەر لە نێو کۆمەڵێك کەس یان لە میوانیدا بوویت، هێندە مۆبایل بەکارمەهێنە کە ئاگات لە دەوروبەرت نەمێنێت، بەڵام کاتێك تەنیا بوویت بە ئارەزووی خۆت کاری لەسەر بکە، کاتێك کەسانێك لە دەوروبەرت خەوتبوون یان کە پشوو وەردەگرن، دەنگی مۆبایلەکەت کەم بکەرەوە با نەبێتە هۆی بێزاریان، لە کاتی پەیوەندیکردن یان نامە گۆڕینەوە، بە شێوازێکی فەرمی و بە سڵاو دەست پێ بکە، کاتێك باسی بابەتێك دەکەیت، بە کورتی و سادەیی بڕۆ سەر بابەتەکە، با پەیوەندییەکانت درێژە نەکێشیت تاوەکو کەسی بەرامبەر بێزار نەبێت، پۆستی جوان و پڕ مانا و سناپ و ستریکی ڕۆژانەی جوانی خۆت بکە، کە مانای گەشبینی و خۆشی ببەخشێت، ئامێرەکانی مۆبایل بۆ کێشە و شەڕکردن و هەڕەشەکردن بەکارمەهێنە، کاتێك پەیوەندیت بە کەسێکەوە کرد، وەڵامی نەدایەوە لەسەر یەك تەلیفۆن یان نامە مەنێرەوە، ڕەنگە مەجالی نەبێت وەڵام بدات، کاتێك خۆت دەرفەتی وەڵامت نەبوو، دەتوانی بە نامە ئاگاداری کەسی بەرامبەر بکەیتەوە.





## قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی سوارچاکی


لە گوندێکی وڵاتی فەڕەنسا قوتابخانەیەکی تایبەتیان بۆ فێربوونی سوارچاکیی ئاژەڵی خۆماڵی دروست کردووە، قوتابخانەیەکە لەلایەن کۆمەڵەی جووتیارانی ئەو وڵاتەوە کراوەتەوە، دەکەوێتە گوندی (ڤلینوۆڤ سور لۆت) سەر بە هەرێمی (لۆت ئی گارۆن) کە دەکەوێتە باشووری ئەو وڵاتە، لەم قوتابخانەیەدا چەندین ئاستی فێربوون هەن، کە دابەش کراون بەسەر چەندین خولی جیاوازدا، هەر خولێك (١٣) ڕۆژە، تا بە تەواوی فێری سواری و کۆنترۆڵکردنی ئاژەڵان دەبیت پاشان ڕێگەت پێ دەدرێت سواری ئەو ئاژەڵانە ببیت، سەرەتا خولەکە بۆ ئەو کەسانە بوو کە خاوەن کێڵگە و کاری ئاژەڵداری بوون، بەڵام دواتر هەواداران و خەڵکی ئاسایی بەشدارییان لە خولەکانی فێربوونی کۆنترۆڵکردنی ئاژەڵاندا کرد.


## هوتێل و پاسێکی دوو نهۆمی

کردنی پاسەکان بە هوتێل، یەکێکە لە بیرۆکەکانی ئافرەتێکی بەریتانی بە ناوی (سوزان وایت) کە تەمەنی (٥٣) ساڵە و لەگەڵ هاوسەرەکەی بە ناوی (فیلیب)، بوون بە خاوەنی سەیرترین هوتێل، کە هوتێلەکەیان بریتییە لە پاسێکی دوو نهۆمی، بیرۆکەکەیان بەم جۆرە بوو: کاتێك پاسێکی دوو نهۆمیی کۆنی مۆدێل (١٩٦٩)یان دۆزییەوە، بیریان بۆ ئەوە چوو کە بیکەن بە هوتێلێك، دوای تێچووی (٨٠) هەزار دۆلار، ئێستا پاسەکە بووەتە هوتێلێکی ناوازە، هەموو کەسێك دەتوانێت لە نێو ئەو پاسەدا بخەوێت و گەشتێکیش بکات، نرخی مانەوەی هەر شەوێك لە نێو ئەو پاسەدا (٤٠٠) یۆرییە.








# گوڵە نێرگز لە جوانی و جەماوەردا لە لووتکەدایە

لەمەودوا گوڵە نێرگزە بۆنخۆش و ڕەنگ سپی و زەردە ناسکەکان، لە کێو و چیاکان و دەشت و دەری کوردستان دەبینرێن، گوڵ فرۆشانیش خواستێکی تایبەت لە گوڵچنینان داوا دەکەن، کە دەستە و باقە گوڵە نێرگزیان بۆ بهێنن، تا بە هەوادارانیان پێشکەش بکە، گوڵە نێرگز ئەگەرچی لە کوردستان گەشە دەکات، بەڵام ناوی (نێرگز) وشەیەکی کوردی نییە، بەڵکوو بەئەسڵ وشەیەکی کۆنی یۆنانییە و ناوی زانستی Narcissus، کە لە خێزانی ڕووەکی Amaryllidaceae، هەروەها چەندین ناوی دیکەی هەیە، بەرزیی باڵای ئەو گوڵە دەگاتە ٥ بۆ ١٠٠ سەنتیمەتر، لە وەرزی بەهاردا خۆڕسکانە دەڕوێت و لە دوو ڕەنگی سەرەکی سپی و زەرد گەشە دەکات، گەڵاکانی ماددەی ژەهراوییان تێدایە، بۆیە چەندین گیاندار و باڵندە ناتوانن بیخۆن، زیاتر لە ١٣ هەزار جۆری هەیە، لە ڕێگەی ڕەگەزەوە گەشە دەکات کە بە ناوك یان بە ڕێگەی جیاکەرەوەی قەدەکانە، لە ڕۆمانەکاندا ناوی بەم چەشنە هاتووە، کە گەنجێکی بەریتانی جوان، بەو ناوە، کاتێك شێوەی خۆی لە نێو نافووریەکی ئاودا بینیوە و وای زانیوە کە شاجوانی دەریای بینیوە، بەم چەشنە خۆی هەڵداوەتە نێو ئاوەکە و خنکاوە، دواتر شاجوانانی دەریا هاتوون و جەستەیان بڵاوە کردووەتەوە و لەو شوێنە ئەو گوڵە ڕواوە، ئەوانیش بەو ناوەیان ناساندووە، هەروەها یۆنانییەکانیش دەڵێن، بۆنەکەی هێندە ئارامبەخشە وەك بەنج وایە، لە بابەتە ئەدەبیەکانیشدا دەگوترێت ناوەکەی لە داستانێکی ئەفسانەییەوە هاتووە: نێرگز، لە ناوی کچێکی یۆنانییەوە هاتووە بەناوی (نێرگزیس)، نێرگزیس کچێك بووە، کە لەخۆبایی و بە بەردەوامی خۆی بە شۆخ و شەنگ و شاجوان زانیوە، زۆر گرنگی بە جوانییەکەی خۆی داوە و زۆر گرنگی بە پاکڕاگرتن دوە، ئەم کچە لەگەڵ ئەوەی جوانیش بووە، بەڵام لەخۆباییەکەی زیاد لە پێویست بووە، تا وەهای لێ هاتووە کە بڵێت: هیچ کچێك لەم دنیایەدا لە من شۆخوشەنگتر و جوانتر نییە، من جوانترینی دنیام، ئەو سەردەمەش بەشێوەیەك بووە، کە ئاوێنە نەبووە تاوەکوو خۆی ببینێت، بۆیە هەموو ڕۆژێك دەچووە سەر ڕووبار و کانیاوەکان، وە لە ڕەنگدانەوەی ئاوەکەدا دەموچاوی خۆی دەدیتەوە، تا وەهای لێ هاتبوو ڕۆژ نەدەما نەچێتە سەر ڕوبارەکە، ڕۆژێکیان چووە سەر لێوی ڕووبارەکە، لەوێ ڕاستەوخۆ قاچەکانی دەخلیسکێت و دەکەوێتە ناو ئاوەکە، ڕاستەوخۆ لەناو ئاوەکەدا دەخنکێت، هەر لەو دەمەشەوە ئەفسانەیەك پەیدابوو کە دەڵێت: گوڵی نێرگز لە دەم ڕووبارەکانەوە گەشە دەکات و شین دەبێت.






# فیلم



## جۆن ویك بەشی چوارەم
## John Wick: Chapter 4

یەكێكـە لـە زنجیـرە فیلمەكانـی جـۆن ویـك، كـە لـە هـەر سـێ بەشـەكەی پێشـوودا سـەركەوتنێكی گـەورەی بەدەسـت هێنـاوە، ئـەم جارەیـان فیلمێكـی پـڕ ئەكشـن و جووڵـەی سـەیر و جۆراوجـۆر لـە سـاڵی تـازەدا بەرهـەم هێنـراوە، بـاس لـە بەرزبوونـەوەی كێشـەكان دەكات، كـە جۆن ویك بـە كارامەیی بەرەنگاری ئـەو كەسانە دەبێتـەوە كـە كێشـە و گرفتەكانیـان بـڵاو كردووەتـەوە، مـاوەی فیلمەكـە دوو كاتژمێـر و ٤٩ خولەكـە، لـە دەرهێنانـی چـاد ستاهیلسـكی، لـە نووسـینی دان لاوسـتێن، لـە نواندنی (كیانۆ ڕیڤز، دانـی یـەن، سكۆت ئەدكینز، بیـل سكارسـگارد، ئاسـیا كەیـد دیلـۆن، لان مەشاین)ـە.

# کاریکاتێر




باس لە گرانیی كەرەستەكان دەكات، لەو كاتەی كە داشكانی بۆ كراوە، یان لە شوێنێكی بەناوبانگ دانراوە، بەمەش خەڵك پێیان وایە، ئەگەر كەرەستەیەك نرخی گرانتر بێت، باشترە، كەچی هەمان كەرەستەیە و تەنیا نرخەكەی زیاد كراوە.




# کتێب

## ڤێلا - The Villa

كتێبێكی تازەیە بە شێوەی ڕۆمان لەلایەن كچە نووسەری ئەمریكی ڕەیچیڵ هاوكێنزەوە نووسراوە، كە لەدایكبووی ساڵی ١٩٧٩ی شاری ڤیریجینیای ئەمریكایە، ئێستا لە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز دەنووسێت، باس لە ڤێلایەك لە وڵاتی ئیتاڵیا دەكات، كە مێژوویەكی ڕەشی هەیە، دوو كچ بە ناوی لوسی و ڕۆت، كە یادگاریی منداڵییان لەو شوێنەدا هەبووە، دوای ئەوەی دەبن بە ٣٠ ساڵ، كە دەیانەوێت ژیانی گەورەبوونیان لەو ڤێلایەدا ببەنە سەر، كتێبەكە لە مانگی یەكی ئەمساڵ بڵاوبووەتەوە.

# یاسا



## چۆنیەتی ئەنجامدانی مامەڵەی گواستنەوەی خاوەندارییەتی موڵك

ئەگـەر وەرگرتنـی وێنـەی تۆمـاری خانوەكـە لـە دائیـرەی تاپـۆ، یـان كـە لـەلای فرۆشـیار بـوو لێـی وەربگرێت، وەرگرتنی ئیستمارە لە دائیـرەی تاپـۆ یان لای عەریـزە نووسـەكان، پاشان پڕكردنـەوەی ئیسـتمارەكە بـە گوێـرەی وێنـەی تۆمـاری موڵكەكـە، دانانـی مامەڵەكـە لـە تاپـۆ بـۆ كەشف و لیژنـەی كەشف دەچێت، بۆ خەملاندنی موڵكەكە، وەك لایەنی شكڵی نرخێك دادەنێن كە نرخی موڵكەكـە دەبێت بـە نزیكیـی نرخـی بـازاڕ و، مـەرج نییـە نرخـی ڕاسـتەقینەی موڵكەكـە بێت، ئینجا بردنـی ئـەو ئیستمارەو و وێنـەی تۆمـارە و وەكالەتەكە ئەگـەر هەبوو، بۆ دائیـرەی ئـاو و كارەبـا، بـۆ ئـەوەی مـۆری لـێ بـدەن كـە فرۆشـیار یـان كڕیـار ئەسـتۆی پاكـە و قـەرزدار نییـە، خـۆ ئەگـەر قـەرزداری ئـاو و كارەبـا بـوو، ئەگـەر پارەكـە نـەدات ئیشـەكەی بـۆ ناكرێت، ئینجا بردنـی بـۆ فەرمانگـەی باجی خانوبـەرە بەهەمـان شـێوەی خاڵـی سـێ بـۆ ئەسـتۆپاكی، پاشـان سـەردانیكردنی شارەوانی بـۆ بەشـی هونـەری و زەویـوزار بـۆ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی و مۆرلێدان، دواتـر لیژنەكـە موڵكەكـە دەخەملێنێت، گریمان ئەلێ ١٥ ملیۆن، ئەبێت بۆ هـەر یـەك ملیۆن ٣٠ هـەزار بدەیت. وەك ڕسـوماتی تاپـۆ، پاشـان دەچێت بۆ زەڕیبـەی دەخل لەوێـش بـۆ هـەر ملیونیـك ٥ هـەزارت لـێ وەردەگـرن، لەوێشـەوە بـۆ دائیـرەی تاپـۆ، لێـرەدا ئیشـەكت تـەواو دەبێت و دوای مانگێك بۆ دوو مانـگ، دەتوانیـت تاپۆكـە وەربگریتـەوە، ئـەوە بـۆ ئەوەیـە كـە موڵكەكـە بەنـاوی كەسـێكەوەیە و ئەتەوێـت تاپۆكـە بگوازرێتـەوە بـۆ سـەر كەسـێكی دیكـە.

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگـەر بەشـێوەیەكی ئـارام مامەڵەیـان لەگەڵـدا بكەیـت، پەیوەندیـت لەگـەڵ هاوپیشـەكانت بەهێـز دەبێـت، لەگـەڵ خۆشەویسـتەكەت دەربـارەی ئـەو بابەتانـە بـدوێ كـە دەتەوێـت بـۆت ڕوون ببێتـەوە و چارەسـەریان بكەیـت، بـەڵام بەشـێوەیەكی هێمـن، بـۆ ئـەوەی توشـی دڵەڕاوكـێ نەبیـت، لەخۆتـەوە بڕیـار مـەدە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەلایـەن بەرپرسـەكانتەوە تواناكانـت بـەرز دەنرخێندرێت و دەتوانیـت سـوود لـە چانسـە بچوكـەكان وەربگریـت، لەگـەڵ خۆشەویسـتەكەت هـەوڵ بـدە ڕاسـتگۆیانە بدوێیت، چونكـە بەپێچەوانـەوە زیانـی هەیـە، پەیوەندیت لەگـەڵ ئـەو كەسـانەدا بەهێـز بكـە ئەزموونـی پیشـەییان لـە تـۆ زیاتـرە.

### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

ناكۆكـی لـە نێـوان تـۆ و هاوپیشـەكانتدا ڕوو دەدات، بـەڵام كاتییـە و دەبێـت هـەوڵ بدەیـت ئاسـایی ببێتـەوە، گرنگـە هـەوڵ بدەیـت پەیوەندیـت لەگـەڵ خۆشەویسـتەكەت یـان هاوبەشـی ژیانـت باشـتر بكەیـت، خـۆت بـەدوور بگـرە لـە هـەر هۆكارێـك كـە تەندرووسـتیت تێـك دەدات، وەك جگـەرە و مـادە كحولییـەكان.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئـەم ماوەیـە بارودۆخەكـە ئارامـە، بـەڵام دەبێـت باشـتر بەدواداچـوون بكەیـت بـۆ هەنگاوەكانـت، پەیوەندیـی نێـوان خـۆت و خۆشەویسـتەكەت ئاسـایی دەبێتـەوە پـاش ماوەیەكـی زۆر لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی كێشـەكان، كاتێكـی گونجـاوە بـۆ ئـەوەی پەیوەندییـە كۆمەڵایەتییەكانـت پتەوتـر بكەیـت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەرگیـز بـە پەلـە و لەخۆتـەوە بڕیـار مـەدە، پێویسـتە بـە تـەواوی دڵنیـا ببیتـەوە لـە جـۆر و چۆنێتیـی كارەكان، تـا تووشـی هەڵـە نەبیـت، بـۆ ئـەوەی لەلایەنـی سـۆزدارییەوە سـەركەوتن بەدەسـت بهێنیـت، دەبێـت قوربانـی بدەیـت، ڕەنگـە تەندروسـتیت بـاش نەبێـت و هەسـت بـە شـەكەتی بكەیـت، بـەڵام گرنگـە خـۆت فەرامـۆش نەكەیـت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

چانسـت هەیـە بـۆ ئـەوەی زیاتـر فێـر ببیـت و ئەزموونـی زیاتـرت هەبێـت، لەگـەل خۆشەویسـتەكەت كـۆ دەبیتـەوە و پەیوەندیتـان بەهێزتـر دەبێـت، پێویسـتە ئـەوە بزانیـت كـە ئەنجامدانـی كارەكانـت بـە هەڵەشـەیی، كاریگەیـی خراپـی لـێ دەكەوێتـەوە، بۆیـە پێویسـتە وریـا بیـت.




## بۆ زانیاریت

# ژمێرەری RPM



ئەركی ژمێرەری RPM بریتییە لە پێوانەكردنی ژمارەی سوڕانەوەكانی بزوێنەر، یان كرانكشافت لە خولەكێكدا و، وەك دەزانرێت بزوێنەری ئۆتۆمبێل بەپێی بڕی سووتەمەنی كە دەچێتە ژوورەكانی سووتانەوە، ڕێژەی سوڕانەوەیان زیاد و كەم دەكاتەوە، واتە بەپێی ئاستی ڕۆیشتنەكەت لەسەر پێداڵی خێراكەر، تا پێداڵەكە بەهێزتر بێت ڕێژەی سووتەمەنی زیاتر دەبێت ناوەوەی بزوێنەرەكە گەورەترە و، بەو هۆیەوە ژمارەی سوڕانەوەكان زیاترە، بۆیە ژمێرەری RPM ئەوەیە كە ژمارەی سوڕانەوەكانی بزوێنەر بە شۆفێر دەڵێت لە خولەكێكداو، ژمارەكانی ناو ژمێرەكە هەمیشە بە ١٠٠٠ پێوانە دەكرێت، واتە كاتێك ئاماژەدەری ژمێرەری RPM دەگاتە ژمارە چوار، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە بزوێنەرەكە بە ڕێژەی چوار هەزار خول لە خولەكێكدا دەسوڕێتەوە، لە ڕێگەی ژمێرەری RPM دەتوانین بیرۆكەیەك لە كارایی بزوێنەرەكە بەدەست بهێنین، هەروەها لەو ڕێگەیەوە دەتوانین بزوێنەری ئۆتۆمبێلەكە بپارێزین، وەك لە وێنەی خوارەوەدا دەبینیت ژمێرەری RPM ژمارەی لە ٠ تا ٨ هەیە، و تێبینی دەكەین كە لە ژمارە ٦ لە كەوانتەری RPM دەبینین بە ڕەنگی سوور دەورە دراوە و پێی دەوترێت ئەم ناوچەیەی ناوچەی سوورە، ئەم ناوچەیە ئەگەر میلی ژمێرەرەكە نەگات پێیان، بزوێنەری ئۆتۆمبێلەكەت سەلامەتە، چونكە لە ئۆتۆمبێلە ئاساییەكاندا ئامۆژگارییە بۆ لێخوڕینی لە خولەكانی ناوەڕاستی بزوێنەرەكەدا، ئەمەش بۆ ئەوەیە كە لە دۆخێكی باشدا بۆ ماوەیەكی درێژتر و بە ڕێژەیەكی گونجاو و ئایدیاڵی بەكارهێنانی سووتەمەنی بمێنێتەوە.




## پەند و وتە

ماری كای ئاش، خانمە بیزنیسمانی ئەمریكییە، دۆزەرەوەی بۆنەكانی (ماری كای)ـە كە خاوەنی ٩٨ ملیۆن دۆلار بووە لە ڕێگەی كاری داهێنان لە بۆنەكانەوە، لە ساڵی ١٩١٨ لە تێكساس لە دایكبووە و لە ساڵی ٢٠٠١ كۆچی دوایی كردوو، دەربارەی ئامانجەكان لە ژیاندا دەڵێ: «بەهۆی نەبوونی ئامانج و داهاتووی خۆمان تاوەكو ژیانمان پێوەی پێش بكەوێت، ئەو لایەنەمان لە بیر كردووە كە لە ئێستادا هێندە بە دڵسۆزییەوە خەریكی بەڕێكردنی ژیانێكی ڕۆژانەی ئاسایی و بێ مانایین، ئامانج و داهاتوومان لەبیر كردووە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا، چوار پەرداخ ئاو هەیە، هەر پەرداخێك كەرەستەیەكی تیادایە، بەپێی زیرەكیی خۆت لە ماوەی ٣٠ چركەدا بزانە كام پەرداخ زۆرترین ڕێژەی ئاوی تێدایە.



# بەبێ قاچ گەشتی ١١٧ وڵاتی كردووە

لەدەستدانی بەشێكی جەستە نابێتە ڕێگری لە گەشت و ژیانی ڕۆژانە، وەك ئەو ئافرەتە كە ناوی ڕینی برونس، كە لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە توانای ڕۆیشتنی لەدەست داوە و خاوەن پێداویستیی تایبەتە، توانیویەتی گەشت بكات بۆ ١١٧ وڵاتی جیهان، بەمەش وەك یەكەم كەس كە خاوەن پێداویستی تایبەتە و بە تەنیا گەشتی بۆ زۆرترین وڵات كردووە، ناوی لە كتێبی گینێس بۆ ڕیكۆردە جیهانییەكاندا تۆمار كرا،وەك خۆی دەڵێت: «كەمئەندامبوونم من ڕاناگرێت لەوەی كە گەشت بكەم بە جیهاندا، ئامانجم ئەوەیە كە وڵاتی زیاتر بگەڕێم».



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

باشترە كارەكانت ڕێك بخەیتەوە و لەگەڵ كاتەكانت بیگونجێنیت، بۆ ئەوەی سەركەوتن بەدەست بهێنیت، پێویستە لەگەڵ هاوبەش و خۆشەویستی ژیانت دەربارەی ئەو بابەتانەی گفتوگۆی لەسەر دەكەیت، جیاوازی بكەیت لە نێوانی كاتی گونجاو و نەگونجاو، بۆ ئەوەی لەوروی دەروونییەوە ئارام ببیتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە هەموو ئەو كێشە و قورساییانە ڕزگارت دەبێت و هەنگاوی گەورە دەنێیت، بەهۆی بایەخدانی بە تۆ و بەكارهێنانی وشەی جوان، لەگەڵ خۆشەویستەكەت هەست بە ئاسوودەیی دەكەیت، ئەم چەند ڕۆژە نیگەرانی ڕووداوەكانیت، پێویست دەكات هێندە بیرنەكەیتەوە و پشوو بە دەروونت بدەیت.

### كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

چانس و هەلی باشت دێتەپێش، ئەمەش وا دەكات دەرگات بۆ بكرێتەوە تا لە داهاتوودا هەنگاوی باش بنێیت، بەخشینی سۆز و پشتیوانیی خۆشەویستەكەت، وا دەكات زیاتر پەیوەست بیت بە خۆشەویستەكەتەوە، هەوڵ بدە كاتەكانت لەگەڵ ئەو كەسانە بەسەر ببە، كە خۆشت دەوێن.

### گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩


بارودۆخەكە لە بەرژەوەندیی تۆ دەبێت، ڕەنگە هەندێك بەربەستیش هەبێت، بەڵام كاتییە، هەرگیز ڕێگەمەدە بارودۆخی كارەكەت كاریگەریی لەسەر ڕەفتارەكانت هەبێت، هەمیشە ئارامیی خۆت بپارێزە، لەلایەنی دەروونییەوە بەهۆی بیركردنەوەی زیاد لە پێویست هەست بە ماندووبوونی زۆر دەكەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢


گۆڕانكاریی گەورە ڕوو دەدات لە ئاستی كارەكەت، هەنگاو بەرەو ئامانجەكانت دەنێیت، كاتێكی ڕۆمانسی و خۆش لەگەڵ خۆشەویست و هاوبەشی ژیانت بەسەر دەبەیت، هەندێك كەس دەیانەوێت دەست وەربدەنە ناوژیانی تاكەكەسیتەوە، بەڵام پێویستە ڕێگرییان لێ بكەیت.

### دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١


توانا و ئەزموونێكی باش وا دەكات ڕووبەڕووی كێشەكانت و ڕووبەڕووی شكستەكان ببیتەوە، پەیوەندی سۆزداریت لە ئێستادا باش نییە و پێویستە لەو ڕۆتینە بچیتە دەرەوە، مەترسە لەوەی داوای یارمەتی لە هاوپیشەكانت بدەیت، هەمیشە هەوڵ بدە و بەردەوام بە لە ئەزموون وەرگرتن.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
March 13, 2023 Issue,No.1357


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626